# شێواز و پراگماتیک

سپیرێز

ڕێڤەبەرێ گشتی و
سەرنڤیسەر

مؤید طیب

مافێن چاپکرنێ د پاراستی نە
©

کوردستانا عیراقێ - دهۆک
ناڤێ مازی - جادا ئاشتی
ئاڤاهیێ سپیرێز

www.spirez.org
www.spirezpage.net

- **ژمارا وەشانێ:** (٣٩٧)
- **ناڤێ پەرتووکێ:** شێواز و پراگماتیك
- **نڤیسین:** پ. ی. د. عەبدولواحید موشیر دزەیی
- **تیپلێدان:** محمد عەبدولواحید
- **دەرهێنانا هونەری:** گوڤەند عەبدولکەریم ئیسماعیل
- **بەرگ:** **نەجمەدین بیری**
- **سەرپەرشتکارێ چاپێ:** شێروان ئەحمەد تەیب
- **چاپا:** **ئێکێ**
- **تیراژ:** (٧٥٠) دانە
- **ژمارا سپاردنێ ل پەرتوکخانا بەدرخانیان ل دهوك (٢٨٩٥) ل سالا ٢٠١٢**
- **چاپخانەیا: الروضة / ئیستەنبول**

دار سبيريز للطباعة والنشر
دهوك

SPIREZ PRESS & PUBLISHER
DUHOK

# شێواز و پراگماتیك

دانان:

پ. ی. د. عەبدولواحید موشیر دزەیی

2012

ئەم پەرتووکە بەشێکی لە وانەکانی خوێندنی باڵا پێکهاتووە کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٩ گووتوومەتەوە، بەشێکی تریشی سیمینارەکانی خۆمە کە لەکاتی خوێندنی ماستەر ساڵی ١٩٩٨ لە بابەتی شێواز دا کردوومە، لەگەڵ هەندێ زیادەکاری و ڕێکخستن.

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| **پێشەکی**........................................ | ٩ |
| **بەشی یەکەم**........................................ | ١١ |
| **شێواز چەمك و پێناسە و بنەماکانی**........................................ | ١٣ |
| ١- پێناسەی شێواز........................................ | ١٣ |
| ٢- جیاوازی نێوان شێواز و شێوازگەری و زانستی شێواز........................................ | ١٩ |
| ٣- گۆشە نیگاکانی شێواز........................................ | ٢١ |
| أ- گۆشە نیگای ئاخێوەر........................................ | ٢١ |
| ب- گۆشەنیگای وەرگر........................................ | ٢٣ |
| ج- گۆشە نیگای دەق........................................ | ٢٤ |
| ٤- چەمکی شێواز........................................ | ٢٧ |
| أ- شێواز وەك دەفری واتا........................................ | ٢٧ |
| ب- شێواز وەك لادان........................................ | ٢٧ |
| ج- شێواز وەك زمانحاڵی خاوەنەکەی........................................ | ٢٧ |
| د- شێواز وەك واتا........................................ | ٢٨ |
| هـ- شێواز وەك هەڵبژردنی چەمکی ئەرك........................................ | ٢٨ |
| ٥- جۆرەکانی شێواز........................................ | ٢٩ |
| أ- جۆرەکانی شێواز لای مارتی........................................ | ٢٩ |
| ب- جۆرەکانی شێواز لە ڕووی زانستییەوە........................................ | ٣٠ |
| أ- شێوازی ئەدەبی........................................ | ٣٠ |
| ب- شێوازی زانستی........................................ | ٣١ |

ج- شێوازی زانستی بە ئەدەبکراو........................ ٣٢
٦- هاتنەکایەی شێواز........................ ٣٤
٧- شێواز وەك زانستێکی سەربەخۆ........................ ٣٦
**بەشی دووەم**........................ ٤١
**بنەما و ڕێباز و هاوسێکانی شێواز**........................ ٤٣
١- بنەماکانی شێواز........................ ٤٣
أ- هەڵبژاردن........................ ٤٥
ب- لادان........................ ٤٦
ج- دارشتن........................ ٤٦
٢- ڕێبازەکانی شێواز........................ ٤٨
أ- شێوازی دەربڕین (بالی)........................ ٤٨
ب- شێوازی دەروونی (لیوسبیتز)........................ ٥١
ج- شێوازی ڕۆنانکاری........................ ٥٣
د- شێوازی ئاماری........................ ٥٦
ه- شێوازی بازنەی فیلۆلۆجی........................ ٥٧
و- شێوازی ئەرکی (لادان)........................ ٥٧
ز- شێوازی کاریگەری........................ ٥٩
ح- شێوازی دەنگی........................ ٦٠
٣- شێواز و هاوسێکانی........................ ٦١
أ- شێواز و ڕەوانبێژی........................ ٦١
ب- شێواز و ڕەخنەی ئەدەبی........................ ٦٣
ج- شێواز و زمانەوانی........................ ٦٤

**بەشی سێیەم**........................................ ٧٣
**شێواز لە چوارچێوەی زماندا**........................................ ٧٥
١- شێواز و داهێنان........................................ ٧٥
٢- شێواز و پراگماتیك........................................ ٧٨
أ- شێواز لە نێوان توانست و چالاكیدا........................................ ٧٨
ب- شێواز و پێكهاتە پراگماتیكییەكان........................................ ٨٣
ج- بنەما پراگماتیكەكان لە شێواز دا........................................ ٨٨
د- جیاوازی و تێكچڕژان لە نێوان (ڕەوانبێژی، شێواز، پراگماتیك)... ٩١
**بەشی چوارەم**........................................ ٩٥
**شێواز و شیكردنەوەی دەقی ئەدەبی**........................................ ٩٧
١- دەق لە نێوان خوێندنەوە و شیكردنەوەدا........................................ ٩٨
أ- دەق........................................ ٩٨
ب- شیكردنەوەی دەق........................................ ٩٩
ج- خوێندنەوەی دەق........................................ ٩٩
٢- ئاستەكانی شیكردنەوەی دەق........................................ ١٠١
یەكەم: شیكردنەوەی (واتا) دەستنیشانكردنی بیرۆكە........................................ ١٠١
دووەم: پێوانەی هەست و سۆز........................................ ١٠٢
سێیەم: پێوانەی شێواز........................................ ١٠٤
چوارەم: هەڵسەنگاندن و بڕیاردان........................................ ١٠٧
**بەشی پێنجەم**........................................ ١٠٩
**لادان و شێواز**........................................ ١١١
١- پێناسەی لادان........................................ ١١١

٢- هۆیەکانی سەرهەڵدانی لادان لە شێوازدا.................... ١١٢
٣- ئەرکی لادان.................................... ١١٣
٤- جۆرەکانی لادان.................................. ١١٤
أ- لادان لای کۆهین................................. ١١٥
١- لادانی گۆڕینەوە................................. ١١٥
٢- لادانی رۆنانی.................................. ١١٥
ب- لادان لای لیچ.................................. ١١٦
a- لادانی زمانی.................................. ١١٦
b- لادانی رێزمانی................................. ١١٦
c- لادانی دەنگی.................................. ١١٧
d- لادانی نووسین.................................. ١١٨
e- لادانی واتایی.................................. ١١٨
f- لادانی شێوەزاری................................ ١٢٨
g- لادانی شێوازی................................. ١٢٨
h- لادانی کاتی.................................... ١٢٩
i- لادانی لۆجیکی.................................. ١٢٩
**سەرچاوەکان**..................................... ١٣١

# پێشەکی

شێواز رێکخستن و رێگاکانی دەربرینی بیر و جولاندنەوەیەتی لەناو دەقدا تا بە رازاوەترین شێوە بەرهەمی داهێنراو دروست بکات، شێواز وەك رێبازێکی

رەخنەیی لە سەدەی نۆزدەم دەرکەوت و لە سەدەی بیستەمیش بە شێوەیەکی وردتر چەسپا، لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوە زمانییەکان بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی سۆسێر، زۆر جار لە ژیانی رۆژانەماندا لە هەندێ دەبرین رازین و لە هەندێکیان نارازین رەنگە هەمان واتاش بدات، بەڵام زۆر جار قورس لەسەرمان دەکەوێت، مرۆڤ بۆ گەیاندنی پەیام و بیرۆکەکەی پەنا بۆ زۆر رێگا دەبات ئەو رێگایەی کورت و کاریگەر و رازیکەرە ئەوە پێی دەگوترێت شێواز، چونکە لە خۆوە نەهاتووە، بەڵکو شارەزایی و لێهاتوویی دەوێت.

شێواز وەنەبێت تەنها بۆ کاری ئەدەبی پێویست بێت بەڵکو پێویستییەکی گرنگی رۆژانەی مرۆڤە هەر لە ناوەندی خێزانەوە بگرە تا قوتابخانە و زانکۆ و دادگا و بەشداریکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان... هتد. پێویستمان بە شێوازێکی گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و جێگا خۆشکردن لە ناو کۆمەڵ ودوورکەوتنەوە لە کێشە، بە تایبەتیش لەم سەردەمەی ئێستادا کە سەردەمی گفتوگۆ و دیالۆگە. ئەمانە هەمووی بوونە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم پەرتووکە بە چاپ بگەیەنم بە ئومێدی ئەوەی بێتە مایەی سوودبەخشین بۆ ئارەزوومەندان و خوێنەرانی.

***دانەر***

Dr.Abdulwahiddezaye@yahoo.com

# بەشی یەکەم

## شێواز چەمك و پێناسە و بنەماکانی

# شێواز چەمك و پێناسە و بنەماكانی:

## ١- پێناسەی شێواز:

زاراوەی ستایل Style داتاشراوی وشەی Stylus لاتینیە و بەواتای دەرزی چاپ دێت و ئامێرێك بوو كە مۆمیان پێ ئەژمار دەكرد و بەم ئامێرە لەسەریان دەنووسی[١]، شێواز Stylistic زانستێكی نوێیە لە ئەنجامی گەشەی هەرسێ زانستی رەخنە و رەوانبێژی و زمان هاتۆتە ئاراوە[٢] بە تایبەتیش لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان[٣] تێڕاونینی جیاجیا بۆ شێواز هەیە لە رووی چەمكەوە بۆ نموونە:

- دەروونناس پێی وایە رەوشتە.
- رەوانبێژ پێی وایە قسەكەرە.
- زمانەوانی پێی وایە زمانە.
- فیلۆلۆجی زمان پێی وایە شتێكی شاراوەیە لە زمان.
- نووسەری ئەدەب پێی وایە تاكە.
- فەیلەسوفان پێیان وایە قسەكەری شاراوەیە[٤].

زمانەوانە عەرەب و بیانییەكان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ شێوازكردووە:

### أ- عەرەبەكان:

#### ١- ئەحمەد شایب:

پێناسەی جۆراوجۆری بۆ شێوازكردووە، كە لە سێ تەوەرەدا دەخولێتەوە (هونەری ئاخاوتن، شێوەی نووسین، وێنەی وشەیی)، كە واتای پێدەردەبرین[٥]. تێبینی دەكرێت ئەم پێناسەیە هونەر و رێگا و وێنە كۆدەكاتەوە، ئەم

(١) Sebeak Thomas Ed:-:102.
(٢) إبراهيم عبدالله عبدالجواد: ١٩٩٤: ٢١
(٣) أحمد درويش: ١٩٨٤: ٦١
(٤) فيلي ساندريس: ٢٠٠٣: ٢٦
(٥) يوسف أبو العدوس: ٢٦: ١٤٢٧

بنەمایانەش هاوبەش و ئاوێتەی سێ بنەمای تر دەبێت کە بریتین، سەرچاوەی ئەدەب و وەرگر و خودی ئەدەبە[١].

- هونەری ئاخاوتنە جا چ چیرۆك بێت یان گفتوگۆ یان لێکچواندن و خوازە بێت بە شێوەیەکی نووسراو یان راپۆرتی ...هتد.[٢]
- رێگاکانی نووسین یا دارشتنە یان هەڵبژاردنی وشەیە بۆ دەربرینی مەبەست و کاریگەری دروستکردن.
- وێنەیەکی وشەییە بۆ دەربرینی بیرورا و ئەندێشە یان دەربرینێکی رێکە بۆ گەیاندنی واتا[٣].

**٢- عەبدولسەلام مەسەدی:**

پێناسەی شێوازی کردووە لە سێ تەوەرەوە دا، ئاخێوەر: خاوەنی ئەدەب، وەرگر: خوێنەری ئەدەب، گوتار: دەقی ئەدەبی، پێناسەکانی کاریگەری رۆژئاواییەکانی لەسەرە لە روانگەی زمانەوانی ئەدەبەوە دایرشتوون[٤]، پێی وایە زانستێکی ئەبستراکتە هەوڵدەدات لەرێگای رێبازێکی ئەقڵانی درك بە بابەتی بوونی لە بواری مرۆڤایەتی بکات و مۆرپەنجەی رەوشتی زمانی شێوەی جیاوازی ستوونی وەربگرێت[٥].

**٣- صلاح فضل:**

- شێواز میراتگری رەوانبێژییە[٦].
- بەشێکە لە زمانەوانی[٧].

**٤- فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییە هاوچەرخەکان:**

(١) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٤٠
(٢) هەمان سەرچاوە: ٤٠
(٣) عبدالقادر عبد الجليل: ١٤٢٢ه: ١١١
(٤) إبراهيم خليل: ٢٠٠٧: ٢٢
(٥) عبدالسلام المسدي: ١٩٧٧: ٣٣
(٦) صلاح فضل: ١٩٩٨: ١٤
(٧) نور الدين السد: ١٤٢٦: ١٤

- شێواز هۆیەکە بۆ دەربرینی بیر لە ڕێگای وشە و پێکهاتەکانی تر[١].

**٥- رجاء عيد:**

- شێواز بریتییە لە هەڵبژاردن لە نێو دەربڕینێکی هاوشان لە لایەن نووسەرەوە.
- دەرئەنجامی تایبەتمەندی خودی بەدوای یەکداهاتووە.
- لادانە لە شێوەی باو.
- کۆمەڵێك تایبەتمەندی تەواوکەری یەکترییە کە پێویستە لە دەقدا هەبێت[٢].

**٦- موندر عەیاشی:**

شێواز زانستێکە لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات لە چوارچێوەی گوتاردا، وەیا زانستێکە لێکۆڵینەوە لە گوتاردا دەکات بە دابەشکردنی لەسەر بنەمای ناسنامەی ڕەگەزەکان، هەربۆیەش ئەم زانستە چەند ئاستێك لە خۆوە دەگرێت لە رووی گرنگی و ئامانج[٣]، کەواتە دەتوانین بڵێین:

- شێواز تایبەتمەندییەکی هاوبەشە لە نێوان کۆمەڵێك دیاریدە لە زمان و لە ماوەیەکی دیاریکراو و ڕەگەزێکی ئەدەبی، بەمەش دەبێتە دەقێکی هونەری یان کارێکی تەشکیلی بە نوێنەرایەتی زمان.
- شێواز تایبەتمەندییەکی جیاواز و تاکە گوزارشت لە بار و دۆخی خود دەکات بە واتایەکی تر دەقێکە شێوازی تایبەتی نووسەرێك دەردەخات[٤].

**٧- نعمان بوقرە:**

شێواز بریتییە لەو ڕێگا دەربڕینەی، کە تایبەتن بە نووسەرێك یان گوتاربێژێك یان گروپێکی ئەدەبی .....هتد[٥].

**ب- ڕۆژئاواییەکان:**

---

(١) سعيد علوش:-: ١١٤
(٢) رجاء عيد: ١٩٩٣: ١٤
(٣) منذر عياشي: ٢٠٠٢: ٢٧
(٤) صلاح فضل: ٢٠٠٢: ٤٧٣ – ٤٧٤
(٥) نعمان بوقرة: ٨٤: ٢٠٠٩

رۆژئاواییەکان پێناسەی جۆراوجۆری شێوازیان کردووە، بۆ نموونە لە یەکێ بیبلۆگرافییەکان دەربارەی لێکۆڵینەوە شێوازییەکان لە بواری زمانە رۆمانییەکان ١٥٠٠ ناونیشانی هەیە[1]، توێژەرە رۆژئاواییەکان زیاتر لە ٣٠ پێناسەی جیاوازیان بۆ شێواز کردووە[2]، هەرچەندە زوربەی ئەم توێژەرانە خۆیان لە پێناسەکەی بە دوور دەگرن و بۆ خوێنەری لێدەگەرێن خۆی بەدەستی بێنێت[3] شێواز لای رۆژئاواییەکان لە وشەی Style ی لاتینی داتاشراوە کە بۆ نووسین بەکاریان دەهێنا[4]، لە ئینسیکلۆپیدیای Encyclopoedia Universalis فەرەنسی دا هاتووە دەتواندرێت دوو واتا و دوو ئەرك دەستنیشان بکەین:

١- ئامازەکردن بۆ سیستەمی هۆیەکان و یاساکانی کە پەیرەو دەکرێن یان دادەهێنرێن و لە یەکێ لە دانەرەکان بەکاردێت.

٢- تایبەتمەندییەکانی دیار دەکات.

لە ئینسیکلۆپیدیاکەدا هاتووە ئەگەر ئێمە گرنگیمان دا بە سیستەم و زاڵمان کرد بەسەر بەرهەم، ئەوا ئێمە پێناسەیەکی گشتگیر بە شێواز دەدەین و بەکاریدێنین بۆ کاری پۆلێنکردن و دەیکەینە یەکێك لە ئامرازەکانی گشتاندن و ئەگەر بە پێچەوانەش گرنگیمان بە سیستەم و نوێکردنەوە و خوێندنەوە دا، ئەوا شێواز بەرەو تاکگەرایی دەبەین و ئەرێکی تاکی دەدەینە پاڵ ئەمەش وامان لێدەکات وا بیربکەینەوە، کە سیمایەکی جیاکار و سیستەمە[5].

**١- بیفۆن:**

شێوازی خودی مرۆڤە و لاناچێت و ناگوازرێتەوە و ناگۆڕدرێت[6].

(١) شكري عياد: ٨٤: ١٩٨٥

(٢) صلاح فضل: ١٩٨٥: ٧٣

(٣) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٣٨

(٤) يوسف أبو العدوس: ١٤٢٧: ٣٥

(٥) منذر عياشي: ٢٠٠٩: ٣١

(١) صلاح فضل: ١٩٨٥: ٩٦

**٢- موریە:**

شێواز هەڵوێستێکی بوونە و شێوەیەکە لە شێوەکان[(١)].

**٣- ستاندالّ:**

شێواز خستنەسەری هەموو ئەو وردەکاریانەیە بۆ سەر بیرێکی دیاریکراو، کە دەستبەرداری کاریگەری بێت لەسەر بیر[(٢)].

**٤- پیرجیرۆ:**

ڕێگاکانی دەربرینە لە بیر لە ڕێگای زمان.[(٣)] و پێکهاتەیەکی هونەری زمانە وەك پێکهاتە ڕەنگییەکان، تاکو واتایەکی تایبەت بدات کە پێشتر نەبووبێت[(٤)].

**٥- ریفاتیر:**

هەموو نووسراوێکی خودی دەگرێتەوە کە بە مەبەستی ئەدەبی نووسراوبێت، واتە شێوازی دانەر، بە واتایەکی تر شێوازێکی کاری ئەدەبی دیاریکراوە کە بتوانین پێی بڵێین شیعر یان دەق[(٥)].

**٦- فلۆپێر:**

ڕەهندێکی لۆجیکی دەداتە شێواز و پێی وایە ڕێگایەکی ڕەهایە بۆ تێڕوانینی شتەکان[(٦)].

**٧- ستیندا Stendha:**

ئەو بەرگەیە کە دەکرێتە بەر کارێك و جوانی پێدەبەخشێت، واتە تەنها ئەو کارانە بە جوان دادەنرێت کە شێوازە ئەوانیتر بە پێچەوانەوە شێواز نین.

(٢) هەمان سەرچاوە: ٩٧
(٣) هەمان سەرچاوە: ٩٦
(٤) بیار جیرو: ١٩٨٥: ٦
(٥) نور الدین السد: ١٤٢٦: ١٤: ٦
(٦) صلاح فضل: ١٩٨٥: ١١٠
(٧) عبد القادر عبد الجلیل: ١٤٢٢: ١٣٣

**٨- ئیڤیلاندەر:**

شێواز بریتییە لە پێشکەشکردنی باسێك لە ئاسایی نەچێت جۆری بابەتەکە و مەبەست و کەسێتی نووسەرەکە بچەسپێنێت.

بەڕای پەسندکەرانی ئەم جۆرە پێناسانەی کە دەڵێن: شێواز بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگایەکی تایبەتی لە نێوان چەند ڕێگایەکی دەربڕین، کە هەموویان بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست بەکاردێن، کێشەی ئەوە دێتە کایەوە بۆچی نووسەر لە نێوان چەند وشەیەکی هاوواتا یان نزیك لە یەکتری یەکێکیانی هەڵبژاردووە و ئەوانیتری فەرامۆش کردووە[1].

(١) محمد معروف فتاح: ٢٠١٠:٨٧

## ٢- جیاوازی نێوان شێواز و شێوازگەری و زانستی شێواز:

شێواز چەند زاراوەیەك لەخۆ دەگرێت، ئەم زاراوانە تارادەیەك جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، هەرچەندە جیاوازەکە زۆر نییە کە بریتین لە:

- شێواز وەسفی قسەیە و زانستی شێواز زانستێکە و بنەما و یاسا و بواری خۆی هەیە.
- شێواز دەرخستنی نرخی کاریگەریە و دەوروبەر تیایدا جێگای بایەخە. زانستی شێواز ئەم نرخە کاریگەرییە لە رووی جوانکاری و دەروونی و هەست و سۆزەوە دەردەخات.
- شێواز دەربرینێکی زمانییە، زانستی شێواز لێکۆڵینەوەیە لەم دەربرینە[1].

شێوازگەری و زانستی شێواز لە زۆر باردا هاوواتان، بەڵام هەندێ پێیان وایە: زانستی شێواز ئەرکی شیکردنەوەی دەق بە پێی ئاستەکانی شیکردنەوە لەخۆدەگرێت، بەڵام شێوازگەری ئەم کارە تێدەپەڕێنێت رەخنە لە شێوازەکەش دەگرێت[2].

**بەم پێیە دەبێت جیاوازی لە نێوان زانستی شێواز و شێوازگەری دا بکەین:**

- زانستی شێواز: لێکۆڵینەوە لە و یاسایانە دەکات کە لە لێکۆڵینەوەکانی شێوازدا پەیرەودەکرێت.
- شێوازگەری رێبازێکی پراکتیکییە، کە زانستی شێواز پیادەی دەکات[3].

---

(١) سعد أبو الرضا : ١٤٢٨:٦

(٢) يوسف أبو العدوس: ١٤٢٧هـ :٣٧

(٣) هەمان سەرچاوە: ٣٧

**شارل بالی[١] شێواز و شێوازگەری بەم شێوەیە جیادەکاتەوە[٢]:**

- شـێواز: تەقینـەوەی وزەی دەبرینـی شاراوەیە لـە نـاخی زمانـەوە دێتـەدەر، کـە دەکاتــە گواســتنەوە لــە جیهـانی گریمانــەیی بــۆ جیهـانی بــوونی زمــانی، بەواتایەکی تر شێواز بریتییە لە بەکارهێنان.
- شێوازگەری ئامانجی بریتیە هەستان بە چەسپاندنی کۆمـەڵێك وزەی دەربرینـی بە هێز لە زماندا[٣].

شێواز ئەو ڕێگایەیە کە نووسەری پێـی دەناسـرێتەوە لـە بەرهەمەکانیـدا، کـە هەر بۆ ئەم ئامانجەش لە دایك بوو[٤]، ریفاتیر پێی وایە شێواز هەموو ئـەو شـێوە نووســراوانە دەگرێتــەوە، کــە تــاك بــە مەبەســتێکی ئــەدەبی دەینووســێتەوە. شێوازگەری ڕێبازێکی رەخنەییە میکانزمی خۆی هەیە بۆ شیکردنەوەی دەق[٥].

شێوازگەری پشت بە لێکۆڵینەوە زمانییەکان دەبەستێت، کە ڕێگا خۆشـکەرن بـۆ بـۆ لێکۆڵینــەوەی ئــەدەبی، هــەر بۆیــەش پێویســتە رەخنــەگر زمانــەوانێکی باشــبێت، چــونکە هــیچ دەقێکــی ئــەدەبی نییــە لــە چوارچــێوەی زمانەکــەی دەربچێت[٦].

شێواز دەگۆڕێت بە پێی کەسایەتی نووسەر و بابەتی قسە و شێواز تاکەکان لە یەك جیادەکاتەوە، نووسەر کاتێك دەربرینێـك دەردەبڕێت گوزارشـت لـە راسـتی بیروڕاکــەی بکــات ئــەوا بــە شــێوازێکی ئــەدەبی لــە بیرکردنــەوە و دەربــڕین و وێناکردن کۆتایی دێت و جیای دەکاتەوە لە کەسانیتر.

(١) charle bally ١٨٦٥ – ١٩٤٧

(٢) عبدالسلام المسدي:١٩٩٧: ١٨٨

(٣) هەمان سەرچاوە ٨٥

(4) http://www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?t=51689

(٥) هەمان سەرچاوە

(6) http://ejabat.google.com/ejabat/thread?tid=75cf4b0e758a8481

## ٣- گۆشە نیگاکانی شێواز:

ئەو گۆشانەی کە ڕۆژئاواییەکان بۆ پێناسەی شێواز تێی دەڕوانن عەبدولسەلام مەسەدی سێ تەوەرەی دیاریکردووە کە بریتین لە[١]:

### أ- گۆشە نیگای ئاخێوەر:

شێوازگەری لێکۆڵینەوە لە شیکردنەوەی شێوازی دەکات و نووسەر و تێروانین و هەڵچوونەکەی دەکاتە مەسەلەوباس، ئەمەش بڵاوترینیانە[٢]، چونکە پەیوەندییەکی بەتین هەیە لە نێوان زمان و پێکهاتەی دەروونی داهێنەر هەروەك زانایانی زمان ئاماژەی بۆ دەکەن:

- هۆگۆ شۆخارت، زمان بەرهەمی دەروونی تاکە کەسێکە[٣].
- مارتی(١٨٤٧ - ١٩١٤) لەوباوەڕە دایە، کە واتای دانە زمانییەکان باری دەروونی (قسەکەر) دەردەخەن.
- هرمان پۆل (١٨٤٦ - ١٩٢١) دەڵێت: تاکە ڕاستییەك کە لە زماندا پشتی پێ ببەسترێ زمانی تاکەکەسە، کە بەکارهێنانێکی ڕاستەوخۆی قسەکردنە.
- ڤۆسلێر دەڵێت: مرۆڤ خۆی گوتەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەکاریدێنێت، چونکە لە هەر ساتێکدا خۆی لە بارێکی دەروونی جیاوازدا دەبینێتەوە.
- بالی (١٨٦٥ - ١٩٤٧) دەڵێت: هەر کردەیەکی گوتن هەڵگری سیمایەکی کەسی و دەروونییە[٤].
- شتاینتاڵ لەو باوەڕە دایە، کە زمانی تاکە کەس ڕەنگدانەوەی بیری تاکە کەسە و زمانی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی هەستی کۆمەڵە و واتای وشە سنووردارنییە، چونکە بەستراوەتەوە بە باری دەروونی و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ، هەر بۆیەش واتای وشە ناگاتە ڕاستی تاکو لە لایەن کەسێکەوە دەرنەبڕدرێ.

(١) عبدالسلام المسدي: ١٩٩٧: ٢٩
(٢) عدنان علي رضا محمد النحوي: ٢٠٠٣: ٦٥
(٣) ملكا افيتش: ١٩٩٦: ٩٥
(٤) عبدالواحد مشير دزەيي: ٢٠٠٥: ٤٦-٤٧

- مۆریس گرامونت (١٨٩٥) جیاوازی نێوان کۆنسنانتەکانی زمانی هیندۆ ئەوروپی بۆ باری دەروونی تاکە کەس گێراوە.
- فندریس خاوەنی (زمانەوانی دەروونی) لەوباوەڕەدایە، کە هەموو کردەیەکی گوتن هەڵگری کاریگەریەکی دەروونییە.

کەواتە خودیەتی مرۆڤ و هەست و سۆز و تاقیکردنەوەکانی لە زمان ڕەنگدەداتەوە، بە پێی ئەم تێڕوانینە:

- شێواز لیستێکە بۆ دۆزینەوەی جۆرەکانی بیرکردنەوە لای خاوەنەکەی[١].
- شێواز دەبێتە جۆرێك لە مرۆڤ[٢].
- شێواز بریتییە لەو هەڵبژردنەی کە ئاخێوەر پێی هەڵدەستێت، کە هەڵگری چەند سیمایەکی زمانی دیاریکراوە و لە بارودۆخێکی دیاردا خۆی دەسەپێنی لە دەربڕین[٣].

لە شێوازدا نووسەر بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی بۆ خوێنەر، یەك لەم دوو ڕێگایە هەڵیدەبژێرێت:

**أ- ڕێگای خودی (شێوازی خودی):**

تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە بریتییە لە بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی قسەکەر وەك: (من و ئێمە) و باسکردن لە تاقیکردنەوەی تایبەتی نووسەر، و نووسەر دەبێتە تەوەرە.

**ب- ڕێگای بابەتی (شێوازی بابەتی):**

تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شێوازە بەکارهێنانی ڕاناوە نادیارەکانە وەك: ئەو، ئەوان، دوورکەوتنەوە لە ڕاناوی قسەکەر بەتەواوەتی و باسکردن تاقیکردنەوەی گشتی و بابەتی مرۆڤایەتی و نووسەر نابێتە تەوەرە.

---

(١) عبدالسلام المسدي: ١٩٩٧: ٦٠

(٢) عبدالسلام المسدي: ١٩٩٧: ٦٣

(٣) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٤١

گرنگـی ئـەم پێناسـە و بۆچـوونە لەوەدایـە نرخـی شـێواز دیـاری دەکـات و پێوانەیـەکی واتاییشـە بـۆ نـاوەرۆکی پـەیامی گـەیانراو[١]. ئەحمـەد شـایب وای لێکداوەتەوە وێنەی دەربرین یەکەم هـەنگاوی دەربرینـە و بێلایـەن نییـە، بـەڵکو چـاکییەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سیسـتە زمانییەکـە کـە لـە دیـارە وە گـۆڕاوە بـۆ سیستەمێی واتایی. جا ئەگـەر دەربرینەکە جل و بـەرگ و جەسـتەی بێـت ئـەوا واتاکە ئەو گیانەیە کە وزەی پێدبەخشێت[٢]. بیرکەکـەی ئـەم تیـۆرە دەگەڕێتـەوە بـۆ بیفـۆن[٣] Buffon، کـە دەڵێـت: واتـا خـودی خـۆی کرۆکـی شـێوازە فلـۆپێر و برۆست[٤] و مۆنان[٥] جەخت لەسەر ئەم بۆچوونەی بیفۆن دەکەنەوە.

## ب- گۆشە نیگای وەرگر:

شێوازگەری لەم بارەدا بەدوای هێزی بەرهـەمی شـێواز دەگـەڕێت[٦] بـەم پێیـە گەڕانـــە بـــە دوای ئـــەو کەســـەی کـــە کاریگـــەری دەکاتـــە ســـەر وەرگـــر و زەفکردنەوەی ئەم کاریگەرییە رەچاوکراوانە.

شێواز لەم پێناسـەیەدا بریتییـە لـە هێـزی پاڵپەسـتۆ بـۆ سـەر وەرگـر، کـە بـە چەند بنەمایەك بەندە وەك: بیرۆکەی کاریگەری و بیرۆکەی رازیکردن وبیرۆکەی چـێژوەرگرتن.....هتـد. ئـەم بۆچـوونە رۆڵێکـی گـرنگ دەداتـە وەرگـر و بـە بنەمایـەکی گرنگی گەیانـدنی داهێنەرانـەی هونـەری دادەنێـت، بـەم پێیـە پلـەی وەرگـر بەرزدەکاتـەوە بـۆ پلـەی داهێنـەری ئـەدەبی[٧] ریفـاتیر[٨] بـە گـرنگترین

(١) عبدالسلام المسدي: ١٩٩٧: ٦٠
(٢) أحمد الشايب: ١٩٦٦: ٤٠
(٣) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ١٩٠
(٤) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ١٨٩
(٥) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ٢٠٢-٢٠٣
(٦) عدنان علي رضا محمد النحوي: -: ٦٦
(٧) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٤١-٤٢
(٨) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ١٩٤

لایەنگری ئەم بۆچوونە دادەنرێت لە پاڵ [١] اندریە جید[٢] و ستاندال[٣]. و رۆمان جاکوپسن[٤]..... هتد.

## ج- گۆشە نیگای دەق:

شێواز لەم گۆشە نیگایەوە برتییە لە بەکارهێنان[٥] و هەوڵدەدات بۆ هاوسەنگیکردنی نێوان دوو کردە: کردەی هەڵبژاردنی ئاخێوەر کە لە نێو ئامرازەکانی دەربرین و فەرهەنگی زمانیدا دەیکات، لەگەڵ رێکخستنی و یاساکانی بەکارهێنانی، واتە وەك یەکبوونی هەڵبژاردن و دانان[٦] و شێواز لادانە لە نموونەی تری دەربرین[٧]. بیرۆکەی ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ سۆسێر کە زمانی دابەشکرد بۆ دوو بەش: زمان لە باری وەستانی پێش بەکارهێنان و زمان لە باری بەکارهێنان، کە ئەمیش دەبێتە دووبەش ، گوتاری ئاسایی یان پراگماتیکی و گوتاری ئەدەبی کە هەڵگری شێوازە[٨] ئەم بۆچوونەی سۆسێر جیاوازی دەکات لە نێوان زمان وەك سیستەمی زانستی و زمان وەك ئامێری بەکارهاتوو لە نێوان تاکەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین: جیاوازی لە سیمای شێواز دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە بەکارهێنانی تاکی ئاخێوەر[٩].

شێواز بە پێی ئەم تێروانینە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان یەکە زمانییە جیاوازەکانی وەك رستە و وشە، کە بنیاتی گشتی دەق پێکدێنن[١٠]. ئەم ئاراستەیە گرنگی بە دەق دەدات و جیای دەکاتەوە لە نووسەر، بەمەش لایەنی وەسفی بەسەردا زاڵ دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە دوو رێگا هاتە ئاراوە:

**أ- رێگای فۆرمالیستی:**

(١) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٤٢
(٢) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ١٩٣
(٣) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ١٩٥
(٤) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ١٩٢
(٥) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ٨
(٦) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ٩٢
(٧) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٤٥
(٨) عدنان علي رضا محمد النحوي: ١٤١٩هـ: ٦٦
(٩) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٢٤
(١٠) عدنان علي رضا محمد النحوي: ١٤١٩هـ: ٦٦

لایــەنی روخســار و نــاوەرۆك لەیــەك جیاناکاتــەوە ئەمــەش زیــاتر لای فۆرمالیستەکان رەنگ دەداتەوە[1]، کە یاکۆپسن R.Jakoson رابەرایەتی دەکات و لە پەیوەندی گەیاندندا شەش ئەرکی بۆ زمان دەست نیشانکردووە:

**١- ئەرکی هەست دەربرین:**

لەم ئەرکەدا رووی پەیام لە (نێرەر)ە و پیشاندەری هەستیەتی، جا بە راستی بێت، یان خۆی بنوێنێ کە خاوەنی ئەم هەستەیە، کە (مارتنت) بە (قسەی ناودڵ) ناوی بردووە. ئەم ئەرکە زۆر جار بۆ لەیەکتر گەیشتن نییە، بەڵکو بۆ کاریگەری کردنە سەر (وەرگر)ە.

**٢- ئەرکی و رووژاندن:**

لەم ئەرکەدا رووی پەیام لە (وەرگر)ە بۆ ئەوەی هەست و ئارەزوویەکی تایبەتی لا دروست بکات. وەك لە بەکارهێنانی هەندێ وشەی وەك (درۆ- ناراست) وشەی درۆ زیاتر مرۆڤ دەوروژێنی لە وشەی ناراست.

**٣- ئەرکی ئەوپەر زمانی:**

رووی پەیام لەو هێمایەیە،کە هاوبەشە لە نێوان (نێرەر) و (وەرگر). ئەوەش لەو کاتەدا، کە نێرەر و وەرگر هەردوو هەست بە وە دەکەن پێویستە لە هاوبەشبوونی ئەو هێمایە کە سوودی لێوەردەگرن دڵنیا بن، هەر بۆیە لێرەدا زمان بۆ قسەکردن لەسەر خودی زمان بەکار دێت و ئەو وشانەی کە بەکاری هێناوە شی دەکاتەوە.

**٤- ئەرکی گەرانەوەیی:**

رووی پەیام لە بابەتی پەیامەکەیە،کە دەکرێ لە رێگای دەوروبەرەوە راستی و ناراستی بسەلمێندرێ.

**٥- ئەرکی ئەدەبی:**

رووی پەیام لە خودی پەیامەکەیە، لەم دۆخەدا پەیام دێتە ناوەندی سەرنجی پەیوەندییەوە، کە (مارتنت) بە (ئەرکی جوانی خولقێن) ناوی دەبات.

**٦- ئەرکی هاودڵی:**

---

(١) عدنان علي رضا محمد النحوي: ١٤١٩هـ: ٦٦

رووی پەیام لە کەناڵی پەیوەندییە، تا بزانێ (وەرگر) تا چ رادەیەك ئاگای لە پەیوەندیکەی نێوانیان هەیە، بەواتایەکی تر بۆ مەبەستی دڵنیا بوونە لەوەی کە ئایا کەناڵی پێوەندی دروست کار دەکات یان نا.

**ب- ریٚگای رۆنانکاری:**

ئەم رێبازە ناسراوە بە شێوازی رۆنانکاری، کە پێی وایە شێواز بریتییە لە گرتنەوە (Connotaion) بەو مانایەی هەر سیمایەکی زمانی نرخێکی شێوازی دیاریکراوی هەیە و نرخە شێوازییەکەی لە دەوروبەری دەقەکە وەردەگرێت، ئەم نرخەش دەگۆڕێت بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدایە[١]. رۆلان بارت بە رابەری ئەم جۆرە شێوازە دادەنرێت، هەروەها ریفاتیر لێکۆلینەوەیەکی هەیە دەربارەی ئەم شێوازە بەناوی گوتارێك دەربارەی شێوازی رۆنانکاری.

شێواز لقێکی زمانەوانی نوێییە و تایبەتە بە شیکردنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان یان تاقیکردنەوە زمانییەکان کە نووسەر و ئاخێوەران لە دەوروبەر و ژینگەی ئەدەبی و ئاخاوتن ئەنجامی دەدەن[٢].

عەبدولسەلام مەسەدی وای بۆ دەچێت کە شێواز واتایەکی خودی هەیە و تایبەتە بە رەهەندی زانستی هۆش و بابەتی[٣].

جاکۆپسن پێی وایە شێواز لێکۆڵینەوەیەکە، کە ئاخاوتنی هونەری لە ئاستەکانی تری گوتار یان جۆرەکانی تری هونەرە مرۆڤایەتییەکان جیادەکاتەوە[٤]. بەم پێیە دەتوانین بڵێین: شێواز کۆمەڵێك دارشتنی زمانییە کە ئاخاوتن دەوڵەمەند دەکات و گوتار چردەکاتەوە بۆ کاریگەریکردنە سەر گوێگر وەیا خوێنەر و ناسنامەی ئاخێوەریش ئاشکرا دەکات.

## ٤- چەمکی شێواز:

### أ- شێواز وەك دەڤری واتا:

(١) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ١٨٠
(٢) يوسف أبو العدوس: ٥ :٧ :٢٠١٠
(٣) عبد السلام المسدي: ١٣٩٧ه:٣٢
(٤) عبد السلام المسدي: ١٣٩٧ه:٣٣

بۆچوونە کۆنەکان پێیان وابوو کە شێواز دەفرێکە بۆ کۆکردنەوەی ئەو واتایانەی کە تیایەتی، هەروەك زمان کە بەرگی واتایە و شێوازیش شێوەی ئەو جل و بەرگەیە، شاعیر و رەخنەگری ئینگلیزی درایدن Dryden پێی وایە شێواز هونەری گوتارە و یان هونەری رازاندنەوەی ئەو جل و بەرگەیە کە بە بەریدا دەکرێت، هەروەها کولیریدگی شاعیر Coleridge دەڵێت: شێواز هونەری گواستنەوەی بە شێوەیەکی گونجاو و روون[١].

## ب- شێواز وەك لادان:

فۆرمالیستەکان و رەخنەگرەکان پێیان وایە ئەدەب لادانە لە یاسای زمان، کە زوربەی شێوازگەرە نوێییەکان لێی نارازیبوون لەوانەش ساندل Sandel کە هەمان بیرۆکەی بیزلی ١٩٦٩ Paisely هەیە کە دەڵێت: ئەستەمە رازیبین بەوەی کە شێواز رێگای نائاسایی بەکارهێنانە[٢].

## ج- شێواز وەك زمانحاڵی خاوەنەکەی:

ئەم تێروانییە وای بۆ دەچێت کە شێواز وەك یەکی شێواز و خاوەنەکەی دەگەیەنێت، میدلتون مری رابەری ئەم بۆچوونەیە و پێی وایە شێواز زمانحاڵی خاوەنەکەیەتی لە هەست و هەڵوێست و بۆچوون هەروەك ویژیل دەڵێت: شێواز تایبەتمەندیەکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان بە وردی هەست و سۆز و بیرۆکە دەگوازێتەوە.

(١) حسن غزالە: ٣٩:١٩٩٨

(٢) Paisloy W:١٩٦٩:١١

## د- شێواز وەك واتا:

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە بیرۆکەی جیاکردنەوەی روخسار و ناوەرۆك لە پێش ١٨٥٧ بۆ ئەم مەبەستە فلوبیرت پێی وایە وەك جەستە و گیان وان و لەیەك جیاناکرێنەوە و شێواز ئەنجامی روخسار و ناوەرۆکە و گۆڕان لە هەریەکەیان روودات ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەویتر.

## هـ- شێواز وەك هەڵبژاردنی چەمکێکی ئەرکی:

ئەم بۆچوونانەی سەرەوە نامان گەیەنێتە رادەیەك، کە پێی رازیببین بۆیە پێویستە بەدوای ئەمەدا بگەڕێین، کە شێواز وەك هەڵبژاردن سەیربکەین لەسەر بنچینەی فەرهەنگی و سینتاکسی و رێزمانی واتایی هەر وەك زووربەی شێوازگەرە نوێییەکان وای بۆ دەچن بەم پێیە هەموو هەڵبژاردنەکانی زمان شێوازن و هەریەکەیان ئەرکێك یان زیاتری هەیە بە پێی دەوروبەر و دەق دەگۆڕدرێت. لە ژێر رۆشنایی ئەم بۆچوونە کارتر پێی وایە شێواز لە تێکچڕژانی کاریگەرییە شێوازیەکان لە ژمارەیەك لە ئاستەکانی زمان دێتە ئاراوە. بەم پێیە دەتوانین پێناسەی شێواز بەشێوەیەکی فراوان و ئاسان بکەین و بڵێین: شێواز کۆمەڵێك ئەرکی شێوازی زمانیە هەڵبژێردراوە لە کۆگای رێزمانی و فەرهەنگی و دەنگی و شێوەیی زمان بە گشتی.

## ٥- جۆرەکانی شێواز:

شێواز بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لەو ڕێگایەی، کە دەگیرێتە بەر بۆ دەربرینی بیر لە زانست و بیر و سۆز لە ئەدەب، بۆ دابەشکردنی جۆرەکانی شێواز، پۆلینی جۆراوجۆر کراون ئێمە تەنها دوو پۆلین دەستنیشان دەکەین:

### أ- جۆرەکانی شێواز لای مارتی:

مارتی پێنج جۆرە شێواز جیادەکاتەوە کە بریتین لە:

**١- شێوازی وشک:**

گرنگی بە وەرگر نادات و وەرگریش کاریگەری لەسەر نابێت، چونکە شێوازێکی فەرمی تووندە و بە شێوەی پەخشان دەخرێتەڕوو و لە کتێبە زانستییەکان بەکاردێت.

**٢- شێوازی فەرمی:**

وەرگر بەشدارییەکی کەمی هەیە لەسەر ئەم شێواز و پێشوەخت ئامادەکراوە وەك ئەو شێوازەی کە لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا بەکاردێت.

**٣- شێوازی راوێژکاری:**

بەشداری وەرگر تیایدا کەمەو دەربرینی ئالۆزی تێدا نییە، وەك شێوازی ئاخاوتنی وەزیر و جێگر و راوێژکارەکان یان راگر و مامۆستاکان لە کۆلیژ.

**٤- شێوازی ئاسایی:**

ئەم جۆرە لە نێوان هاوڕێ و ناسیاوان باوە و بە زمانی ئاسایی قسەدەکرێت، رستەی کەمە و لارستەی تێدا زۆرە.

**٥- شێوازی هەست وسۆز:**

ئەم شێوازە ئەرکی دەربرینی هەست و سۆز دەبینێت زیاتر لە بیرۆکە، وەك: شێوازی ئەدەبی و شێوازی ئاخاوتنی نێوان کەس و کار و هاوڕێی زۆر نزیك[1].

### ب- جۆرەکانی شێواز لە رووی زانستییەوە:

(١) شێرزاد صبری علی و عەبدولسەلام نەجمەدین: ٢٠١١:٢٣٢

شێواز لە رووی زانستییەوە دەکرێتە سێ جۆر:

## أ- شێوازی ئەدەبی:

ئەدەب بەرهەمی شاعیر و نووسەرانە بە هەردوو لقەکەیەوە شیعر و پەخشان، شێوازی ئەدەبی ئەو شێوازەیە کە شاعیران هۆنراوەکانیان پێ دەهۆننەوە و نووسەران لە وتار و نامە و چیرۆك و... بەکاریدێنن.

ئەم جۆرە شێوازە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی شێوازی ئەدەبی لە رووی روخسار و ناوەرۆکەوە، پەیڕەوکەرانی ئەم رێبازە هەوڵی دۆزینەوەی ئەرکی هونەری زمانی دەق لە رێگای تەواوکاری نێوان لایەنی جوانی ئەدەب دەدەن، کە جێگای بایەخی رەخنەگرە لەگەڵ لایەنی وەسفی زمانی، ئەم جۆرە گرنگی بە شێوە و رۆنان دەدات نەك واتا[1]. بنەماکانی ئەم شێوازە بریتییە لە:

### ١- بیرۆکە و واتا:

بیرۆکە لەم شێوازەدا تێکەڵ بە هەست و سۆز دەبێت و جل و بەرگێکی رازاوەی بە بەر بیردا دەکات و دووری دەخاتەوە لە وشکی و وای لێدەکات ببێتە بابەتێکی گونجاو بۆ گوێگرتن. بیرۆکە لەم شێوازەدا فەلسەفەی شاعیر و نووسەری تیا رەنگ دەداتەوە.

### ٢- هەست و سۆز:

هەست و سۆز، بەژن و باڵای شێوازی ئەدەبییە، لە سنووری واقیع ناوەستێت و لە رێگای ئەندێشەوە دروستی دەکات.

### ٣- وێنەی ئەندێشەیی:

هەست و سۆز وێنەی زۆر پێکدێنێ بۆ کاریگەری دەروونی هەڵقوڵاو لە وێنە و ئەندێشە، کە لە سۆزی رەسنەوە هەڵقوڵاون.

### ٤- دارشتنی وشە و دەستەواژە:

وشە و دەستەواژەکان دەبێ بارگاوی بن بە هەست و سۆز لە رووی هەڵبژاردن و مۆسیقا و رێکخستن و پاش و پێشخستن و لابردن و کورتبڕی و درێژبڕی، تاکو

(١) محمد اللويمي: ٢٠٠٥: ٤٨

ڕەنگدانەوەیەکی گونجاو و کاریگەر دروست بکات. تایبەتییەکانی ئەم جۆرە شێوازە بریتییە لە:

١- باس لە بابەتێکی هونەری دەکات.

٢- ژمارە و زاراوەی زانستی و ئاماری تێدانییە.

٣- وشەکان بە وردی هەڵدەبژرێن تا خۆیان بە جوانی دەربخەن.

٤- وێنەی ئەندێشەی تیا بەکاردێت.

٥- ڕەوانبێژی تیادا بەکاردێت و شێوازی جۆراوجۆر دەگرێتە بەر لە نێوان دارشتن و هەواڵدان.

٦- هەست و سۆزی شاعیر و نووسەر تیادا ڕەنگدەداتەوە و کەسایەتی تیا دەردەکەوێت.

٧- ئامانجی وروژاندنە و هەست و سۆز دەدوێنێ بۆ وروژاندن و کاریگەری کردنەوە سەر وەرگر.

## ب- شێوازی زانستی:

ئەم شێوازە بەکاردێت لە زانستە ڕووتەکانی وەك پزیشکی و ئەندازە و فیزیا و کیمیا و.... هتد، کە زانایان بیرۆکەکانی خۆیانی پێ دەردەبڕن بە مەبەستی فێرکردن و تێگەیشتن. مەبەست لەم شێوازە گواستنەوەی ڕاستی زانستەکانە بۆ تێگەیشتن و ڕازیکردن. بنەماکانی ئەم جۆرە شێوازە بریتییە لە:

**ـ بیرۆکە و واتا:**

بنەمایەکی گرنگە لە شێواز، بیرۆکەکان تاڕادەیەك وشکن چونکە ناکەوێتە بەر کاریگەری هەست و سۆز.

**ـ وشە و دەستەواژە:**

وشە و دەستەواژەکان دەبێت ورد و سنوورداربن و بارگاوی نەبن بە هەست و سۆز. تایبەتییەکانی ئەم شێوازە بریتین لە:

١- ژمارە و زاراوەی زانستی تێدا بەکاردێت و واتای وشەکان ڕوون و دیاریکراون.

٢- وشەکان بە وردی بەکاردێن وێنەی ئەندێشەیی و رەوانبێژی تێدا نییە.
٣- بابەتەکانی زانستین و بیرۆکەکان روون و دیاریکراون و بیرۆکەکان رێکخراون و واتاکان بەدوای یەکداهاتوون.
٤- دوورە لە هەست و سۆز و بیرورای نووسەر تێیدا رەنگ دەداتەوە.
٥- ئەقڵ دەدوێنێت بە مەبەستی تێگەیشتن و رازیکردن.
٦- مەبەستی گەیاندنی زانیاری و زانستە بۆ چینێکی تایبەت بە بوارەکە.

## ج- شێوازی زانستی بە ئەدەبکراو:

ئەم شێوازە لە لە نێوان دوو جۆرەکەی پێشووتر دایە کە باسمانکرد،باس لە راستییەکی زانستی دەکات بە مەبەستی تێگەیشتن و رازیکردن لە بەرگێکی جوانی رازاوەی ئەدەبی، وەك زوربەی پەرتووکەکانی مێژوو و گەشت کە تیایدا باس لە رووداوەکان و وەسفی دیمەنەکان و ناساندنی کەسایەتییەکان و پاڵنەرە مرۆڤایەتییەکان دەکات بە شێوەیەك کە تۆ چیرۆکێکی ئەندێشەیی دەخوێنیتەوە نەك بابەتێکی زانستی، کەواتە ئەم شێوازە بابەتێکی زانستیمان لێ نزیك دەکاتەوە وشکی وشەکان بەشێوازێکی ئەدەبی کەمدەکاتەوە، بنەماکانی ئەم شێوازە بریتین لە:

**١- بیرۆکە و واتا:**

**٢- دارشتنی وشە و دەستەواژە:**

**٣- هەندێ جوانکاری ئەدەبی:**

**تایبەتییەکانی ئەم شێوازە بریتییە لە:**

١- چارەسەری باسە زانستی و مرۆڤایەتییەکان دەکات.

٢- بیرۆکەی زانستی بە شێوەیەکی ئاسان پێشکەش دەکات.

٣- زاراوە زانستییەکان ئاسان و ڕوووندەکاتەوە.

٤- بە وردی وشە و زاراوەکان بەکاردێنێت، لەگەڵ هەندێ هونەری رەوانبێژی بێ مەبەست.

٥- وێنەی ئەندێشەیی بە پێی پێویست بەکاردێنێت.

٦- هەندی لایەنی کەسایەتی نووسەر دەردەخات بێ ئەوەی دوور کەوێتەوە لە لایەنی زانستی.

٧- بە مەبەستی تێگەیشتن و رازیکردن بەکاردەهێنرێت لەگەڵ هەندێ وروژاندن.

## ٦- هاتنەکایەی شێواز:

ئەرستۆ لە پەرتووکەکەی (گوتار) دا جیاوازی نێوان شێوازی جوان و ناشیرنی کردووە و شێوازی دابەشکردووە بۆ لکاو و خولی[١]، کە بە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی یۆنانییەکان دادەنرێت، لەم پەرتووکە مەسەلەی گوتن بۆ سێ بەش دابەشکراوە:

- سەرچاوەکانی هێما.
- شێواز.
- رێکخستنی گوتن.

هەروەك دەبینین شێواز دووەم گرنگییەتی لە گوتار، چونکە بنەمایەکی رازیکردنە و پێی وایە روونی گرنگترین سیمای جوانییە[٢]. زمانەوانە ئەوروپییەکان لە چاخی ناوەڕاست لە دابەشکردنەکانیاندا هەندێ چەمکیان وەرگرتووە[٣] و شێوازیان دابەشکردووە بۆ:

**أ- سادە:**

ساکارە لە بەکارهێنان و پشت بە زمانی ئاسایی دەبەستێت.

**ب- ناوەند:**

پشت بە گفتووگۆ دەبەستێت و زمان دەنەخشێنێت لە رێگای دەربرینە رەوانبێژییە جوانەکان.

**ج- وروژێنەر:**

بیری قوڵ و ئەفسوونی وێنەکێشان و ناسکی هەستی تێدایە، هەوڵدەدات گوێگر بجووڵێنێ و هەستی بوروژێنێت پێکاتەیەکی وردی هەیە و بە هەموو هونەرەکانی گوتن دەق دەنەخشێنێت[٤].

هاتنەکایەی شێواز وەك زانستێکی سەربەخۆ لە ئەنجامی هەستکردن بە گرنگی پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە رەخنەیەکان و رەوانبێژییەکان و زمانەوانییەکان بوو، کە پێش دەرکەوتنی راستەقینەی شێواز لە ئارادابوون. لە ساڵی ١٨٧٥ (فون

(١) صلاح فضل: ١٠٥:١٩٩٨

(٢) شوقي علي الزهرة: ١٥:١٩٩٨

(٣) نور الدين السد: ١٣١:١٤٢٦

(٤) فيلي ساندريس: ٩٧:٢٠٠٣

درجابلنتس) زاراوەی شێوازی بەکارهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە شێواز بۆ لادانە زمانییەکان و ڕەوانبێژییەکان لە نووسینی ئەدەبی.

سەرەتای شێواز لە کۆندا لای زمانەوانی سویسری سۆسێر سەری هەڵدا[١] و بواری بۆ شارل بالی قوتابی خۆی ڕەخساند کە شێواز بکات بە بەشێك لە قوتابخانە زمانەوانییەکان و ببێتە ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زمان و ئەدەب[٢].

شارل بالی (١٨٦٥ - ١٩٤٧) بانگێشەی ئەوەی کرد کە زانستی شێواز یاسا کۆتاییەکانی لە ساڵی ١٩٠٢ دامەزرا و پەرتوکێکی دەرکرد لە ژێرناوی شێوازگەری فەرەنسی (Française stylistique) و (سەرتاپایی لە شێواز ١٩٠٥) کە بە بناغەی شێوازگەری زانستی دادەنرێت.

بەم پێیە شێواز لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەرکەوت، بەڵام واتاکەی سنووردار نەبوو تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لەگەڵ دەرکەوتنی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێییەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن شێواز بکەنە زانستێکی سەربەخۆ لە خزمەت شیکردنەوەی ئەدەبی و شیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بە پێی قوتابخانەکان[٣].

شێواز لەگەڵ دەرکەوتنی قوتابخانەی ج. ماروزوی فەرەنسی، خەریك بوو پشتی تێبکرێت بەڵام ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەیەك لە زانکۆی ئەندیانای ئەمریکا بەسترا دەربارەی شێواز و ڕۆمان جاکۆپسن وتارێکی دەربارەی زمانەوانی و دارشتن پێشکەشکرد ئەمەش وای کرد شێواز ببێتە خاڵی بەیەکگەیەنەری زمان و ئەدەب، شێواز ناسەکان ساڵی ١٩٦٥ زیاتر دڵنیابوون کاتێك تودۆرۆف کارەکانی فۆرمالیستە ڕووسییەکانی وەرگێڕا بۆ فەرەنسی زانستی شێواز زیاتر خۆی سەپاند[٤]. تا ساڵی ١٩٦٩ ستیڤن ئۆڵمان جێگیربوونی شێوازگەری ڕاگەیاند وەك زانستێکی زمانی ڕەخنەیی.

## ٧- شێواز وەك زانستێکی سەربەخۆ:

(١) عبدالسلام المسدي: ٢٠٠٦: ٢٤٤
(٢) يوسف أبو العدوس: ١٤٢٧هـ: ٣٨
(٣) هەمان سەرچاوە: ٣٩
(٤) سعد أبو الرضا: ٧:١٤٢٨

جولیان گریماس A.J.Greimas و جوزیف كورتیس J.Courtés وا وەسفی شێواز دەكەن كە بوارێكی لێكۆڵینەوەیە و دەچێتە رەوانبێژی و نەیتوانیووە وەك زانستێكی سەربەخۆ خۆی رێكبخات[١] هەریەك لە تزفیتان تودوروف T.Todorov و أوسوالد دوكر Oswald Ducrot پێیان وایە میراتگری رەوانبێژییە[٢] لە بەرامبەر ئەمانەدا ریفاتیر Riffaterre Michael پێیوایە كە رەوانبێژی دێرین تەگەرەیە بۆ شێوازگەری[٣]. ئەم كێشەیە لە ئەنجامی ئەوە هاتووە كاتێك شێوازگەری لە دەقێكی ئەدەبی دا لادانەكان دیاریدەكات بەراوردی دەكات بە رەوانبێژی پێوانەیی، بەم پێیە رەوانبێژی ئامادەبوونی خۆی لە شێوازگەری نیشانداوە وەك رێبازێكی رەخنەیی.

جۆن دێوی Jean Dubois شێوازگەری بە لقێك لە زمانەوانی وەسفی دەكات[٤] میشال ئەریفی Michel arrivé جەخت لەسەر ئەم بۆچوونەی دێوی دەكاتەوە دەڵێت: شێوازگەری وەسفی دەقی ئەدەبی دەكات بە پێی ئەو رێبازەی كە لە زمانەوانی وەریگرتووە[٥]، ئەمەش جێگیربوونی رۆڵی زمانەوانی دەگەیەنێت لە چەمكی شێواز، ئەمە وای لە رومان جاكبسون Roman Jacobson كرد، لە یەكێ لە گوتارەكانی ساڵی ١٩٦٠ لە زانكۆی ئەندیانا Indiana بە ناونیشانی (زمان و شیعریەت) دان بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و زمانەوانی بنێت[٦]، دوای ئەمیش جون لویس كابانیس Jean-LouisCabanes، كە زۆر بە توندی بەرگری لە پەیوەندی نێوان رەخنەی ئەدەبی و زمانەوانی كرد و ئاماژەی بەوەكرد كە سۆسێر و فۆرمالیستە

(١) T.Todorov:١٩٧٢:١٠١

(٢) A.J.Greimas:١٩٧٩:٣٦٦

(٣) Riffaterre:١٩٧١:٢٧

(4) Dubois:-:458

(٥) عبدالسلام المسدی: ٢٠٠٧:٤٨

(٦) هەمان سەرچاوە:- :٤٦

روسییەکان کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر رەخنە[1] شێوازگەری پەیوەندییەکی بەهێزی بە قوتابخانە رەخنەییەکانەوە هەیە لەوانەش شیعرییەت کە بە دارشتن ناو دەبرێت، جۆن دێوی پێی وایە بەشێکە لە زمانەوانی و لێی جیانابێتەوە[2]، بەڵام جون کوهین Jean Cohen وای پێ باشە شیعر بچێتە دەرەوەی ئەدەب شانبەشانی ئەو هونەرانەی کە هەست دەوروژێنن وەك مۆسیقا و نیگار و ئەو کەلوپەلانەی کە لە سروشت دان[3]. شعرییەت کاریگەری کاری ئەدەبییە و مۆرکەکەی هەر دەمێنێتەوە بۆ ئەم مەبەستە تودوروف دەڵێت: کاری ئەدەبی تەنها بابەتی شیعریەت نییە، بەڵکو ئەوەی دەریشی دەبرێت تایبەتمەندی جۆری ئەم جۆرە گوتارە ئەدەبییەیە[4]

وەرگر کانگەی شیعرییەتە چەمکی شیعرییەت لە تۆرێکی پەیوەندی دەق وەردەگیرێت بۆیە دەتوانین بڵێین تایبەتمەندییەکی پەیوەندییە کە لە پێکهاتە سەرەتاییەکانەوە گەشە دەکات، هەریەکەکیان دەکەوێتە دەوروبەرێکەوە بێ ئەوەی شیعری بن، بەڵام لە دەوروبەر ئەم پەیوەندییە دروست دەبێت لەگەڵ جولانەوەی لەگەڵ پێکهاتەکانی تر کە سیمایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێتە بکەری خولقێنەری شیعرییەت[5] لێرەوە نووسەر و شاعیر پەنا بۆ فەرهەنگی خۆیان دەبەن بە یارمەتی رێزمان گیان بەبەر زمانی شیعری دا دەکەن، بەم پێیە شیعرییەت بەند دەبێت بە فەرهەنگ و رێزمان، چونکە رێزمان بەشداری دارشتنی فەرهەنگی نووسەر دەکات و لە قسەی ئاسایی جیای دەکاتەوە[6] و نزیك دەبینەوە لە لادان کە زمانی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ زمانی ئەدەب، چونکە

---

(١) جون لويس كابانيس: ٢٠٠٢:١٠١

(2) Jean Dubois:-:381

(٣) جون كوهين: ١٩٨٦:٩

(٤) تزفيتان تودوروف: ١٩٨٧:٢٧

(٥) كمال أبو ديب: ١٩٨٧:١٤

(١) خليل الموسى: ١٩٩١:١٠٠

لادان رێگای شاعیرە بۆ گۆڕینی زمانی بەکارهاتوو بۆ زمانی شیعر[١] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی یاکۆپسن کە گرنگی بە شیعرییەت دا تاکو پەیام ببێتە ئامانج، چونکە کاری هونەری واتایە[٢]. شیعرییەت بە پێچەوانەی کردە جۆرییەکان هەوڵنادات بۆ ناونانی واتا، بەڵکو بۆ زانینی یاساگشتییەکان و لە دایکبوونی هەموو زانستێك هەوڵدەدات و رێکی دەخات، بە پێچەوانەی زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی، کە لەناو ئەدەبدا بە دوای ئەم یاسایانەدا دەگەڕێن[٣].

شێوازگەری گرنگی دەدات بە رۆڵی خوێنەر میکائیل ریفاتێر پێی وایە هەر دەقێك کاردانەوە لای خوێنەر دروستبکات ئەوە دەبێتە بابەتی شێواز[٤]، هەروەها فرانسوا راستیی: François Rastier پێی وایە خوێنەر کۆڵەگەی تیۆری خوێندنەوەیە[٥]، ئەمەش داننانە بە گرنگی خوێنەر کاتێك بەرهەمێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە و بانگێشەیەکیشە بۆ هاوبەشی پێکردنی لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، لێرەشدا مەسەلەی کاریگەری و کاریگەری لەسەر لە دەقی ئەدەبی دێتە ئاراوە لە رێگای تیۆری گەیاندن، هەر بۆیەش رامان سلدان رۆڵی پەیامی و خوێنەری بەرز دەنرخێنی بۆ کردنەوەی کۆد[٦].

چومسکی Noam Chomsky لە رێگای تیۆرەکەی رێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ئامێری شیکردنەوەی شێوازی پێشکەشکرد، کە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان داهێنان لای نووسەر و داهێنانی بیری لای وەرگر دەکات[٧]

(٢) محمد عبد المطلب: ١٩٩٥:٣١
(٣) رومان ياكبسون: ١٩٨٨:٢٧
(٤) تزفيتان تودوروف: ١٩٨٧:٢٣

(5) M.Riffaterre:1971:182
(6) François Rastier:1972:35

(٧) رامان سلدان: ١٩٩٨: ١٨١–١٨٢
(١) جون لاينز: ١٩٩٥:٣٣ – ٣٥

داهێنان لای وەرگر بەردەوام دەبێت بە داهێنان لای نووسەر و شاعیر. هەر بۆیەش پێویستە وەرگر زانیاری و رۆشنبیری پێویستی پێبدرێت دەربارەی ئەو بوارەی کە دەیەوێت بیخوێنێتەوە. بە واتایەکی تر دیاریدەی بنچینەیی هەن لە رۆنانی زمان و واتا پێویستیان بە رونکردنەوە هەیە لە رێگای بەستنەوەی شیعر و زمان و فەلسەفە و ئاین[1]. لێرەشەوە جەخت لەسەر خوێندنەوەی بەئاگایی دەکرێت بۆ پێکهێنانی تێروانینێکی نوێ، کە لای خوێنەر دوای هەر خوێندنەوەیەك دەدۆزرێتەوە، لەگەڵ زۆری خوێندنەوە خوێنەر وزەیەکی زۆری شیکردنەوە بەدەست دێنێت، کە پێشتر لای نەبووە هەروەك لیونارد بلومفێڵد Leonard Bloomfield دەڵێت: بۆ ئەوەی بتوانین واتای دانەیەکی زمانی دیاربکەین بە وردی و زانستی پێویستە زانیاری زانستی تەواومان دەربارەی جیهانی قسەکەر هەبێت[2].

هنری بیر دەڵێت شیعری باش بۆ خوێنەری باشە[3]. هەروەها ملارمیە لە چاوپێکەوتنێکی دا کە جول هوریە ساڵی ١٨٩١ ئەنجامیدا دەڵێت شیعر هەردەم هەڵگری تەمومژە ئەمەش ئامانجی ئەدەبە، چونکە شیعر بۆ کۆمەڵێکی هەڵبژێردراوە[4]، ئەم کۆمەڵەیەش دەبێت توانای کردنەوەی کۆدەکانی هەبێت بەواتایەکی تر توانای خوێندنەوە و لێکدانەوەی لادانەکانی هەبێت لە دەقی ئەدەبی دا، کە شێواز سەپاندویەتییەسەری.

شێواز گرنگی بە دەوروبەری زمانی دەدات، تاکو واتای تەواو وەربگرێت، چونکە دەوروبەر مەبەستی وشەی بەکارهاتوومان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆ و روژاندنە یان بابەتییە، وەك زوربەی وشەکانی وەك: ئازادی و سەربەستی و یەکسانی.... هتد.[5]، هەروەك بلۆمفیلد دەڵێت: واتا ئەو دەوروبەرەیە کە

(٢) مصطفى ناصف: ١٦٧:١٩٨١

(٣) سالم شاكر: ٢٧:١٩٩٢

(٤) هنري بير: ٣٦:١٩٨١

(٥) هنري بير: ٣٩:١٩٨١

(١) أحمد حساني: ١٥٦:١٩٩٤

کاردانەوە و رەوشتی و زمانییەکانی قسەکەر رووندەکاتەوە[1]، ئەم بۆچوونە زیاتر لای أندری مارتینی André Martinet چەسپاوە کە دەڵێت: دوور لە دەوروبەر وشە واتای نییە[2]، بول جون ئەنتوان مییی Paul Jules Antoine Meillet روویەکی ئاماری دا بە دەوروبەر کاتێك جەختیکردەوە، کە وشە بە تێکرای واتای بەکارهێنانەکانی لێکدەدرێتەوە[3]، ئەمەش گەورەترین بانگێشەی لودویگ فیتگنشتاین Ludwig Wittgenstein بوو کە دەیگوت واتا بریتییە لە بەکارهێنان[4]، بەمەش شێواز دەبێتە بەکارهێنان، چونکە زمان کۆمەڵێك بارگەی دوورە پەرێزن شێواز دەبێتە هۆی کارلێکردنیان[5]، وشە بە تەنها دوورە پەرێزە ناتوانێت واتاکەی خۆی بدات بەمەش واتا فەرهەنگییەکەی کراوە دەبێت بۆ هەر لێکدانەوەیەك، بەڵام لە کاتی بەکارهێنانی لە رستە و دەق هەندێ واتای ون دەکات نزیك دەبێتەوە لە واتای مەبەست.

---

(٢) سالم شاكر: ١٩٩٢:٢٣

(٣) هەمان سەرچاوە: ٣١

(٤) هەمان سەرچاوە: ٣١

(٥) مورتون وایت: ١٩٧٥:٢٥٠-٢٥١

(٦) عبد السلام المسدي: ١٩٨٣: ٤٤

# بەشی دووەم

## بنەماو رێباز و هاوسێکانی شێواز

# بنەماو ڕێبازەكانی شێواز

## ١- بنەماكانی شێواز:

شێواز بەرهەمی هاوبەشی نێوان زمان و داهێنانی هونەرییە و شیكردنەوەی شێوازریش پێویستی بەم سێ بنەمایەیە:

١- زمان: چارەسەری دەقی ئەدەب دەكات لە ڕێگای بە هێماكردن.

٢- سوود و قازانج: پەلكێشكردنی دانەر و خوێنەر و هەڵێستی مێژووییە بۆ لێكدانەوە.

٣- جوانی ئەدەبی: كاریگەری دەقی ئەدەبی لەسەر خوێنەر دەردەخات[١].

شێواز كردەیەكی داهێنانە هۆغ Hough و جاكۆپسن پێیان وایە ئەركی ناوەندی ڕێكخستنی گوتارە و خۆی لە دوو كردە دەدۆزێتەوە هەڵبژاردن و ڕێكخستن[٢].

بەهێزی شێواز لەوەدایە بەرهەمەكەی بە زمانێك بۆ خوێنەرەكەی بنووسێت كە تێی بگات و پێویستە وشە دەربراوەكان ورد و ڕوون بن و وشەی دیار و ورد بەكاربێنێت نەك وشەی هاوبەشەكانی وەك فرەواتا و هاوبێژی.... و بیرۆكەكانیش دەبێت دیاربن و ڕۆنانی دەربرینەكان دەبێت گونجاو بن تا شێوازێكی كاریگەر بێتە ئاراوە، كاریگەری شێواز بەوە دەناسرێتەوە كە ئەقڵ و هۆش و سۆز و ئەندێشەی بە ئاگابێنێت، ئەمەش بەندەبە:

### ١- هێزی وێنە:

وێنەی بەهێز لە ئەنجامی تێپەڕاندنی واتای فەرهەنگی دەبێت: بۆ واتای خوازەیی. كە لە ئەنجامی بەكارهێنی وشەی بەهێز و كاریگەر دروست دەبێت. وەك:

دەمت چی؟ پڕ لە دوڕ، دوڕجێكی یاقووت
نیشانە و مۆری چی؟ خەتتێكی زمرووت

(مەحوی:-:١١٣)

(١) محمد كريم الكوّاز: ١٤٢٦: ١١٥

(٢) شوقي علي الزهرة: ١٩٩٨: ٤٩

لەم دێرە شیعرە شاعیر بە شێوەیەکی جوان وێنەیەکی شیعری دروست کردووە لەسەر یارەکەی. وێنەی دەم و لێوی یار دەکێشێت لەسەر بنەمای لێکچواندنی ڕەوان[1].

**٢- هێزی ڕۆنان:**

ڕێزکردنی وشەکان بە ووردی و ئاگایی و جێگای وشەی و پاش و پێشکردنی وشەو ڕستە و بەکارهێنی وشەی دژیەکی جوانکاری و کورتبڕی ...هتد. وەك:

نیشانەی خوێنی ئاڵ عاشقی کوژراوی ئەو یارەن
سەری پەنجەی حەنایی و لیباسی سووری گوڵناری
(ئەحمەد موختار جاف:١٩٨٦:١٦٨)

لەم نموونەیەدا نیوەدێری دووەم تەواو پاشخراوەتەوە کە لە زمانی ئاسایدا نیوەدێری دووەم دێت، پاشان نیوەدێری یەکەم، ئەم پاشخستنەش لە لایەن شاعیر بە مەبەست ئەنجامدراوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ (سەری پەنجەی حەنایی و لیباسی سووری گوڵناری)[2].

**٣- جوانی شێواز:**

جوانی ئەدگارێکی دەروونییە و بەرهەمی ئەندێشەی نووسەرە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت دوورکەوتنەوەی وشە و ڕستە و ڕەقی پێوەدیارنەبێت تا ڕەنگدانەوەیەکی جوانی پێوەدیاربێت، وەك:

کوردستانی گەورە و مەزن
وەك خەرمانی جووتیاری کورد بەشکراوە.
(عەبدوڵا پەشێو :١٩٧٢:٤٧).

(١) تاڤگە عومەر حەمە صالح:٢٠٠٩:٥٨
(٢) عەبدولسەلام نەجمەدین: ٢٠٠٨:٢٣٧

## بنەماكانی شێواز بە گشتی بریتین لە :

### أ- هەڵبژاردن:

شێواز ئەو بەرگە رازاوەیە كە بە بیردا دەكرێت[1]، بۆ ئەم رازانەوەش دەبێت هەڵبژاردن بۆ ئەو جلوبەرگە بكرێت كە بریتین لە وشە و زاراوە و رستە و چۆنییەتی دارشتنیان، سەرەتای هەڵبژاردن لەناو ئەو كۆمەڵە وشەی رێكخراوانە دەكرێت كە بە شێوەیەكی ستوونی نووسەر لە گەنجینەی فەرهەنگی یەكێك لە دەربرینە هاوشانەكاندا هەڵدەبژێرێت، چونكە داهێنەر بۆی هەیە وشەیەك بە وشەیەكی تر بگۆڕێتەوە.

هەڵبژاردن گرنگترین بنەمای زانستی شێوازە، چونكە شیكردنەوەی شێوازی لای داهێنەر بەندە بەم بنەمایەوە، داهێنەر كە وشەیەك لە ناو وشە هاوواتاكان هەڵدەبژێرت ئەم هەڵبژادنەش بێی دەوترێت گۆڕینەوە بە وشەیەك كە گونجاوە لەگەڵ دەوروبەر و بار[2].

زمانی دەقی ئەدەبی زمانێكی تایبەتە و نووسەر یان شاعیر وشەكانی لە نێو فەرهەنگێكی گەورەی زمان هەڵدەبژێرێت، تاكو بتوانێت پەیامێك ئامادەبكات كاریگەری خۆی هەبێت، كەواتە دەقی ئەدەبی زمانێكی هەڵبژێردراوە بە وردی و بە ئاگایی، هەروەك چۆمسكی دەڵێت رستە لە رێگای زنجیرەیەك هەڵبژاردنی وشە پێكدێت لە ناو رستەدا، چۆمسكی خاوەنی تیۆری رێزمانی گوێزانەوەیە كە رێگا دەدات بە بەرهەمهێنانی رستە تا نووسەر و شاعیر هەلێكی هەڵبژاردنی وشەكان و گۆڕینەوەی شێوازەكان وەرگرن بۆ بەكاهێنانی زمان[3].

---

(١) محمد معروف فتاح: ٢٠١٠: ٨٧

(٢) عبدالسلام المسدی: ٢٠٠٦: ١٣٤

(٣) جون لاینز: ١٩٩٥ :١٧-١٨

## ب- لادان Deviation:

بنەمایەکی گرنگی تری شێوازە کە دەرچوونە لە یاسا باوەکانی بەکارهێنانی زمان. ئینکفست وا پێناسەی لادان دەکات دەڵێت: مەبەستمان لە زاراوەی لادان جیاوازی نێوان دەق و یاسای رێزمانی گشتی زمانە بەمەش لادان دەبێتە نارێزمانی و نائاسایی[١].

## ج- دارشتن:

بیر بە تەنها ناتوانێت گوزارشت لە واتا بکات، دەبێت زمانێك هەبێت و لە رێگای کەرستەکانیەوە ئەو بیرە بە شێوازێکی گونجاو دەربرێت، ئەمەش بە زۆری بە خوازە دەکرێت خوازەش بەرگی بیرە شێوازیش چنین و دوورینی ئەو جل و بەرگەیە، شێواز پێویستی بە وشەی بەهێز و سۆزاوی هەیە و دەبێت لە شوێنی خۆی دابنرێت، دەبێت وشەکان لە بەرزی و نزمی لەگەڵ وشەکانی دەوروبەری خۆیدا بگونجێت، شێواز لەژێر کاریگەری کەسێتی و دەوروبەر و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دەگۆرێت، لکاندنی وشەکان بەیەکترەوە و رێزکردنیان هەندێکجار بە شێوەیەکی رێزمانییە و هەندێ جاریتر پێویستە دەستکاری بکرێت، هەر نووسەرێك رێگایەکی تایبەتی هەیە بۆ بەکارهێنانی وشە و رۆنانی رستە، پێویستە نووسەر ئەرکێکی زۆر ببینێت بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان[٢]، کەواتە شێواز رێگا و هونەری گوتنە لە رێگای:

- **وشە**: درێژی و واتا و جۆری دەگرێتەوە.
- **رستە**: رۆنان و بەستنەوە و درێژی و جۆر و ترپەی دەگرێتەوە.

شاعیران مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ وشە دەکەن و بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاری ناهێنن، بەڵکو بە جۆرێك بەکاری دێنن، کە جۆرە ئەفسونێك ببەخشن. شاعیر جۆرە ئازادییەکی هەیە هەروەك دەڵێن: ئەوەی بۆشاعیر رێپێدراوە بۆ کەسێکی تر رێپێنەدراوە.

(١) برنرد شبلنر:١٩٨٧:٧٩
(٢) طه وادي: ١٩٨٩:٢٥

ڕۆبەرت فراس لە پێناسەی شیعردا دەڵێت: شیعر ئەوەیە، کە شتێ بڵێی و مەبەستت شتێکی تر بێت، ئەمە بە هەموو واتایەکەوە کرۆکی شیعرە[١].

**ریتشارد دەڵێت:** شیعر شێوەی هەرەبەرزی زمانی سۆزە[٢].

**رسکن دەڵێت:** شیعر دەرخستنی سۆزە لە رێگای ئەندێشە واتە، زمانی خوازەیە[٣].

**موکارۆفسکی:** زمانی شیعر خاوەنی ئەوپەری تایبەتمەندی زەفکردنەوەیە، واتە، لادانە لە پێوەری باو و ئاساییەکانی زمان[٤] زمانی شیعر لە رووی هەست و سۆزەوە دەوڵەمەندە و ویژدانی مرۆڤ دەئاخێوی و وشە و رستەی بارگاویکراو بە هەست و سۆز هەڵدەبژێرێ بە مەبەستی کاریگەری کردنە سەر بەرامبەر و دروستکردنی وەڵامێکی ویژدانی لای خوێنەر. ئەمەش نایەتەدی ئەگەر پەیامەکە جێگای گرنگی خوێنەر نەبێت و پڕ نەبێت لە هەندێ خۆشی و ناخۆشی.

وشە سەرچاوەی پێکهێنەری زمانی شیعرە وئامرازی دەستی شاعیرە و جگە لەمەش دێل کانجی[٥] ، ئاماژە بۆ رۆڵی وێنە دەکات لە زمانی شیعرکە بەلادان لەزمانی ئاساییدا دروست دەبێت وەك: سیمۆندس دەڵێت: شیعر وێنەیەکی دوواوە و ئەندێشەیەك دەخولقێنێ، چونکە لە ڕێگایەوە شاعیر دەتوانێ دەست بە سەر خوێنەر دابگرێ.

زمانی شیعر زمانی وروژاندنی هەستە[٦] و لایەنی خودی مرۆڤی تیا رەنگ دەداتەوە[٧]، زمانێکی ئەندێشەیی وخوازەییە لە سەرووی زمانی ئاساییەوەیە، ئەگەرچی زۆربەی ئەو وشە و زاراوانەی شاعیر بەکاریان دێنێ واژە و زاراوەی ئاساین، بەڵام کە شاعیر بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و ئاوازەدار گیان بەبەر وشەکان دەکات جولە و واتای نوێیان پێ دەبەخشێ.

---

(١) محمد رضا شفیعی کدکنی: ١٣٧٨:٩

(٢) صلاح فضل:١٩٨٧:٣٧٨

(٣) احمد امین: النقد الادبی،١٩٨٣:٥٧

(٤) عەبدولخالق یەعقوبی: ٢٠٠١:٢٦

(٥) دیل کارنجی: د.ت: ١٨٣

(٦) میدیا: ١٩٩٨:١٨٧

(٧) مصطفى مندور: ١٩٧٤:١٨٣

## ٢- ڕێبازەکانی شێواز:

شێوازگەرەکان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی شێوازگەری لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵنەوە، هەندێکیان پەیوەندی شێوازگەرییان چڕکردۆتەوە لە پەیوەندی داهێنەر بەدەق و جەختیان لەسەر ڕەنگدانەوەی کەسایەتی کردووە لە دەقەکەی، لەم بارەشدا پەیامی زمانی دەبێتە ناساندنی کەسایەتی داهێنەر، ئەمەش دیارە دەچێتە چوارچێوەی دەروونناسی.

هەندێکی تریش گرنگی بە دەق دەدەن لەگەڵ پەیوەندییەکەی بە خوێنەر و وەرگر، تیایدا گرنگی دەدرێت بە کاردانەوەی خوێنەری دەق، لێرەدا ڕێژەی کاریگەری دەبێتە پێوەر بۆ دەقی باش و خراپ، دەستەیەکی تر داهێنەر و خوێنەر بەلاوە دەنێت و لێکۆڵینەوەکانیان ئاراستەی دەق دەکەن، وای بۆدەچن تاکە ڕێگایە بۆ دۆزینەوەی واتا و لایەنە شاراوەکانی دەق لە ڕێگای تایبەتمەندییە زمانییەکەی، کە لە دەقێکی تری جیادەکاتەوە.

دەق پێی سەردەم و تێڕوانین ڕێبازەکانی شێواز گۆرانی بەسەرداهاتووە ئەمەی خوارەوەش گرنگترین ڕێبازەکانییەتی:

### أ- شێوازی دەربڕین (بالی ١٨٦٥ - ١٩٤٧):

ئەم جۆرە شێوازە بالی رابەرایەتی دەکات، مەبەست لەم جۆرە شێوازە وزەی ئاخاوتنی ئاخێوەرە کە هەڵگری گڕ و کڵپە و هەست و سۆزیەتی و ئاخێوەر هەوڵدەدات وشەکانی بارگاوی بکات بە ڕێژەیەکی زۆر لە واتا، کە کاریگەری بکاتە سەر وەرگر، بەواتایەکی تر خەست کردنەوەی واتا دەگرێتەوە[1]. بالی لەم شێوازگەرییەدا گرنگی دەدات بە چۆنییەتی دەربڕین لە ڕێگای وشە و ڕستە و ڕۆنان و ڕێزکردن کە هەڵقوڵاوی ویژدانی وەرگرن، بەم شێوەیەش دەربڕینە زمانییەکان دەبنە هەڵگری سۆز و کاریگەری دەکەنە سەر خوێنەر و وەرگر، بالی بۆ ئەم دەربڕینە گرنگی بە زمانی باو واتە زمانی ڕۆژانە parole دەدات نەك زمانی ئەدەبی و دواتر تایبەتمەندییە کاریگەری و سۆزداری و هەڵچوونەکان

(١) محمد اللويمي:-: ٤٤

جیادەکرێتەوە کە جیاوازن لە دەربڕین و دەگۆڕێت بە پێی کەس و دەوروبەر[1].
بالی سەرەڕای گرنگی دان بە زمانی ڕۆژانەی خەڵك، کە زمانێکە دوور لە قورسی و ئاڵۆزی و زیاتر لایەنی وەسفی دەگرێتەوە، گرنگی بە ڕۆنانی گشتی سیستەمی زمان و شیکردنەوەی هێمای زمانیش دا، چونکە چەمکێکن بەستراونەوتەوە بە بیری قسەکەر، بۆیە دەبینین شێوازگەرییە وەسفییەکەی بالی لەنێوان سێ تەوەرە دەخولێتەوە: ئەقڵ و سۆز و کاریگەری لە خوێنەر.




بالی پێیوایە لە کرۆکدا مرۆڤ سۆزدارە پێش هەموو شتێك هەربۆیەش سۆز دەخاتە پێش ئەقڵ و زمان دۆزەرەوەی ئەم مرۆڤەیە، بالی پێی وایە ڕۆڵی شێوازگەری بە لێکۆڵینەوەی نرخی هەست و سۆزەوە بەندە و هەندێ جاریش بە نرخی دەربڕینی بێ ئاگایی لە چوارچێوەی زماندا.لە لایەکی ترەوە بۆ نرخی کاریگەری ئاگایی چەند توانایەك هەیە، بۆ نموونە بۆ سوپاس چەند دەربڕینێك هەیە وەك:

- سوپاسم قبوڵ بفەرموو
- زۆر سوپاس.
- زۆر مەمنونتم.
- تۆ بەراستی هاورێت

هەر یەك لەم دەربڕینانە جۆرێکی تایبەتن لە دەربڕینی هەمان بیرۆکە.

(١) رجاء عايد: ٣١:١٩٩٣

ئەگەر یەکێك هەواڵی بەیەکدادانی ئوتۆمۆبیلێك بەیەکێك بڵێت و کەسەکەش هاوار بکات و بڵێت: ئەی داماو!

لای بالی ئەم دەربرینە دوو ڕۆنانی هەیە کە لەگەڵ ڕووداوەکە گونجاون:

أ- سەرسوڕمانی پەیوەست بە ئاوازە یان چۆنییەنتی دەربرینی دەستەواژەکە.

ب- لە ئەنجامی هەڵچوون و بەزەیی لابردن دێتە ئاراوە وەك ئەوەی کە ناوەکەی لابدرێت:

- داماو شێروان![1].

چەمکی دەربرین لای کرۆز، گۆڕاوە بۆ ڕووداوێکی هونەری جوان، نووسەر هەست و لێکدانەوەکانی دەرنابڕێت، ئەگەر کەرەستەی گوناجاو و پێویستی کەوتە بەردەست، بەڵکو هەوڵدەدات لەم کەرستانە بکۆڵێتەوە و پۆلینیان بکات[2].

توێژەران ئەم جۆرەی شێواز بە زانستی هەژمار دەکەن و پێیان وایە زانستی تەواوە هەر وەك شێوازگەرە فەرەنسییەکان پێر جیر و جیرار جنجمیر، کە بانگێشەی شێوازگەری نوێ دەکات، لەم چوارچێوەیەدا قوتابخانەی شێوازگەری فەرەنسی فراوانبوو و کارەکانی شارل برینۆ و مارسیل کریسۆ ی گرتەوە، ئەم قوتابخانە نوێیە پشتی زیاتر بە واتای جۆراو جۆر دەبەستێت لە چوارچێوەی زماندا، دواتر گەشە و گۆڕانێکی زیاتری بەخۆوە بینی و زمانی دەق لە مەبەستەوە گۆڕا بۆ هۆیەکی لێکۆڵینەوە لە دەربرین و لە پێناو مەبەستی شێوازی ئەدەبی بەم پێیەش شێوازگەری دەبێتە ئەو زانستەی کە نرخی جوانی لە کارەکانی داهێنان دەدۆزێتەوە. زۆر شێوازگەری تریش هاتنەسەر ئەم بیرە وەك: جول ماروزو و مرسیل کریسۆ، ڕۆبەرت سایس و شیفات ئۆلمان.... هتد.

## ب- شێوازی دەروونی (لیو سبیتز (١٨٨٧- ١٩٦٠):

هۆگۆشۆخارت پێی وایە زمان داهێنانێکی تاکە کەسیە و کۆمەڵ لە ڕێگای لاسایی کردنەوە دەیگشتێنێ، پێکهاتەی دەروونی تاکە کەس بنەمایەکی کاریگەرە

(١) عزة آغا ملك: ١٩٨٦:٨٨

(٢) إبراهيم محمود خليل:٢٠٠٧:١٥٣– ١٥٤

له داهێنان،. شێوازگەری دەروونی کاریگەری ئەدەبی بە هۆیەکی گەیشتن دادەنێن بە دەروونی داهێنەر لە رێگای فەرهەنگ و رۆنانە زمانییەکەی کە هەڵگری دەقە ئەدەبییەکەیە، تاکو توێژەران بگەنە خودیەتی شێواز لە رێگای پێکهاتەی زمانی دەقێکی داهێنراو.

شێوازی دەروونی یان تاك لەسەر دەستی لیو سبیتزرLéo Spitzer نەمساوی دەرکەوت وەك کاردانەوەیەك بۆ شێوازگەری بالی و لە ژێر کاریگەری مامۆستا ئەڵمانییەکەی کارل ڤوسلیر (١٨٧٢ - ١٩٤٩). لە پەرتوکەکەیدا (لێکۆڵینەوەیەك لە شێواز) لەم پەرتووکە ڤۆسلێر گرنگی بە خودی داهێنەر دەدات بە تایبەتی شێوازەکەی و تەنهایی لە نووسین، رەنگدانەوەی خودی نووسەر و کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە شێوازییەکانی. سبیتزر تارادەیەك سەرکەوتوو بوو لە بەستانەوەی شێواز بە لایەنی دەروونی خوودی بەرهەمهێن (نووسەر) دیسان توانی خودی داهێنەر لە رووی مێژووییەوە بە نێوەندی کۆمەڵایەتی گۆڕاو ببەستێتەوە و پێی وایە چینێکە لە کۆمەڵگایەکی گەورە و یەکێکە لە تاکەکانی کۆمەڵ و گیانێکی گشتیانە لە پاڵ گیانە خودیە تایبەتە لەناو دەوروبەری کۆمەڵایەتی گشتی[1]، کەواتە تێروانینی سبیتزر بۆ شێواز لە رێگای خودی داهێنەر و تایبەتمەندییە تاکییەکەیەتی لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی و بەشداریدەکات لە جوانکردنی شێواز بە تایبەتمەندی تایبەت بە پێی ویست و ئارەزوو، بەم پێیەش شێواز دەبێتە تایبەتمەندییەکی کەسی لە دەربڕین و لە رێگایەوە نووسەر دەناسینەوە، کە لە چەند رێگایەکەوە ئەم کەسایەتیانە دروستبوون و لە رێگای چەند خودێکی تر شان بەشانی یەکتر کۆمەڵێك پێکدێنن و دەژین کە یەك باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی تایبەت فەرمانڕەواییان دەکات[2].

(١) رجاء عايد: ١٩٩٣:٥٣

(١) رجاء عايد: ١٩٩٣:١٢٦

شێوازگەری دەروونی نقوم بووی خودیەتی داهێنەرانەیە و سبیتزر لەو بڕوایە دایە شێواز دەتوانێت لە ناودەقدا لە ڕێگای شێوازە ڕەسەنەکان و بنەما خودی و تاکییەکان کە هەڵقوڵاوی داهێنەرن لە دەربریندا، درك بە کردە زمانییەکان بکات. لێکۆڵینەوە شێوازییەکانی لەم جۆرە زیاتر قورسایی دەخەنە سەر گۆڕانە زمانییە بەدوایەکداهاتووەکان کە داهێنەر لە ژێر کاریگەری ئەزموون و هەست و سۆزی ئەنجامی داون. شێوازگەری دەروونی لەم بارەدا بە لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی داهێنەران دەچێت لە ڕێگای زمانی دەق و ئەو واتایەی کە هەڵی دەگرێت.

سبیتزر کاریگەری کەسانی پێش خۆی لەسەر بوو کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن پەیوەندی هەیە لە نێوان نووسەر و شێوازەکەی لەوانەش ئەفلاتوون کە وای بۆ دەچوو ئەدگاری مرۆڤ چۆنبێت شێوازەکەشی ئاوا دەبێت، سینیك پێی وایە شێواز وێنەی ڕۆحە و بوفون (١٧٠٧ - ١٧٨٨) Buffon لە کۆڕی زانستی فەرەنسی وتارێکی گرنگی پێشکەشکرد لە ساڵی ١٧٥٣ لە ژێر ناونیشانی (چەند وتارێك لە شێواز) تیایدا دەڵێت شێواز مرۆڤ خۆیەتی واتە وێنەی خاوەنەکەیەتی کە هەست و بیرکردنەوە تێڕوانینی دەردەخات، هەروەك عەبدولسەلام مەسەدی دەڵێت: فەلسەفەی خودە لە بوون(١).

سبیتزر پێی وایە مرۆڤ کە زمان بەکاردێنێت مەرج نییە پابەندی یاسا ڕێزمانییەکان بێت و دەتوانێت خۆی لێبدزێتەوە و ڕۆنانێکی نوێ دابهێنێت جیابێت لەوانی تر بەمەش شێوازێکی تاکی تایبەت دێتە ئاراوە کە کەسایەتی نووسەر تیایدا ڕەنگدەداتەوە.

بوفون بە تیۆرەکەی کاریگەری کردە سەر ئەوانەی دوای خۆی هاتن وەك: (بول کلودال، شوبنهاور، فلوبیر، ماکس جاکوب...). شێوازی خودی هەروەك فریدیریك دولوفر - F. Deloffre ڕاستییەکە ئەوەی هەندێ شارەزایی هەیە دەتوانێت ٢٠ دێرە شیعر لە شیعرەکانی ڕاسین (Racine) یان کورناییان (Corneille) جیابکاتەوە یان لاپەڕەیەك لە پەخشانی بلزاك (Balzac) یان

(٢) عبد السلام المسدي: ٢٠٠٦: ٦٦

Stendhal ستاندال[١] جیابکاتەوە ئەمەش وامان لێدەکات دان بە شێوازی تاك بنێین کە لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت زۆر جاریش دەبێت ئەم شێوازە ببێتە گشتی بۆ هەموو کات و زەمانێك دەست بدات کە ڕێگایەکی گشتییە چۆنییەتی باس لە چۆنیەتی کاریگەری ئەقڵ لەسەر سروشت دەکات[٢].

## ج- شێوازی ڕۆنانکاری:

بە بڵاوترین شێواز هەژمار دەکرێت، کاریگەری ڕۆنانکاری زمانی لەسەرە بە تایبەتیش زانستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی بۆ دۆزینەوەی واتا و ڕەنگدانەوەکانی دەق لە ڕێگای شیکردنەوەی کەرستە زمانییەکان، کە درێژکراوەی بیروراکانی سۆسێرە، کاتێك کە جیاوازی لە نێوان زمان و ئاخاوتن کرد، بەهەمان شێوەش درێژکراوەی ڕێبازی بالی یە لە شێوازی دەربرینی وەسفی[٣]. ڕۆنانکارییەکان پەرەیان پێداو کەلێن و کەموکورییەکانیان چارەسەرکرد، شیکردنەوەی شێواز لەم بارەدا دەکەوێتە ژێرباری لێکدانەوەی کاری هونەری، چونکە ئۆرگانێکی هەستییە[٤].

شێوازی ڕۆنانکاری گرنگی بە پەیوەندی و گونجانی ناوەوەی دەق دەدات و پتەوییەکەی دەخاتە ڕوو لە ڕێگای پەوەندییە پێکهاتییە جۆراوجۆرەکانییەوە وەك بەکارهێنانی ڕاناو ئامرازەکانی پەیوەندی و... هتد، کە نووسەر پەنای بۆ دەبات بۆ ڕێکخستنی ڕستەکان[٥].

ئەم ڕێبازە لە ڕێگای شیکردنەوەی ڕۆنانی زمان و پێکهێنەرەکانی و ڕادەی گونجانیان لە دەقدا هەوڵدەدات کاریگەری ئەدەبی بەدەست بێنێت و لێیبکۆڵێتەوە، ئەم ڕێبازە پێی وایە دەقی ئەدەبی بەرهەمێکی سادە و ساکار نییە لە ڕووی پێکهاتەوە، بەڵکو ڕۆنانێکی پتەوە لە ڕووی پێکهاتەوە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ بە یاسایەکی تایبەت پێکهاتەکانی بەیەکەوە

(١) عبد السلام المسدی: ٢٠٠٦: ٥٥
(٢) جميل صليبا: ١٩٧١: ٨١
(٣) محمد اللويمي: ٢٠٠٥: ٤٥
(٤) شفيع السيد: ١٩٨٦: ١١٧
(5) http://www.djelfa.info/vb/showthread.php?t=222248

دەبەستێتەوە و تایبەتمەندی هەر دانەیەك لە دانەکان پەیوەستە بە پێکهاتەی گشتی و ئەو یاسایانەی کە کاریان لە دەقەکە پێدەکرێت، بۆیە دانە فەرهەنگییەکان هیچ بوونێکی سایکۆلۆجی و فیزیۆلۆجی سەربەخۆیان نییە دوور لە و پەیوەندییە گشتییەی کە لە ناودەقدا هەیانە، هەربۆیە ناتواندرێت دانە زمانییەکان دوور لەوپەیوەندییەی کە هەیانە لەگەڵ دانە بەرامبەرییەکانیان پێناسە بکرێن[1]، ئەم کاتە دەتوانین لە رێگای زمانی هەڵگری دەق رادەی ئاوێتەبوونی روخسار لە رێگای دانە فەرهەنگی و رستە و دەنگ و رۆنانە رێزمانییەکان لە دەوروبەرێکی رێزمانی لەگەڵ ئەو واتایەی لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی دێتەئاراوە بزانین بەواتایەکی تر رادەی ئاوێتەبوونی رووخسار و ناوەرۆك دەستنیشان بکەین..

بنچینەی شێوازگەری لەسەر زمان و پەیوەندی نێوان وشە و رستەکان لە سنوور و چوارچێوەی دەق دامەزراوە و ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە دەقە ئەدەبییەکان و دوور لە رەچاوکردنی باری دەروونی و مێژوویی، هەر بۆیە رەخنەگرانی ئەم شێوازە بە دوای رەسەنایەتی دەق ناگەڕێن، بەڵکو زیاتر گرنگی بە گونجاندنی دەق دەدەن لەگەڵ خۆی دا، لە رێگای نزیکایەتی و گونجانی کەرستەکان لەگەڵ یەکتردا، کە جوانی پێکهاتەکان نیشان دەدەن، لەم سۆنگەیەوە دەقی ئەدەبی هۆنینەوەی زمانە و گوزارشت لە خودی خۆی دەکات لە گونجاندنی دانە فەرهەنگییەکان و پەیوەندیان بەیەکەوە.

رادەی گونجاوی بەشەکانی دەق وپەیوەندییان بەیەکەوە دەقێکی ئەدەبی لە زمان درووست دەکات سەرەڕای تایبەتییە داهێنانەکەی لە چوارچێوەی دەوروبەری گشتی زمان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەرچەندە دەق گرنگی بە خودی خۆی دەدات ئەوا گرنگیش بە وەرگر دەدات وەك بنەمایەکی گرنگ بۆ کاراکردنی کردەی داهێنان ئەمەش وای لێدەکات ببێتە پارچەیەکی هونەری بەرز و خاوەن سیحری راکێشان و کاریگەری جوانی، تا ببێتە جێگای رەزمانندی هونەردۆستان و لە چوارچێوەی زمانێکی هونەری سوودمەند چێژی لێوەربگرن.

---

(١) محمد عزام: ١٩٨٩: ١١٠

جاکۆپسن رۆڵێکی بەرچاوی لەم جۆرە شێوازە هەبووە و پێی وایە ئەدەب دوورترە لە واتا و کاری ئەدەبی دەبێت هەموو ڕێگاکانی شێواز بگرێتەوە، چونکە شێواز تاکە پاڵەوانە لەم گۆڕەپانە دا[1].

ریفاتیر پێی وایە دەق خاوەن رۆنانە و پێویستە بە دوایدا بگەڕێین هەروەها گرنگی بە وەرگر دەدات بۆ دیاریکردنی شێواز، ئەم شێوازە لێکۆڵینەوە لە داهاتی زمان دەکات و بارگەیەکی بەهێزی زانیاری دەگوازێتەوە[2]، هەروەها پێی وایە هەموو رۆنانێکی دەق کاردانەوە لای خوێنەر دروست دەکات، ئەمەش دەبێتە بابەتێك بۆ شێواز جا هەرچەندە ئەم کاردانەوەیە بە ئاگا بێت هەست دەکرێت بابەتەکە بەهێزتر دەبێت[3]، ریفاتیر گرنگییەکی زۆری بە دەوروبەری شێوازی دا وای پێناسەکرد کە ڕێکخستنێکی زمانییە[4]، بەشێوەیەك بەشێکی تایبەتی لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی (هەوڵەکان بۆ شێوازگەری رۆنانکاری) بۆ تەرخانکردووە و دەوروبەری دابەشکردووە بۆ دەوروبەری گەورە و بچووك .یاکۆپسن یەکێکی ترە سەر بەم ڕێیازە هەرچەندە پیر جیرۆ پێی وایە سەر بە ڕێبازی شێوازی ئەرکییە.

---

(١) رجاء عايد: ١٩٩٣:٤٨

(2) Riffaterre; 1971:45

(3) Riffaterre; 1971:182

(٤) شكري عياد: ١٩٨٥:١٤٨

**د- شێوازی ئاماری:**

شێوازی ئاماری بیرکارییە دەقی ئەدەبی شیدەکاتەوە بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتییەکانی گوتاری ئەدەبی و ئامرازە رەوانبێژییە جوانکارییەکانی. ئەم جۆرە پێی وایە شێواز بریتییە لە هەڵبژاردنەکانی دانەر، جا ئەگەر ئامارێك بۆ ئەو هەڵبژاردنانە بکرێت ئەوا شێوازی نووسەر دەناسرێتەوە[1]، ئەم جۆرە شێوازە تایبەتە بە برِ و ئاماری دیاریدەی زمانەوانی لە دەق و لە ئەنجامی ئامارەکان یاساکانی بنیات دەنێت، ئەمەش وردترین و ئاسانترین رێبازە بۆ ئەوانەی بە دوای وردی دا دەگەڕێن و خۆ لە رەخنەی خودی بەدوور دەگرن[2]، ئەم جۆرە شێوازە بەندە بە دوو بنەما:

أ- **دەبرینی رووداو:** ئەو وشە و رستانە دەگرێتەوە کە گوزارشت لە رووداو دەکەن.

ب- **دەبرینی وەسف:** ئەو وشانە دەگرێتەوە کە سیفەتن.

لەم رێبازە ئامارێك دەکرێت بۆ نرخی ژمارەیی بە پێی کەم و زۆری کە هەڵسەنگاندنەکەی لەسەر دەکرێت، ئەم جۆرە رێبازە دەبێتە مایەی ساغکردنەوە و دەرەنجامێکی دروست و بابەتی رەخنەگر[3].

توێژەران ناکۆکن لەسەر سوودی بەکارهێنانی تەکنیکی ئامار لە لێکۆڵینەوە شێوازییەکان بۆ نموونە گریماس دژی دەوەستێ و مولەر لایەنگیری دەکات، ئۆلمان پێی وایە رێگاکانی ئامار ناتوانی شتە شاراوە وردەکانی نێو دەق بدۆزێتەوە دوور لە دەوروبەر و زاڵکردنی چەندێتی بەسەر چۆنییەتی و کۆکردنەوەی رەگەزە جیاوازەکان لەیەك کۆمەڵە لەسەر بنچینەی لێکچوونێکی رووکەش.

ئەم شێوازە بیرکارییە دەق لە شعریەت دوور دەخاتەوە و نرخی هونەری جوانی ناهێلێت، چۆمسکی وای بۆ دەچێت زاراوە زانستییە قەبەکان و ئامارە کاریگەرەکان کە رەوشتکارەکان لێکۆڵینەوەکانیان پێ داپۆشیووە تەنها وەك رەنگێگ لە رەنگەکان دەیبینم بۆ هەڵخەڵەتاندن و خۆ بە دوور گرتنە لە لێکدانەوەی راستییەکی ساکار کە زمان جۆرێك نییە لە خو و رەوشت و جیاوازی

(١) حسن ناظم: ٢٠٠٢: ٤٩

(٢) محمد عبدالمطلب: ١٩٩٤:١٩٨

(3) http://www.djelfa.info/vb/showthread.php?t=222248

کرۆکی هەیە لەگەڵ ڕێگاکانی پەیوەندی نێو ئاژەڵەکان[1]. لەگەڵ ئەوەش پیرجیرۆ توانی هاوتەریب لەگەڵ هاوەڵکانی شێوازی ئاماری دامەزرێنێت کە توانای پێوانی هەبێت لە رووی چەندێتییەوە، بۆ نموونە ڕێژەی رستەی کاری ٣٩٪ لە لە پەرتووکی (الایام) تەها حسین و لە پەرتووکی (حیاه قلم) ی عەقاد ١٨٪ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەرتووکی (الایام) نزیکترە لە شێوازی هەڵچوون و جوولانەوە لە بەرامبەر پەرتووکی عەقاد کە شێوازێکی عەقلانی وەرگرتووە.

## هـ- شێوازی بازنەی فیلۆلۆجی:

ئەم ڕێبازە لێکۆڵینەوە لەسەر کاری ئەدەبی بە سێ قۆناغ دەکات:

**یەکەم:** رەخنەگر سەرەتا دەقەکە دەخوێنێتەوە تا سیمایەکی دیار دەدۆزێتەوە کە دووبارەیەکی بەردەوامی بەخۆوە گرتووە.

**دووەم:** رەخنەگر هەوڵدەدات تایبەتمەندییەکی سایکۆلۆجی بدۆزێتەوە کە روونکردنەوەی دیاریدەکە لەخۆوە بگرێت.

**سێیەم:** جارێکی تر بۆ دەقەکە دەگەڕێتەوە تاکو بەدوای چەند دیاریدەیەکی تری تایبەتمەندی ئەقڵی بگەڕێت.

ئەم سێ قۆناغە بازنەیەك جار دوای جار بە چوارچێوەی دەقەکەدا دەکێشن هەر جارەی دیاریدەیەك زەق دەبێتەوە و لێکۆڵینەوەی دەربارەی دەکرێت[2].

## و- شێوازی ئەرکی (لادان):

لادان زاراوەی جۆراوجۆری بۆ دانراوە بۆ نموونە: لیچ: لادان، ڤالیری: زێدەرۆیی، سپیتز: لادان، جان کوهین: سەرپێچی، تۆدۆرۆڤ: شکاندنی یاسا و نەریتەکان، ئارگۆن: دەستکاریکردن، پارت: ناشیرین کردن، سیری: سەرپێچی، رینیە ویلك: تێکدان، پاتیار: دەرکەوتن، یاکۆپسن: نائومێدی...هتد[3].

لادان بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی زمانە بۆ وشە و رستە و وێنە....هتد. بەکارهێنانێك کە لە شێوەی باوی دەرچووبێت و تایبەتمەندی تاك و داهێنان

(١) جون لاینز: ٢٠٠٥:٣٦

(٢) عبدالسلام المسدی: ٢٠٠٦:٢٤٤

(٣) یوسف ابو العدوس: ٢٠٠٧:٣٧

و راکێشانی پێوەدیاربێت. پول ڤالیری دەڵێت: شێواز لادانە لە یاساو و دەستوور، کەواتە لادان دەرچوونە لە شێوەی باوی قسەکردنی ئاسایی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ [1] ئەم جۆرە لە سەر دوو بنەما بەندە:

أ- لێکۆڵینەوە لەسەر دەقێکی زۆر کە جۆر و رەگەزەکانی ئەدەب بگرێتەوە بۆ دۆزینەوەی میکانزمێك بۆ دۆزینەوەی شێواز.

ب- سوود وەرگرتن لە زانستی دەروونناسی و خوێندنەوەی زۆری دەقەکە بۆ خۆ خزاندنە ناو ناخی دەقەکە[2].

ریفاتیر بۆ لادان دوو زاراوەی گرنگ باس دەکات کە بریتین لە:

- کاردانەوە (rebound):

بریتییە لە کاردانەوەی ئەو واقیعە شێوازەی، کە پێشتر خوێنەر نرخەکەی دۆزیوەتەوە.

- دەق ئاوێزان (ئاوێتەبوونی دەق):

بریتییە لەوکاریگەرییەی کە لە ژمارەیەك شێواز دروستبووە، تاکو هێزێکی دەربرینی کاریگەر دروست بکات، کە نموونەی بە ئاگایی زیاترە بۆ بەکارهێنانی زمان[3]، لێرەدا برنرد شبلنرن هەندی پرسیاردەکات:

- لە چ ئاسێکی زمان دەتواندرێت لادان بکرێت؟

- دەق لە چ شتێکدا بەوردی دەق لادان دەکات؟[4]

نووسەر لە پەیامەکەی ئامانجی ئەوەیە، کە خوێنەر بکاتە هاوبەشی خۆی لە لێکدانەوە و شیکردنەوە، جا چ روودەدات ئەگەر لادانەکە زۆربوو و بوە هۆی لێلی پەیام ئەمەش رویداوە، چونکە خوێنەر ناتوانێت کۆدەکان بکاتەوە و واتاکەی بدۆزێتەوە، بۆیە زۆرجار دەگوترێت لادان دەبێتە هۆی لێلی و بێهێزکردنی

(١) إبراهيم محمد: ١٩٨٣: ٩

(2) http://www.djelfa.info/vb/showthread.php?t=222248

(٣) شكرى عياد:١٩٨٨: ١٥٠

(٤) برنرد شبلنرن: ١٩٨٧: ٦٨

دەق جا هەرچەندە شاعیر هەوڵبدات لە لادان قووڵ بێتەوە ئەوا زیاتر لە جەماوەرەکەی دوور دەکەوێتەوە[1].

شاعیری گەورەی ئینگلیز کیتس kits یەکێك بووە لەوانە، کاتێك نامەیەکی بۆ براکەی نووسی لە ١٨ شوبات ١٨١٩، سەرکۆنەی ئەوانەی کرد، کە واتای وشەفەرهەنگییەکە وەردەگرن دوور لە واتا دوورەکەی[2]. لایەنگرانی فیجنشتاین بەم جۆرە شاعیرانە دەڵێن دەمارگرژەکان، چونکە لادانی قووڵ قسەی بێ نرخ بەرهەمدێنێت[3].

لادان رێگایەی داهێنانی شیعرە لە ناو زمانی پەخشان و ئەرکی دروستکردنی وروژاندن و رەنگدانەوەیە[4].

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە تا چ رادەیەك لادان دەتوانێت بەردەوام بێت ؟ ئایا ئەرکی کاریگەری دروستکردن پاساوە بۆ دەستاودەستپێکردنی خوێنەر و دوور کەوتنە لە خوێنەرێکی زۆر، چونکە ئەدەب ئامانجی گەیاندنی پەیامە و پەیوەندیکردنە؟ بەم پێیەبێت نابێت لادان ئەوەندە قوڵبێت و خوێنەر لە خۆی دابرێنێت.

**ز- شێوازی کاریگەری:**

ئەم ئاراستەیەی شێواز گرنگی بە وەرگر دەدات و پێوانەی کاریگەری دەق لەسەر وەرگر دەخاتە روو لە رێگای کاردانەوە و بەپیرەوەهاتن، وەرگر لەم رێبازەدا مافی ئەوەی هەیە واتای دەق فراوان بکات بە پێی تاقیکردنەوە و توانستی خۆی.

**ح- شێوازی دەنگی:**

زانستی جوانی زمانی پێدەگوترێت بابەتەکانی بریتین لە لێکۆڵینەوە لەو یەکە زمانییەکان و دەوروبەری دەنگی لە دەقی ئەدەبی لەگەڵ لێکدانەوەی ئەو

(١) خلیل الموسی: ١٩٩١: ٩٩
(٢) هنری بیر: ١٩٨١: ٨
(٣) مورتون وایت: ١٩٧٥: ١٠٧
(٤) خلیل الموسی: ١٩٩١: ١٠٠

نیشانانەی کە واتا و ڕەنگدانەوە دەنوێنن کە یارمەتی گواستنەوەی بیرۆکە دەدەن و پشت بە گۆڕانکارییە دەنگییەکان دەبەستێت. ئەم شێوازە گرنگی بەم سێ لقە دەدات:

- لێکۆڵینەوە لە دەنگە ئەبستراکەکان.
- لێکۆڵینەوە لە ترپە و کاریگەری لەسەر جوانی قەسیدە.
- لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا[1].

---

([1]) إبراهيم محمود خليل: ٢٠٠٧: ١٥٣.

## ٣- شێواز و هاوسێکانی:

شێواز له خاڵێکی نهگۆڕ ناوهستێ بۆ پهرهپێدانی لێکۆڵینهوهکانی رهخنهیی و رهوانبێژی و زمانهوانی له دایك بووه[١]. ههر بۆیهش پهیوهندی بهم سێ زانستهوه ههیه:

١- پهیوهندی لهگهڵ زمان پهیوهندی سهرچاوهیه واته زمان سهرچاوهی شێوازه.
٢- پهیوهندی به رهخنه پهیوهندی ئامرازهکانی کارکردنه.
٣- پهیوهندی به رهوانبێژی پهیوهندی جمکایهتی و رهسهنایهتییه.

### أ- شێواز و رهوانبێژی:

رۆلان بارت دهڵێت: جیهان پڕه له رهوانبێژی کۆن به شێوهیهك بڕوا ناکرێت[٢] ئهمهش ئهوه دهگهیهنێت که رهوانبێژی نوێش ههیه، پێرجیرۆ دهڵێت: دهتوانین بڵێین شێواز رهوانبێژی نوێیه[٣]، ئهم دوو زانسته زۆر لهیهك نزیکن و ههندێك پێیان وایه، که شێواز میراتگرهوهی رهوانبێژییه، ههرچهنده ههردوکیان سهر بهیهك بوارن که زمان و ئهدهبه وزانستی شێواز سوودێکی زۆری له رهوانبێژی وهرگرتووه وهك واتاشناسی رونبێژی و جوانکاری، له دووبنهماکهی شێوازدا بهیهك دهگهن که بریتییه له ههڵبژاردن و لادان. رهوانبێژی پشت به پێداویستییهکانی بارودۆخ دهبهستێ و شێوازیش به بار، ئاشکراشه که نزیکایهتییهك لهم نێوهندهدا دهبینرێت.

سهرهرای ئهم نزیکیه جۆره لێکترازان و دوورکهوتنهوهیهکیان ههیه وهك ئهوهی شێواز له گشت دیارده زمانییهکان دهکۆڵێتهوه وهك دهنگ و رێزمان و واتا.....هتد[٤]، رهوانبێژی نزیکتره له رێزمان[٥]، رهوانبێژی زانستێکی کۆنه و زانستی شێواز زانستێکی نوێیه، رهوانبێژی لێکۆڵینهوهکانی دووره له دهوروبهر و کات، بهڵام شێواز به دوو رێگا لێکۆڵینهوه دهکات:

- ئاسۆیی: پهیوهندی دیاریدهکان لهگهڵ یهك له یهك کاتدا.

---

(١) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤ :١٥
(٢) حسن ناظم:٢٠٠٢ :١٣
(٣) شوقي علي الزهرة: ١٩٩٨ :١٨
(٤) شوقي علي الزهرة: ١٩٩٨ :١٨
(٥) بشرى صالح: ٢٩٠:٢٠٠١

- ستوونی: گەشەی دیاریدەیەك بەپێی گۆڕانی كات.

ڕەوانبێژی هەوڵدەدات ڕادەی سەركەوتویی دەق دەستنیشان بكات تا داهێنان بدۆزێتەوە، بەڵام شێواز دیاردەی داهێنان لێكدەداتەوە پاش ئەوەی ساغكردنەوە لە بوونی و زەفكردنەوەی تایبەتمەندییەكانی و هەڵسەنگاندنی، ئەو پەڕی ڕەوانبێژی لە لێكۆڵینەوە دەقییەكان لەسەر جووتە ڕستەكان هەڵوەستەدەكات و بەڵگە و نیشانەی پێویست هەڵدەبژێرێت و هەڵیان دەوەشێنێتەوە، بەڵام شێواز دەقی تەواو شیدەكاتەوە و لە ڕوانگەی پەیوەندی بە دەقەكە لە كەرتە پێكهێنەرەكانی دەڕوانێت، جگە لەمەش ڕەوانبێژی ئامانجی هەڵسەنگاندنە، بەڵام شێواز ئامانجی دەستنیشانكردن و وەسفی دیاریدە هونەرییەكانە[1].




## ب- شێواز و ڕەخنەی ئەدەبی:

(١) محمد اللويمي: ٢٠٠٥: ٤٨-٤٩

شێواز و ڕەخنە لە خاڵی چارەسەری ئەدەبی یەکدەگردنەوە لە چوارچێوەی بنەماو ڕەهەندە هونەری و داهێنانەکانییەوە وایان لە ڕەوانبێژی و زمان کردووە ببنە پردێك بۆ وەسفکردنی دەقی ئەدەبی[1] ڕەخنە کارێکی ئەدەبی هەڵدەسەنگێنێ لە ڕێگای واتای هەڵسەنگاندن بەڵام شێواز جەخت لەسەر بنەما جوانییەکانی دەکات، کە کارەکەی لەسەر بنیاتنراوە[2]. لە ڕەخنە سەرەڕای پشت بەستنی بە بنەمای جوانی پشت بە بنەمای دروستی زمانیش دەبەستێتەوە، بەمەش شێواز ئەڵقەی گەیاندنی زمان و ڕەخنەیە[3].

**پەیوەندی نێوان شێواز و ڕەخنە دەتوانین لە سێ بۆچوون دا بخەینە ڕوو:**

١- شێواز جیاوازە لە ڕەخنە و جێگرەوەی نییە، بەم پێی ڕەخنە تێگەیشتنی فراوانە، بەڵام شێواز ئاراستەکەی سنووردارە پێیان وایە ڕەخنە تێڕوانینەکەی تاقیگەراییە هەموو ئامرازێکی هونەری بەکاردێنێت وەك زمان و چێژی هونەری و ڕێکخستن دواتر بە باشی یان خرابی هەڵیدەسەنگێنێت بەپێی ئەو ئەنجامەی کە بەدەستی هێناوە بەڵام شێواز ئامانجەکەی جوانییە و بەرز نابێتەوە بۆ بڕیاردان و هەڵسەنگاندن بە باشی و خراپی[4].

٢- ئاماژە بۆ ڕەخنەی شێوازی دەکرێت کە لقێکە لە زانستی شێواز و پێوانە و هەڵسەنگاندنی خۆی هەیە.

٣- هەر یەك لە شێواز و ڕەخنە سەربەخۆن و هەریەکەیان دەتوانێت زانیاری بەیەکتر ببەخشن لە چوارچێوەی وەسف و شیکردنەوە و لێکدانەوە، ڕەخنە دەپەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان، بەڵام شێواز لە سنووری دۆزینەوە و ڕاگەیاندن دەوستێت، ڕەخنەگران نکۆڵی ئەوە ناکەن، کە شیکردنەوە شێوازییەکان سودیان پێناگەیەنێت بەمەش شێواز نایەوێت ببێتە جۆگەیەك

(١) يوسف أبو العدوس: ٢٠٠٧:٥٢

(٢) يوسف أبو العدوس: ٢٠٠٧:٥٢

(٣) يوسف أبو العدوس: ٢٠٠٧:٥٢

(٤) عبدالسلام المسدي: ١٩٧٧:١١٥

بۆ خزمەتکردنی رەخنە بەڵکو شێواز لە هەموو کارێکی رەخنەیی پاڵپشتە و ئامادەبوونی تەواوی خۆی هەیە هەیە[١].

## ج- شێواز و زمانەوانی:

زمانەوانی پەیوەندییەکی بەتینی بە زانستەکانی ترەوە هەیە، لەوانەش شێواز هەروەك لەم هێلکارییەی خوارەوە روونکراوەتەوە[٢]:




(١) عبدالسلام المسدی: ١١٥:١٩٧٧

(٢) دلێر صادق کانبی: ١٧:٢٠٠٩




هێلکاری: دلێر صادق کانەبی

پەیوەندی نێوان شێواز و زمانەوانی پەیوەندی لق و سەرچاوەیە و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت زانستی شێواز سەربەخۆنییە، بەڵکو پاڵپشت و شان بەشانی دەڕوات و گرنگی بە بنەما و توانا دەربڕینییەکانی دەدات، لە زۆر تایبەتمەندیدا لەیەك نزیکن و هەمان لقەکانی زمانەوانی تێدایە، پەیوەندییەکی مێژووی لە نێوان زانستی زمان و زانستی شێواز دا هە بەجۆرێك وا تێکچرژاون ببێتە مایەی تێکەڵی کاتێك وایان لە قەڵەمدا لێکۆڵینەوە هەندێ دیاردە و رواڵەتی شێوازی زمانی بە شێواز بچێتە خانەی شێوازەوە، ئەم بەیەکگەیشتنەی شێواز و زمانەوانی ئەوە ناگەیەنێت لە بواری کارکردنیشدا بەیەکگەیشتووبن، چونکە زمانەوانی سنوور و بنەمای دیارە و بەهەمان شێوەش شێوازیش سنوور و بنەماو ئامانجی دیارە بۆیە وا پەسندە هەریەکەیان بەسەربەخۆ بکرێت و پێشبڕکێکەش لە نێوانیاندا بەردەوام بێت بۆ دەوڵەمەندکرنی زانست.

**گرنگترین جیاوازی ئەم دوو زانستە لە دوو خاڵدا کۆدەبێتەوە:**

١- زانستی زمان زانستێکە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی زمان دەکات، بەڵام شێواز لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی زمان دەکات وەك وەسفکردن و شیکردنەوە و لێکدانەوە.

٢- زمانەوانی ئامرازەکانی پێویست پێشکەش بە نووسەر و ئاخێوەر دەکات، تا بیرۆکەی خۆی دەبرێت لە رێگای وشە و رستە و رێگاکانی رێکخستنی ئامرازەکان ، بەڵام شێواز بنەماکانی هەڵبژاردن پێشکەش دەکات و دەربرینە گونجاو و نەگونجاوەکان لەیەك جیادەکاتەوە تا بەکارهێنەری زمان بگاتە جۆرێکی دیاریکراو لە کارتێکردنی وەرگر، لەگەڵ پابەندبوون بەو رێزگرتنەی کە زاناکان لە سەری رێککەوتوون لە واتای وشە و رێزمانی رستە ...هتد[١].

(١) جبر عبد النور: ١٩٨٤:٢٠

**زمان رۆڵکی گرنگی هەبووە بۆ هاتنە کایەی شێواز بە دوو ڕێگا[1]:**

أ- دەرکەوتنی زانستی فیلۆلۆجیا کە زمان بە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبەستێتەوە و تێڕوانینێکی مێژوویی بەراوردی بۆ دەکات، ئەمەش لە ئەنجامی هەنگاوەکانی گەشەی زمانی هیندۆئەوروپی بەدیار کەوت کە لە بری گرنگی دان بە شیکردنەوەی زمان، گرنگی دا بە مێژووی وشە لە رووی چۆنییەتی گۆکردن و واتاوە، ئەم لێکۆڵینەوانە دەری خست بۆشاییەك هەیە لە نێوان بەشەکانی زمان مێژووی هەر وشەیەك لە وشەیەکی تر جیاوازە، لەم نێوەندەدا بوار بۆ دایکبوونی شێواز رەخسا.

ب- هەوڵەکانی سۆسێر:

١- بۆ جیاکردنەوەی زمان و زبان و گوتن[2]:

- **زمان Langue**: توانای گوتنە و لە هەموو مرۆڤێکی ئاسایدا دەبینرێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوەلە ئەنجامی هۆکاری بۆماوە پێویستی بە بارودۆخێکی لەبارە، ئەم توانایە وای لە مرۆڤ کردووە بدوێ و سوود ئەندامانی ئاخاوتن وەربگرێت بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەم ئەندامانە بە مەبەستی تر دروستبوون، زمان بەم پێیە رەوشتێکی بەربلاوە و بابەتێکە زیاتر پەیوەندی بە مرۆڤناسی و زیندەوەر ناسەوە هەیە نەك زمانەوان.
- **زبان**: راستییەکی کۆمەڵایەتییە و لە مێشکی مرۆڤ هەڵگیراوە و وەك کۆگا وایە واتە کۆی وشە و وێنانەیە کە لە مێشکی تاکەکەسدا هەڵگیراوە، زبان لای سۆسێر لە توانست لای چۆمسکی نزیك دەبێتەوە و شتێکە قسەکەر دەتوانێ بەکاریبێنێت، بەڵام ناتوانێت کاری تێبکات واتە لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، چونکە دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشە، بە کورتی زبان بریتییە لە

(١) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٢٢

(٢) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤: ٢٤

ڕێزمان و وشە و گۆکردن و بوونێکی بەرجەستەی نییە و تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو یاسایانەیە کە دروستی بەکارهێنان دەستەبەر دەکەن.

- **گووتن Parole**: ئەو چالاکییە داینامیکییە کەسییەیە کە دێتەگۆێ بە پێچەوانەی زبانەوە دەخرێتە ژێر سەرنجەوە و تۆمار دەکرێت و لێی دەکۆڵدرێتەوە و دووبارە دەکرێتەوە و لە ژێر دەسەڵات دایە و کات و شوێن داگیر دەکات.

زبان لە ڕێگای ژمارەیەکی زۆر گوتن دیاریدەکرێت بەلای زمانەوانەوە زبان بایەخدارە، چونکە یاساکان لەمدا دەبینرێن، لێکۆڵینەوە لە گوتن بە مەبەستی لێکدانەوەی زبانە و واتە هۆیەکە بۆ گەیشتن بە زبان کە زمانەوان بە ئەرکی خۆی دەزانێت.

٢- فۆرم و واتا[١]:

سۆسێر وای بۆ دەچێت زمان دوو رووی هەیە (فۆرم و واتا)




ئەم دوانە لە یەکتر جیاناکرێنەوە پەیوەندی نێوانیان لە خۆوەیە ئەم پەیوەندیەی نێوانیان بە هێما دادەنێت، کە دانەیەکی سەرەکی پەیوەندیکردنە لەبەر ئەوەی هێما بەشێکە لە زمان، هێما دانایەکی هۆشەکییە، بەم جۆرە زمان بە لایەوە بریتییە لە پەیرەوێکی هێمایی، ئەم پێناسەی سۆسێر کە زمان بریتییە لە پەیرەوێکی هێمایی تیایدا هێماکان یەکتری تەواو دەکەن، بیرێکە و زوربەی زمانەوانەکان لەسەری ڕێککەوتوون، ئەم بیرە لای سۆسێر زۆر گرنگە، چونکە ڕۆنان دیاریدەکات، هەموو ڕستەیەك لای سۆسێر زنجیرە هێمایەکە

(١) يوسف أبو العدوس: ١٤٢٧هـ: ٤١

بەدوای یەکتردا دێن و یەکتری تەواو دەکەن ئەم هێمایانەش پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی دروست دەکەن لە رستەدا.

**٣- مێژوویی و ئێستایی[1]:**

**لای سۆسێر زمان دەبێت لە دوو لایەنی جیاواز و بەرامبەرەوە سەیربکرێت:**

- **مێژوویی:** باس لە گەشەی زمانێك دەكات بە تێپەڕبوونی کات، و زمان وەك ناوەندێك دەبینێت کە هەمیشە لە گۆڕاندایە بەم پێیە زمان بریتییە لە زنجیرەیەك گۆڕانی بەدوای یەکتر داهاتوو.
- **ئێستایی:** زمان وەك تەنێکی زیندوو دەبینێت لە بارێکدا دەژیت و خاڵێك لە کات داگیردەكات، ئەم بارەی زمان بریتیە لە گردبوونەوەی هەموو ئەو چالاکییە زمانیانەی کە کۆمەڵێك لە ماوەیەك دەینوێنن.

سۆسێر پەیوەندی نێوان لایەنی مێژویی و ئێستایی لە هێلکارییەکی وەك ئەمەی خوارەوەدا دەخەنەڕوو:




**بانگێشەکەی سۆسێر کە بووە مایەی لەدایکبوونی شێواز لەم چەند خاڵە بخەینە روو[2]:**

(١) يوسف أبو العدوس: ١٤٢٧هـ: ٤١-٤٢

(١) يوسف أبو العدوس: ١٤٢٧هـ: ٤٣-٤٤

- شێواز سوودی لە هەردوو هێلەکەی ستوونی و ئاسۆیی کات وەرگرت، بەوەی دەتوانین بریار لەسەر کارە ئەدەبییە سەربەخۆکانی تاکی مرۆڤ بدەین لە هەمان کاتدا دەتوانین وێنەیەکی بەرجەستەی راستی گەشەی مێژوویی بکێشین.
- شێوازگەرییەکان سوودێکی زۆریان لە پەیوەندی فۆم واتا یان بینی کاتێك کە هێمای دابەشکرد بۆ وێنەی دەنگی و چەمك، شێوازگەرییەکان پێیان وایە ئەرکی فۆرم گەیاندنی چەمك تێپەڕدەکات و بەڵکو واتای تاکەکەسی و بارگەی هەست و سۆزیش وەردەگرێت.

زمانەوانی سوودی زۆری بە شێواز گەیاندووە، چونکە شێواز لە رێگای زمانەوە کاری هونەری داهێنەرانە ئەنجام دەدات لە رێگای:

أ- **کەرەستە:** کەرستەکانی شێواز و رێبازەکانی هەڵقوڵاوی زمانن، جاکۆپسن دارشتن بەوە پێناسە دەکات کە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدات:

- چ وا لە پەیامی زمانی دەکات ببێتە بەرهەمێکی هونەری کاریگەر؟[1]، وەڵامی ئەم پرسیارە بە پێی قوتابخانەی شێوازگەری سویسری بالی بریتییە لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمانەوانی[2]، گرنگترین پێشکەشکارییەکانی زمان بۆ شێوازگەری بریتین لە:
- لێکۆڵینەوە لە دەنگی گرێ
- لێکۆڵینەوە لە وشەسازی گرێ
- لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی گرێ
- لێکۆڵینەوە لە واتای گرێ[3]

ب- **رێباز:** شێوازگەری لە قۆناغی یەکەمیدا پشتی بە رێبازی رۆنانکاری دەبەستا، کە دەقی ئەدەبی جیادەکردەوە لە پێشخۆیی و دوای خۆی، تاکو کار بۆ خودی خۆی بکرێت تەنها گرنگی بە ناوەرۆکی دەقەکە دەدرا لە رووی پەیوەندی نێوان کەرەستەکان و بەم پێیە دەق دەرگای لەسەرخۆ داخستبوو و پەیوەندی

(2) R.jakobson:-:210

(٣) عبدالسلام المسدی: ٢٠٠٦:٤٤

(4) P. Guiraud:45- 66

پچڕاو بوو لەگەڵ جیهانی دەرەوە، لەم بارەدا زیاتر پشتی بە لادان دەبەست بە دوو شێوە:

١- لادان لە زمانی ئاسایی: کە دەرچوونە لە دەربڕینە بڵاو و باو و گشتییەکان.

٢- لادان لە زمانی دەق: کە دەوروبەر دەنوێنێت و دەتوانین لە ڕێگەیەوە تایبەتمەندییەکانی شێوازی لێ بگوشین، لادان لەم بارەدا لە دەوروبەر دیاریدەکرێت، کە بریتییە لە ڕۆنانی گوتار و دەق، بەزاندنی جۆرە ڕۆنانە بە لادان دەژمێردرێت[1].

ئەم جۆرە ڕێباز لە شیکردنەوەی شێواز زۆری نەخایاند، تاکو ببێتە مایەی ڕەتکردنەوە و کاردانەوە، چونکە پشت دەبەستێت بەفۆرم و هۆیەکانی پەیوەندی وشك و ئامادەنەبوونی من، بۆیە سبیتز هەوڵیدا شێواز ئەگەر بە مێژووی ئەدەب ببەستێتەوە، ئەگەرچی شێوازگەری قوتابخانەی سویسری لە گۆڕەپانی زمان دەرناچێت، بۆیە سبیتز شێوازگەری ڕووداوی زمانی و منی بەیەکەوە بەستەوە.

ئەم ڕێبازەی سبیتز لە بەستنەوەی شێوازگەری بە خاوەنەکەی جێگای گرنگی قوتابخانە فەلسەفییەکان و ئەدەبییەکان و ستاتیکییەکان بوو، بەڵام بەرەنگاری ڕەخنەی توندی هەندێ لە شێوازگەرەکان بووەوە بە تایبەتیش فۆرمالیستەکان بە بیانووی ئەوەی کە نغرۆی کاریگەری خودیەت بووە.

گرنگیدان بە من وای لە شێوازگەری کردووە دوورکەوێتەوە لە گۆڕەپانە ڕاستەقینەکەی کە بنیاتگەرییە، بە بۆچوونی دولارس ئامادەنەبوونی واتاسازی و ڕستەسازی ڕێگا خۆشکەرن بۆ دەرکەوتنی من، هەر بۆیەش سۆسێر گرنگی پێ نە ئەدا و بە تەنها ڕستەسازی بەستەوە بە پەیوەندی زمانی و لۆجیکییەکانی وشە لە ڕستە.

دۆلاس پێی وایە هەریەك لە بالی و لایەنگرانی بە پێناسەی دەقی ئەدەبیان نەزانیوە هەوەك یمسلیف Hjelmslev ئاماژەی بۆ دەکات دەڵێت گوتاری ئەدەبی دوو ئاستی هەیە :

أ- ڕاگەیاندنی کە بەندە بە دەربڕینە زمانییەکان و واتا ئاساییەکەی.

ب- ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی کە پەیوەستە بە ناوەرۆکی گوتار.

---

(١) عبدالسلام المسدی: ١٩٧٧: ٧٤- ٨٤

جا كێشەكە لەوەدایە چۆن پەیوەندییەكی ئاڵوگۆڕ دروست بكەین كە یەكەمیان زمانییە و ئەویتر لە دەرەوەی گۆڕەپانی زمانە.

سیمالۆجی ئەدەبی بە پێی بیروڕای جۆلیا كریستیڤا ئەم پەیوەندییە دروست دەكات، پەیوەندییەكی زانستی لۆجیكییە[1].

(1) http://www.vb.fll2.com/t38001.html

# بەشی سێیەم

## شێواز لە چوارچێوەی زماندا

## شێواز لە چوارچێوەی زماندا:

کۆمەڵگا دەقی ئەدەبی بەرهەمدێنێت و زمانەوانیش لەسەرییەتی کۆمەڵێك چەمك و سنوور بخاتە روو بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییە شێوازییەکان، دەقی ئەدەبی دەقێکی واتادارە و خودیەت و داهێنانی تیا رەنگدەداتەوە.

### ١- شێواز و داهێنان:

وشە لەگەڵ واتا رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ شێواز، بۆ بایەخدان بە رووخسار و ناوەرۆکی دەق، کاتێك کۆمەڵێك وشەی هاوواتا یان نزیك لە یەك کۆبکەینەوە بە مەبەستی هەڵبژاردنی یەکێکیان ئەوا خۆی لە خۆیدا شێوازە، لە شیعردا زیاتر گرنگی بە روخسار دەدرێت و لە پەخشانیش زیاتر گرنگی بە واتا و لە شێوازدا دەبێت گرنگی بەهەردوو لایەن بدرێت لەگەڵ ئەوەش بایەخ دان بە واتا خۆی بایەخ دانە بە وشە، زۆر جار قەبارەی نووسین زۆرە و مانا کەمە زۆرجاریش قەبارەکەی کەمە و واتاکەی زۆرە، لە شێوازی دەربڕیندا مانای ئەوە نییە ئەوەی گوترا بەرامبەرەکەی ١٠٠٪ تێیبگات دەبێت دەربڕینی هونەری رامانی تیابێت و خوێنەر بجولێنێ و بەتەواوەتی تێی نەگات، بەم پێیە. دەربڕین لە ئاوێتەبوونی نێوان وشەکان دروست دەبێت کە سەرەتا و لوتکە و ئەنجامی تێدایە.

زمان رێگەی ئەوە دەدات، کە تاك لە واقع هەڵبێت و هەست و ئارەزوو و هەڵچوونی خۆی لە قاڵبێکدا دابرێژێت، زمانێکی تایبەت بە خۆی درورست بکات، لە یاسا و رێساکانی زمان لابدات، کە باشتر وایە، بە داهێنان ناوی ببەین، چونکە یاساکانی زمانی ئاسایی دەبنە کۆت لە رێی داهێنان.

داهێنان بەرهەمی ئارەزووی مرۆڤە بۆ دەرخستنی خود[1]، داهێنان لە زماندا دەگەرێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەم، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەی (چۆمسکی) جارێکی تر جەخت لەسەر داهێنانی زمان کرایەوە، کە

---

(١) اسماعيل ملحم: ٢٠٠٣: ٩

دەڵێت: (لە توانای قسەکەر دایە ژمارەیەکی بێ سنوور لە رستە بەرهەم بێنێ و تێی بگات، بێ ئەوەی گوێی لێ بوو بێت). داهێنان تایبەتییەکی گرنگی زمانە و زۆر لە زمانەوانانی وەك: برجسۆن، کرۆتشە، فۆسلێر..... بانگێشەی ئەویان دەکرد، کە زمان داهێنانە، هەروەك پوراندایك دەڵێت: (زمان گەورەترین داهێنانی تاکە)[1].

## زمان داهێنانە، چونکە:

- بەکارهێنانی زمان بەکارهێنانێکی نوێکردنەوەیە. بە واتایەکی تر ئەو قسەیەی مرۆڤ دەیکات، بەزۆری بەکارهێنانێکی لە خۆوەیە، هەندێ دەستەواژەی لێدەرچێت، ئەگەر نا قسەکان دووبارە نین.
- زمان ناکەوێتە بەر هیچ کۆتێکی دەرەکی و ناوەکی، بەڵکو ئازادە لە کۆت، هەر بۆیە زمان ئامێری دەربڕینی بیر و هۆشی تاکە.
- بەکارهێنانی پتەوی زمان و گونجانی لەگەڵ بارودۆخی قسەکردن. پتەوی زمان تایبەتیەکی سەرەکی زمانی مرۆڤە،کە هیچ شیکردنەوەیەکی ئامێری ناتوانێت، پتەویەکەی شیبکاتەوە[2].

داهێنان لە ئەدەب و هونەردا رێگایەکە بۆ پاککردنەوەی خود لەم بارەیەوە گراهام گرین دەڵێت: (نووسین شێوازێکی چارەسەرە و من دەپرسم ئەو کەسەی بۆی رێکناکەوێ بنوسێ یان مۆسیقایەك دابنێ یان وێنەیەك بکێشێ چۆن شێت نابێت ؟!)[3]، جا ئەگەر شاعیر بە داهێنەر دابنرێ، دەبێ، جیهانێکی تایبەتی هەبێ و جۆرە سەربەستیەکی هەبێ، تا کارە هونەرییەکەی دروست بێ[4]، چونکە زمانی ئاسایی ناتوانێ، هەموو جۆرە دەربڕینێکی ناوەوە دەربخات. ئەویش لە رێگای

(١) نوال محمد عطيه: ١٩٧٥: ٢١
(٢) ميشال زكريا: ١٩٨٣: ٣٠
(٣) اسماعيل ملحم: ٢٠٠٣: ٩
(٤) خليل ابراهيم العطيه: ١٩٨٦: ٢٠

دەربرینی کەم بەکارهاتوو و نامۆ، کەواتە، زمانی شیعر زمانێکی دروستکراوە[1] و داهێنانە.

ئاشکرایە زمان بەکارهێنانێکی نوێکردنەوەیە و داهێنانی تێدایە و دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی زمان لەژێر هیچ فشار و هاندەرێکی دەرەکی و ناوەکیدا نییە، بەڵکو سەربەستە و دوورە لەهەموو کۆت و پێوەندێك، چونکە زمانی مرۆڤ لە سیستەمێکی کراوە پێکهاتووە ئەم کراوەییە ڕێگە بە ئاخێوەرانی دەدات بە دروست کردن و تێگەیشتنی ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە، کە پێشتر گوێی لێ نەبووە، چۆمسکی ئەم توانایەی مرۆڤی ناوناوە داهێنان[2]. هەر ئەم کراوەییەی زمانیشە، کە وا لە مرۆڤ دەکات بتوانێ باسی دونیایەکی نەبوو بکات و بە ئارەزووی ڕستە بەکار بێنی و داهێنانی بێ سنوور ئەنجام بدات. بێگومان بەرهەمی ئەدەبیش یەکێکە لە داهێنراوەکانی مرۆڤ، ئەمیش لە ڕێگای هێماوە کە لە ئەنجامی لەیەکدانی دوو پەیرەو دروستبووە کە بریتین لە (دەنگ) و (واتا)، مەبەستمان لە پێرەوی دەنگی ئەوەیە هەر زمانێ سوود لە کۆمەڵە دەنگێك وەردەگرێ و لەڕۆنانی جیاجیادا بەکاری دێنێت، تاکو دانەی واتایی دروست بکات. پێرەوی واتایی زمانیش ڕێگەی ئەم دانە واتاییانە دەدات لە ژمارەیەکی زۆر وشەدا دووبارە ببنەوە تاوەکو مرۆڤ بتوانی بەئاسانی لەچوارچێوەی زمانەکەیدا چەمکی سادە و ئالۆزدەربڕێ.[3] شێواز لەم نێوەندەدا خۆی بە بەر پرسیار دەزانێت لە دابینکردنی نەخشە و کەرستە و ڕێگای پێویست بۆ ئەوەی بیرۆکەکان بە ڕازاوەیی بگاتە خوێنەر و ببێتە مایەی سوودمەندی و سەربەرزی بۆ داهێنەر و مایەی چێژ و خرۆشانیش بۆ خوێنەر.

(١) شکری محمد عیاد: ١٩٨٨:٧٢

(٢) نسیم عون: ٢٠٠٥: ٥٧

(٣) محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٩٠: ٦

## ٢- شێواز و پراگماتیک:

زاراوەی شێواز یەکێکە لە زاراوە بنچینەییەکانی زمانەوانی وەك، برگە و وشە و رستە و دەق ...هتد، کە تا ئێستا پێناسەیەکی وردی نییە و ناشتوانین بە ئاسانی بیگۆڕینەوە بە شێوەیەك لە شێوازە ناسراوەکان لە زمانەوانی نوێدا، وەك یەکەی لێکسیکی و یەکەی وشەیی و برگەی رۆنانی .....هتد ئەمەش بۆتە گەورەترین هۆکار بۆ ئەوەی پێناسەی زۆر و جۆراوجۆری شێواز بکرێت. دیسان هەوڵدانی قوتابخانە و رێبازە جیاجیاکان بۆ روونکردنەوە و پێشکەشکردنی وەسفێکی زمانەوانی ورد بۆ شێواز لەسەر بنچینەی رێبازە نوێیەکانە کە پێی وایە زمان لیستێکە لە هێما و رێزمان کە رێکخەری ئەم هێمایانەن لیستی یەکەم توانستی زمان دەگرێتەوە بەو پێەی تەکنیکی سیستەمی زمانی ئێستا لەگەڵ چالاکی بەو پێیەی بەکارهێنەری ئەم سیستەمەیە، بەڵام لیستی دووەم لیستی رێزمانی رۆنانی هێماکانە کە پێکهاتەی گۆڕینەوە:

### أ- شێواز لە نێوان توانست و چالاکی دا:

یەکێ لە ئەرکە گرنگەکانی شێوازگەری بەکارەکی روونکردنەوەی چەمکی بیرتیژیە لە دیقەتکردنی شێواز، ئەم بیرتیژیە چەکی دەستی نووسەر و خوێنەرە بەوپێیەی کە هەستێکی تارادەیەك ئازادە، بەڵام هەستێکە جێگای باوەڕە و بەرزی رێبازی زمانەوانی نووسەر دەردەخات لە دەقدا، ئەم هەستە راستەوخۆ توانای وەرگر دەردەخات لە جیاکردنەوەی نووسەرەکان.

بیرتیژی بەو پێیەی توانایەکی زمانی بۆماوەیی قسەکەرە، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە لێکۆڵینەوە زمانییەکان، هەرچەندە بیرتیژی پەیوەندییەکی کەمی بە سۆزە هەیە، بەڵام هەموو بیرتیژیەك جێگای باوەڕ نییە، چونکە رەنگدانەوەی نموونەی زمانی و ئیلهام و بیرکردنەوە نییە، ئەوەی لەسەری رێککەوتووین ئەوەیە ئەرکی چاودێری رێژەیی دەربرینە زمانییەکان دەکات بە پێی پێوەری رەچاوکراو لە گوێگر بە تایبەتیش ئەگەر لایەنی جوانکاری گرنگی پێبدرێت،

لێرەشدا تەوا رێك دەكەوێت لەگەڵ بیرتیژی شێوازی لە چوارچێوەی ئەو راستكردنەوانەی كە ئۆمان Ohman لە شێوازی ئەدەبی كردوویەتی.

ئەبراهام W.Abraham و براون مولەر K.Braunmuller پێیان وایە پشت بەستن بە بیرتیژی قسەكەری هەر زمانێك گەیشتنە بە چەمكی توانستی شێوازی، بە پێی ئەو بیرۆكەیەی هەموو قسەكەر و گوێگرێك توانایەكی باشیان لە دەربڕینە شێوازیە ئاڵۆزەكان هەیە[1]، ئەم توانستەی شێواز لە چوارچێوەی فراوانكردنی توانستی زمانی لای چۆمسكی داهات، چونكە دوو زاراوەی چۆمسكین، زانیاری كەس دەربارەی زمان دەستنیشان دەكەن:

**١ - توانست:**

ئەو زانیارییە شاراوەیە، كە (قسەكەر) دەربارەی زمانەكەی دەیزانێ و لە رێگایەوە دەتوانێ گەیاندن بێنێتە ئاراوە و ژمارەیەكی بێسنوور رستە بەرهەم بێنێ و رستە گونجاو و نەگونجاوەكان لەیەك جیابكاتەوە. كە یاساكانی بەكارهێنانی زمان دەگرێتەوە، كە هەر لە منداڵییەوە لە مێشكیدا تۆمار دەكرێ، سەبارەت بە شاعیر بریتیە لە بەكارهێنانی توانستی زمان بە ئامانجی گەیاندن لە بارو دۆخێكی دیار[2]. داهێنان كردن واتە بەكارهێنانی یاسازمانییەكان لە دەوروبەرێكی نوێدا.

**٢- چالاكی:**

بریتییە لە تێگەیشتنی زمان و كردنەوەی كۆد، كە دەكەوێتە سەر خوێنەر و لێكدانەوەی گونجاوە بۆ رستە ناپەسندەكان، تاكو لەگەڵ دەوروبەری گوتنەكە بگونجێ[3] كە لە لێكدانەوەی زمانی شیعردا بەدیدەكرێت.

(١) فیلی ساندریس: ٢٠٠٣: ١٩٦ – ١٩٧

(٢) میشال زكریا: ١٩٨٣: ٢٦١

(3) Freeman DianeLarsen:1980:77

دۆلیزل Dolezel بیروڕای وابوو تەنها زمانەوان دەتوانێت جیاوازی نێوان توانست و چالاکی زمان بکات وەك بنچینەیەکی گشتی کە بگونجێت لەگەڵ روونکردنەوەی جۆراوجۆری شێوازی.

دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە توانستی زمان بنچینەی هەموو تیۆرێکی شێوازییە، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە:

**- ئایا شێواز دەچێتە چوارچێوەی توانست یان چالاکی؟**

بەو پێەی شێواز پوختەی کردەی هەڵبژاردنە لە سیستەمی هێمای زمانی و رێزمانی ئەو سیستەمەلە قۆناغی یەکەمی بەرهەمی راستەقینەی دەق چ نووسین بێت یان دەربڕاو دیاریدەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەخاتە روو (رۆنانی سەرەوە) ئەم خستنەڕووەش بە چالاکی ناو دەبردرێت، جا ئەگەر شێوازگەری بەم واتایە لێکبدرێتەوە کە بەشێکە لە تیۆری چالاکی ئەوا تووشی کێشەی زۆر دەبێت، چونکە هەر تیۆرەك لەم شێوەیە گریمانە دەکرێت کە پێکهاتووە لە:

أ- نموونەی قسەکەر (رەوشتی زمانی قسەکەر، بەرهەمهێنانی دەق).

ب- نموونەی گوێگر (رەوشتی زمانی وەرگر، وەرگرتنی دەق).

ج- تیۆری دەوروبەر.

نموونەی چالاکی پێشکەشکراو زانیارییەکی پڕ لە کەموکوڕیمان پێدەدات بە گوێرەی پشت بەستن بە گوێگر و سوودی زۆری نابێت بۆ روونکردنەوەی میکانزمی کە شێوازی لێ پێکدێت.

چۆمسکی و هاوڕایانی پێیان وایە کە تیۆری چالاکی ناتوانین دایبنێین یان پەرەی پێ بدەین بە بێ پشت بەستن بە تیۆری توانست، ئەم هەڵوێستەش رێگا خۆشکەرە بۆ چەند ئاسۆیەکی نوێ لە پرسیارە رێبازییە جۆراو جۆرەکانی زمان، کە ئەستەمە ئەنجام بدرێ بەبێ چالاکی، جا لەبەر ئەوەی توانست ماوەیەکە کاری پێدەکرێت و نەگەیشتۆتە پێناسەیەکی خراپی واتای چالاکی، مانەوەی چالاکی لەسەر ئەم بارەی پەیوەستە بە چەند مەرجێکی دیاری رستەسازی پێویستە لەسەر گوێگر رەچاوی بکات لەکاتی بەکارهێنانی زانینە زمانییەکانی.

چۆمسکی پێی وایە هەموو لێکۆڵینەوەیەك پەیوەندی بە چالاکی زمانی و بەکارهێنانی هەیەوە:

- بنەما زمانی و دەروونییەکان و ڕۆنانی بیرکردنەوە.
- سروشتی ئاگاداری.
- میکانزمە تێبینی و ڕێکخستن.
- شارەزاییەکانی خودی و دەروونیەکان.

هەرچەندە ئەم بیرانەی چۆمسکی بنەمایەکی گرنگە بۆ چالاکی زمانی، بەڵام بەتەنها بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتەکەی ئەمەش کێشەی زۆری نایەوە لە چەند گۆشە نیگایەکەوە[1]:

أ- لە گۆشەنیگای زمانەوانی پراگماتیکی وندرلیچ (D.Wunderlich) بنچینەی بەکارهێنانی زمانی لای چۆمسکی پەرەپێدا بۆ کۆمەڵێك بنەمای گرنگ، بە پارێزگاریکردن لە ئاستی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەك: ئاستی شارەزایی و بنەما دەروونییە ناوخۆییەکانی وەك: ترس و شەرم و ئارەزوو.

هەندێکی تر لایەنی پراگماتیکی جۆراوجۆریان خستەسەر وەك:

- توانستی تێگەیشتن لە کردە زمانییە ئالۆزەکان و شیکردنەوەیان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم کردانە ناوەرۆکێك هەیە دەبێتە ئەنجام و ئەرکێکی گەیاندنی تایبەتی هەیە.
- تۆمارکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵوێستە دەربڕینییەکان وە زەفکردنەوەی ئەوەی لێی ڕەچاودەکرێت.
- بەشداریکردنی بنەما گرنگەکانی گەیاندن لە دەوروبەر سەرەڕای هۆکارەزمانی و نازمانییەکان.

چالاکی زمان بەواتای بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان لە بارە ڕاستییەکانیدا، ناکرێت بە جۆرێك لە کەم بایەخدان بە توانستی ناوەی زمان هەژماربکرێت لەسەر ئاستی بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەرێکی سوودمەندیدا، چونکە

(١) فیلی ساندریس: ٢٠٠٣:١٩٨ – ١٩٩

دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێوانە و رێزمانی تایبەت کە وای لێدەکات بە گوێرەی گونجان لەگەڵ رۆنان و وشە و چەمکەکان بەکاربێت، پێوەرەکانیش بریتین لە:
- ستراتیجییەتی هێلکاری زمان لای قسەکەر.
- پێوانەی چاوەروانکراو لە گوێگر.

ئەمەش بە گواستنەوەیەکی جۆری دادەنرێت لە ئاستی پوختی زمانی بۆ ئاستی گەیاندن، وندرلیچ پێی وایە لە لایەنی یەکەم چالاکی بریتییە لە گەیاندنی واقیعی و کارەکی نێوان دوو لایەنەکە لە رێگای بەرهەمهێنانی دەنگ و تێبینیکردنی لەگەڵ ئەو دیاردە نادروستانەی کە بە دوایەوە دێن وەك: سەرەتای نادروست و خۆراستکردنەوە و تێنەگەیشتن و ئاگادار نەبوون. لە لایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان (توانست و چالاکی) وەك جۆرێك لە توانستی گەیاندن.

هابیرماس (J.Habermas) پێی وایە دەرکەوتنی ئەم زاراوە تازانە رازی نەبوون بە چەمکی توانست لای چۆمسکی کە جەخت لەسەر پێکهاتە رێزمانییەکان دەکات بۆ رۆنانی رستە. هەر بەمەوەشەوە نەوەستا بەڵکو داوایکرد زاراوەی توانستی پراگماتیکی بەکاربێت و ابراهام میلەر یش داوای توانستی شێوازیکرد لە رێگای:
- تێپەڕاندنی توانستی سەرەکی کە تا رادەیەك جێگیرە.
- هەڵسەنگاندنی تەنها نەبەستەوە بە رێزمانی دەربڕین بەڵکو درێژیکردەوە بۆ پێوانەی شێوازگەری چاوەروانکراو.
- جێگیر نەبوون گۆڕانی لەگەڵ بەکارهێنەری زمانێك.
- بوونی ستراتیجیەتێك کە رێگاخۆشکەرە بۆ ناساندنی ئەرکی سوودمەندە گۆڕاوەکان یان ئەرکی پۆلینکردنە شێوازییەکان[1].

هەروەك دەبینین توانست و چالاکییەکی چۆمسکی فراوانکراوە و گۆڕانی بەسەر داهاتووە بۆ پێشکەشکردنی نموونەیەکی تازە لە رێگای خستنەسەری پراگماتیکی زمانی ئەمەش پێویستی بە تیۆرێکی رستەسازی پراگماتیکی هەیە.

(١) فیلی ساندریس: ٢٠٠٣:١٩٩ - ٢٠٢

## ب- شێواز و پێکهاتە پراگماتیکییەکان:

بە پێی جیاکردنەوەی هابرماس لە نێوان توانستی زمانی و توانستی گەیاندن کە یەکەمیان رستە سەرەتاییەکان دەگرێتەوە بەو پێیەی یەکەیەکی زمانی سەرەتاییە و دووەمیشیان خۆی لە دەربڕین دەبینێتەوە بەو پێیەی رستەیەکی دەوروبەرییە یان یەکەیەکی سوودمەندییە لە قسەکردن، لەسەر بنچینەی هابرماس تیۆری توانای گەیاندنی ناونا بە پراگماتیکی گشتی. چەمکی پراگماتیکی بەرەو بوارێکی ترمان دەبات کە (هێمالۆجی) یە، چەمکی سوودمەندی دەگەرێتەوە بۆ رەهەندی پراگماتیکی لە فەلسەفەی زمان کە رەنجی چارلس پێرێسە (Ch.S.Peirce) دامەزرێنەری سێگۆشەی هێمایی (هێما، ئامازەبۆکراو، بەکارهێنەر) لە پەرتووکەکەی Semotics بەم شێوەیە بووە دامەزرێنەری راستەقینەی پراگماتیکی، هەرچەند ئەم وشەی پراگماتیکی بەکار نەهێنا و بەکارهێنانی دەگەرێتەوە بۆ مۆریس (Ch.W.Morris). تیۆری زانستی هێمالۆجی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا بە پێچەوانەی رەوشتکارەکان کە کاریگەرییەکی کەمی هەبوو، (چارلرس مۆریس)، بۆ یەکەمجار لە سالی (١٩٣٨) لە کتێبەکەی دا بە ناوی هێمالۆجی (Semiotics) زمانەوانی کردە سێ ئاست: (سینتاکس و سیمانتیك و پراگماتیك):

١- ئاستی رۆنان (سینتاکس): پەیوەندی هێمایە لەگەل هێما.

٢- ئاستی واتا (سیمانتیك): پەیوەندی هێمایە لەگەل تەن لە دەرەوەدا.

٣- ئاستی سوودمەندی (پراگماتیك) پەیوەندی هێمایە بە بەکارهێنەر[1].

لەم سالانەی دوایدا لە ژێر کاریگەری تیۆری رەنگدانەوەی مادی رەهەندی چوارەمی پەیوەندییەکان هاتە ئاراوە کە بریتییە لە:

(١) میلکا اڤیتچ: ١٩٩٦: ٣٥٢

٤- ئاستی سیگماتیك: پەیوەندی هێمابۆکراو بۆ هێماکەر، کە کلاوس ناوی ناوە (Sigmatic) بەم پێیە سێگۆشەی ئاماژە لە پەیوەندی سێقۆلییەوە دەبێتە پەیوەندییەکی چوارقۆڵی وەك: ئەم شێوەیەی خوارەوە:




ئەم تێڕوانینە نوێیە هیچ ناگۆڕێت لە باری بنچینەیی پراگماتیکی کە لە پەیوەندی نێوان هێما و بەکارهێنەرەکەی یان پەیوەندی نێوان هێما و مرۆڤ بەو سیفەتەی کە بەرهەمهێنەری هێمایە و وەرگرییەتی[1].

بوونەوەرە مرۆڤایەتییەکانی کە لەگەڵ هێماکان دەژین هەر ئەوانیش لێکدەرەوەی هێمان، ئەمەش ڕێگا خۆشدەکات بۆ دیاریکردنی ئەرکی پراگماتیکی و وەسفکردنی بەوردی، بەم پێیە هێما پەیوەست دەبێت بە لایەنانی ژیان و دیاریدە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لە ڕێگای هێماکانەوە دەردەبڕدرێن، هێما کاریگەرییەکی پراگماتیکی زۆری هەیە لەوانەش:

- گەیاندن، لێکۆڵینەوەوە لە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر.

(١) فیلی ساندریس: ٢٠٠٣:٢٠٣– ٢٠٥

- دەروونناسی، رەوشتی زمانی، کاردانەوە.
- پەروەردە، فێرکردن، فێرکردنی زمانی...

هەر زمانەوانەکان نین کە لقێکی تایبەتیان بە پراگماتیکی زمانی دانا، چونکە پەیوەستە بە کۆمەڵێك مەسەلەی دیار کە رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەسەر لێکۆڵینەوە زمانییەکان لەوانەش:

- شیکردنەوەی کردەی قسەیی.
- شیکردنەوەی کۆت و بارودۆخی پراگماتیکی و کۆمەڵایەتی کردەی قسەیی.
- ستراتیجییەتی قسەکەر و گوێگر.
- چوارچێوەی پەیوەندیکردن ( هەڵوێستی گەیاندن ).
- توانستی زمانی (Effizenz).
- پراکتیزەکردنی پەروەردەیی.

زمانەوانی پراگماتیکی هەر پەیوەست نییە بەمانەی باسمانکرد، بەڵکو سنووری ئەمانە تێدەپەڕێنێت بە تایبەتی زمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

شێواز هەروەك دەرکەوت گەڕاوە بۆ چالاکی بە پشت بەستن بە هەڵبژاردن، شێوازی تاك یان دەروونی رەهەندی بنچینەیی زمانە لەم چالاکییە، جا بۆیە پێویستە لەسەر زمانەوانەکان ئاگاداری باری زمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی نووسەر و شاعیر.... بن تاکو بتوانن دیاریدە شێوازییە گشتییەکانی روون بکەنەوە و شێوازەکەی دەستنیشان بکەن بەو پێیەی کەوتۆتە بەر کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و جێگیربووە لە کەسایەتییەکەی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شێوازگەری تاکە بابەتی زمانەوانی دەروونییە، بەڵکو دەشێت ببێتە بابەت بۆ هەموو لقەکانی زمانەوانی، چونکە دەرەنجامی بنەما کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و پراگماتیکی و ئاڵوگۆڕییە.

بۆ نموونە برهان جاهید دەڵێت:

بەیانی بوو ماچی لێوم کرد گوتی رۆژووت شکا جاهیـــد.

گوتم تۆ ماهی بۆ من دەرکەوتی و لە بۆ من جەژنە ئێستاکە.

واتای سەرەزاری ئەوەیە کە بە ڕۆژو بووە و لە بایاندیدا کچێکی بینیوە وەك مانگ و ماچی کردووە و کردوویەتی بە جەژن، بەڵام ئەوەی شارەزایی هەبێت لە باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی بورهان جاهید و بزانێت کە شەراب خۆربووە و بەیانییەکەی چاوی بە مەی کەوتووە و جامی شەرابی کردۆتە سەر لێوی و لێوی پێوەنەوە و خواردیەتییەوە، چونکە کە مانگ دەر بکەوێت ڕۆژوو بەتاڵ دەبێت، دەبینین واتاکەی گۆڕی[1].

لێکۆڵینەوەی راستەقینەی شێوازی زمانی دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانی پراگماتیکی بە پێچەوانەی زمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە سیستەمی زمانی و چالاکی زمان کە دەگاتە قسەکەر و گوێر لە لایەك و لە لایەکەی تر دەقی راستەقینە (نووسرا و گۆکراو) لەگەڵ رەچاوکردنی بنەما نازمانییەکانی لە (هەڵوێست) و رەچاوکردنی وێنەگرتنی دەوروبەری گشتی کۆمەڵایەتی ودەروونی لە کۆتایدا.

شێوازگەری ئەگەر سەر بە چالاکی زمان و زمانەوانی پراگماتیکی بێت وەك یەك دەبێت چارەسەرێك بکرێت هەرچەندە ئاسان نییە، چونکە پراگماتیکی توانست دەکاتە مەرج لە چوارچێوەی تەکنیکی تیۆری زمان و توانستیش دەکاتە مەرج لە چوارچێوەی بەکارهێنانی راستەقینە و کارەکی، کاتێك دەمانەوێت جیاکاری لە نێوان گریمانە و بەدواداچوون بکەین.

شێواز هەروەك باسمانکرد دیاریدەیەکی چالاکییە رێزمانێکی دیاریکراوی هەیە کە پێویست بە گریمانەکردنی توانستی شێوازە لە چوارچێوەی پراگماتیکی زمانی. لە شێوازگەری هاوچەرخ دا تێروانینێکی تر هاتە ئاراوە کە بریتییە لە (توانستی رەوشتی زمانی و گەیاندن) ئەم کارەش وایکرد چەمکێکی گشتی کۆکەرەوە وەربگیرێت کە بریتییە لە (توانستی کردەی زمانی) کە لایەنێکی توانستی گشتی رەوشتی کۆمەڵایەتییە، توانستی کردەی زمانی دەبێتە بابەتی تیۆری کردەی زمانی کە بە رای ساندینگ (B.Sanding) (شێوازگەری زمانی و زمانەوانی دەق و زمانەوانی پراگماتیکی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە. لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات:

---

(١) فیلی ساندریس: ٢٠٠٣:٢٠٦– ٢٠٩

- ئایا زمانەوانی شێوازگەری لقێکی سەربەخۆیە یان وا باشترە لە ناو زمانەوانی پراگماتیکی بێت؟

گرنگ لێرەدا ئەوەیە زمانەوانی شێوازی و زمانەوانی پراگماتیکی جیاوازییان لە رووی ئامانجەوە هەیە، چونکە پراگماتیکی زمانی باس لە هەموو ئەو شتانە دەکات کە تایبەتن بە چالاکی زمان لە روانگەی ئەرکی گەیاندن، تیۆری شێوازگەری بەشێکی کەم لە چالاکی داگیر دەکات، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو وشە و دەربڕینانەی کە بە شێوەیەکی کەسێتی و خودی هەڵبژێردراون.

باری تیۆری پراگماتیکی زمانی تا ئێستا لێل و تەمومژاوییە، پێکهاتەی رستەسازی هەرچەندە کە تاکە پێکهاتەیە کە وەسف دەکات لەناو سێ پێکهاتەکانی تری زمان، وەسفەکەی بە راستی دەمێنێتەوە، بەڵام پێکهاتەی سیمانتیکی هەر چەندە بە شێوەیەکی فراوان بڵاوە، گەڕان بەداوی بە بەردەوامی دەمێنێتەوە، بەرامبەر ئەمانە پێکهاتەی پراگماتیکی ناچێتە ناو چوارچێوەی (تیۆردارشتن) بەڵام دەچێتە چوارچێوەی شێوەکان.

سیمانتیك و بگرە رستەسازیش نەگەیشتوونەتە ئامانجی کۆتایی تا ئێستا و گەڕان بە دوای بەردەوامە، بۆیە دەبێت رەچاوی هەر هەوڵێك بکرێت، کە لەم بارەیەوە ئەنجام دەدرێت بۆ رێکخستنی پراگماتیکی وەك جۆرێك لە دەربڕینی نەزانین یان خۆ بەگەورە زانیین، چونکە پراگماتیك لە واقیعدا وەك دەفرێکی لێهاتووە دەتوانین هەرچی لەناو زمان و لەدەرەوەی زماندایە بیخەینە ناوی، هەتا وندرلیچ (D.Wunderlich) کە زۆر خۆی بە زمانەوانی پراگماتیکی خەریك کردووە نەیتوانیوە بە وردی چەمکەکە بچەسپێنێت[1].

## ج- بنەما پراگماتیکەکان لە شێواز دا:

شێواز دیاریدەیەکی زمانەوانییە، بەپێی بیروڕای دۆلزێل (L.Dolezel) بۆ روونکردنەوەی پێویستە رەچاوی چەند خاڵێك بکەین:

**أ- بنەما پراگماتیکییەکانی رەوشتی زمانی.**

**ب- جیاوازییە کرۆکییەکانی لە نێو دەق.**

(١) فیلی ساندریس: ٢٠٠٣:٢٠٩- ٢١١

داواکاری یەکەم دەمان گەیەنێتە چالاکی کە رەچاوی قسەکەر یان رەوشتی وەرگر دەکات لە کاتی بەرهەمهێنانی دەق، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، تێبینی ئەوە دەکرێت میکانزمی هەڵبژاردنی شێواز پێویستی بە جاکردنەوەیەکی تووندی کردەی هەڵبژاردنی شێواز نییە بە تەنها بەڵکو پێویستیشی بە زانینی مەرجە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەش هەیە کە پێش ئەم کردەیە دەکەوێت، سەرەڕای پێویستی بە زانینی بنەما پراگماتیییەکانی کە فەرمانڕەوایی دەکات. سەرەڕای رێکخستنی دەستوورە پراگماتیییە جۆراوجۆرەکانی کە لە دەربڕینە گونجاوە بارەکان ماوەتەوە، ئەوانیش گرنگی خۆیان هەیە، پێویستیش نیە پشت بە زمانەوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی ببەسترێت کە چەند مەرجێکیان تێدایە بۆ لێکدانەوەی پراگماتیکی.

داواکاری دووەم شێوە زمانییە دەربڕا و نووسراوییەکانە یان دەق بە تەنها شایەنی تێبینی و لێکۆڵینەوەی زمانین و بابەتی راستەقینەی شیکردنەوەن، چونکە لێکۆڵینەوەیان رێگایەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی دیار لە کردەی بەرهەمی ئەدەبی، ئەمەش لەبەر توانای سەرپەرشتیکردنی لەسەر کردەی هەڵبژاردن بە تایبەتیش لە کاتی راستکردنەوەی درەنگ وەخت بە ئامانجی ئەوەی کارێکی مەبەستدارە و پشکنین و پێداچوونەوە دەگرێتەوە.

زمانەوانە دیارەکان لە ئەنجوومەنی هوراتیسیش وشەیان گۆڕی بۆ جۆرێك کە وشەکە رەنگدانەوەی بیر و وێنەی دەربرینی رازیکردن بێت، ئەمیش لە رێگای هەڵبژاردن، بنچینەی لێکۆڵینەوەی شێوازی کارەکی چالاکی یا رەوشتی خوێنەرە و وەرگرە، لە کاتی بەرهەم هێنانی دەق، هەروەها دەبێت ناساندنی جیاوازی نێوان شێوازەکان و دواتریش هەڵسەنگاندنی[1].

لێرەدا هەڵوێستێکی تر هاتە ئاراوە و بانگێشەی ئەوەی کرد کە دەق دابماڵدرێت لە نووسەرەکەی و ئەو دەوروبەرەی کە دەقەکەی تیادا هاتۆتە ئاراوە،

(١) فیلی ساندریس: ٢٠٠٣:٢١٢– ٢١٤

دواتر گۆڕینی بۆ دەقێك تا وەرگر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، بەپێی بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی، لەگەڵ خستنەرووی بیر و بۆچوون و تێڕوانینی خۆی، ئینجا بڕیار و هەڵسەنگاندن بۆ دەق و شێوازەکەی بکرێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین دەق بوونی نییە لەدەرەوەی بازنەی بەرهەم و وەرگرەکەی ، بەم پێیە وەرگری شێواز بنچینەی زوربەی تیۆرییەکانی شێوازە و دەچێتە خانەی شێوازی وەسفی، پۆلینیش دەکرێت لە چوارچێوەی پراگماتیکی زمانی، هەروەك ئەبراهام میلەر ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: (شێواز پوختەی گۆرانکارییە پراگماتیکییەکانە) ئەمەش بە تێڕوانینێکی کەسی دادەنرێت و ڕێگرنییە لە بۆچوونی تر وەك ئۆهمان کە دەڵێت شێواز بۆچوونێکی پراگماتیکیە، پشت بەستوو بەم خاڵانەی خوارەوە:

- پشتگوێخستنی چاڵاکی لەبەر لێکۆڵینەوەی توانست.
- مانەوەی تایبەتمەندی ڕەوشتی لە دەرەوەی تێبینیکردن.
- پشتگوێخستنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی تایبەت بە قسەکردن.

تیۆری کردەی قسەیی کە لە لایەن سێرێل ی ئەلمانی و دەاتریش لایەنگیری ئۆستن بۆ ئەم بیرە، سێ کردەی زمانیان جیاکردەوە لەکاتی پەیوەندی قسەکەر و گوێگر وەك:

- **کردەی زمانی**: وەك (گۆکردن، ڕۆنانی ڕستەی ڕاست لە ڕووی دەنگ و ڕێزمان و واتا)
- **کردەی کردەی جێبەجێکردن**: وەك (هەڕەشە و بەلێن و فەرماندان و ناڕازیبوون .....هتد)
- **کاریگەری ناراستەوخۆ لەسەر قسە**: وەك (ڕازیکردن، وروژاندن، هیواپێنەدان، ......هتد.

لێکۆڵینەوە لە شێوازگەری لە چوارچێوەی ئاخاوتن بابەتی سەرەکی بۆچوونەکەی ئۆهمانە، چونکە ئەو بابەتەی کە بە شێوەیەکی پراکتیکی پشتی

پێدەبەسترێت قسەیە، ئەمەش دەرگا دەکاتەوە بۆ زۆر ئەگەر لە شێواز بە ڕێگای جیا جیا:

- بەکردەی ئامراز وەك: فەرمانت پێدەکەم بەوەستاوی بمێنیتەوە.
- بە کاری فەرماندان وەك: بمێنەوە بە وەستاوی.
- بەشێوەیەکی هێمایی وەك: راوەستە.

لێرەدا هەڵوێستی سێرێل بەروونی دەردەکەوێت کە دەبێت نووسەر و وەرگر خۆیان ببەستنەوە بە واقیعی کۆمەڵایەتی لەکاتی هەڵبژاردن لە نێو هاوشێوەکانیدا[1].

ئاشکرایە کە شێوازگەری کەرەستە و پێداویستییەکانی لە زمانەوانی وەردەگرێت هەر بۆیەش قوتابخانەی سویسری شێوازگەری وەك ڕێبازێکی زمانەوانی سەیردەکرد، وەسفی دەقی ئەدەبیان لە ڕێگای زمانەوە دەکرد و بە پێی پێناسەی جاکۆپسن کە بنەمای هەڵبژاردنی بە دوور خستەوە لە تەوەرەی ئاسۆیی رستە، ئەمەش وای لە هەندێ شێوازگەرەکان کرد گومان لە بوونی شێوازگەری بکەن و مردنی رابگەیەنن و بە زمانەوانی ببەستنەوە وەك زمانییەکی تەولیفی سەیری بکەن کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەدات، لە بەرامبەر زمانەوانی شیکاری کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە گشتییەکانی زمان دەدات.

لەڕاستیشدا مانەوەی دەق لە سنووری سیمانتیکدا خزمەت بە شێواز دەکات، نەك پراگماتیك، ئاشکرایە ئەدەب هونەر بەکار دێنێت بۆ وروژاندن و دواتریش بۆ چێژ وەرگرتن ئەگەر ئەدەب ببەستینەوە بە پراگماتیك و واتا راستەقینەکەمان دۆزیەوە وابزانم خزمەت بە ئەدەب ناکات، چونکە چێژەکەی نامێنێت و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی لێدێت، بەڵام ئەگەر بەستانەوەمان بە دەوروبەر دۆزینەوەی چوارچێوەبێت بۆ خوێندنەوەکان ئەو بە کارێکی باشی دادەنێم، بەڵام ئەگەر بۆ گەیشتن بەڕاستی بێت ئەوا نە رەخنەگر و نەزمانەوان ناگەنە راستی مەبەست، چونکە دەق داپچراوە لە دەوروبەر و ستەمە بگوترێت دەوروبەر دەگەڕێندرێتەوە، خۆ ئەگەر واشبێت بۆچوون گریمانەن دەشی راست

(١) فیلی ساندریس: ٢٠٠٣:٢١٥– ٢١٦

بێت و دەشێ ناراست کەواتە دیسانەوە دەگەرێنەوە خاڵی سەرەتا، بیرۆکەی سوودمەندی باڵی کێشاوە بەسەر زوربەی زۆری لێکۆڵینەوەکان لەوانەش ئەدب سودمەندییەکەشی لەو چێژەدایە کە دەیدات لە ڕێگای فرەخوێندنەوە خۆ ئەگەر فرەخوێندنەوەیی لێدەرچێت ئەوە ئەدەب هیچ مانای نامێنێت.

## د- جیاوازی و تێکچڕژان لە نێوان (ڕەوانبێژی، شێواز، ڕاگماتیک):

ڕەوانبێژی بابەتێکی پێوانەییە دەقەکانی پێ دەپێورێست، بەڵام شێوازگەری گرنگی بە کاریگەری کردنە سەر خوێنەر و وەرگر دەدات دەتوانین جیاوازییەکانی شێواز و ڕەوانبێژی لەم خاڵانە کۆبکەینەوە:

١- ڕەوانبێژی پێوانەییە، بەڵام شێواز وەسفی ئێستاییە.

٢- ڕەوانبێژی روخسار بەسەر ناوەرۆك زاڵ دەکات، بەڵام شێواز وەك دوو رووی یەکدراوی دادەنێت.

٣- شێواز ڕەوانبێژی بۆ زەفکردنەوەی لایەنی جوانی بەکاردێنێت.

٤- شێوازگەری شێواز دەپشکنێت بۆ رەچاوکردنی بار، بەڵام ڕەوانبێژی وشە و واتا دابەشدەکات بۆ رەچاوکردنی پێداویستی بار.

٥- شێواز رەچاوی باری دەروونی دەکات واتە پەیوەستە بە دەروونناسی، بەڵام ڕەوانبێژی کاریگەری لۆجیکی لەسەرە.

٦- شێواز هەموو لایەنەکانی قسەدەگرێتەوە.

٧- شێواز زانستێکی فراوانە و ڕەوانبێژی داخراو جێگیرە.

ڕەوانبێژی گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە گوتاری ئەدەبی دەدات لێکۆڵینەوەیەکی بەشی واتە گرنگی بە رووخسار دەدات نەك ناوەرۆك لەسەر بنچینەی پێوانەیی، لەگەڵ دەرکەوتنی زمانەوانی سۆسێر لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە شێوازگەری دەرکەوت هەوڵیدا خۆی بەدووربگرێت لە هەڵەکانی ڕەوانبێژی و هەوڵیدا لە روخسار و ناوەرۆك بەیەکەوە بکۆڵێتەوە لەسەر بنچینەیەکی وەسفی زانستی.

شێواز لەگەڵ پراگماتیکدا هاوسێیەتی و تێکچڕژانی هەیە

شێواز دان بەوەدا دەنێت کە بنەمای کاریگەری لە دەق هەیە و گرنگی بەمە نادات هەر ئەوەش لە ڕەخنەی جیاکردۆتەوە چونکە پەلکێشی دەکات بۆ

نرخاندنی دەق بەڵام هەردووکیان سوود لە کەرستە زمانییەکان وەردەگرن بۆ شیکردنەوەی دەق، شێواز دەقی ئەدەبی شیدەکاتەوە بە ئامانجی:

**١- وەسفی ئەدەبییەتەکەی دەکات.**

**٢- تایبەتمەندییە هونەرییەکانی دەستنیشاندەکات.**

**٣- بڕیار لەسەر کاریگەری نادات.**

**٤- ناوەستێ لەسەر ئامانجەکانی قسەکەر لە دەوروبەردا.**

**٥- ستراتیجییەتی گوتاری دەقەکە دەرناخات بەڵکو گوتنێکە.**

بەڵام پراگماتیك دەروانێتە گوتن بە سێ ئاست:

**١- کردەی گوتن.**

**٢- کردەی نازمانی.**

**٣- کاریگەری گوتن.**

لێرە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پراگماتیك گرنگی بە واتای دەوروبەر دەدات، بەڵام شێواز گرنگی بە واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی دەدات.

ئەم دوو زانستە هەردووکیان گرنگی بە ڕەوانبێژی دەدەن، ڕەوانبێژی بە پێی مۆلینیە سێ جۆرە:

**١- ڕەوانبێژی رازیکردن:**

گوتەکانی گوتاربێژ لەم ڕەوانبێژییەدا گوزارشت لە هەڵوێستی ناکات هەوڵدەدات ئارەزوو بکات یان بیری لێبکاتەوە .لێرەدا سێ جۆر سەرهەڵدەدات:

**أ- رازیکردن بۆ راست و چەوت.**

**ب- رازیکردن بۆ دادپەروەری و ستەم.**

**ج- رازیکردن بۆ سوود و زیان.**

**٢- ڕەوانبێژی دارشتن:**

لێکۆڵینەوە لە دەربڕینە ڕوونبێژییەکان دەکات ،لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان بەکارهێنانی زمانی قسەکەر بکەین کە کار بۆ گواستنەوەی واتا جێگیرە دەکات بۆ کۆمەڵێك واتا لەگەڵ بۆچوون و تێڕوانینی وەرگر کە یەك واتا وەردەگرێت بۆیە هەوڵدەدات لە شوێنی خۆی دروستی خۆی دابنێت یان داینەنێت.

**٣- ڕەوانبێژی جۆری:**

هونەری دادگایکردنی دانەرانی بیردەکات و لەسەدەی نۆزدەم سەری هەڵدا.

تێبینی دەکرێت شێوازگەری زانستی فەلسەفەی پشتگوێ خستووە و سوودی لە هەردوو جۆرەکەی ڕەوانبێژی یەکەم و دووەم وەك مادەیەکی خام وەرگرتووە بە واتایەکی تر سوودی لە ڕەوانبێژی و پراگماتیك وەرگرتووە، سوودی لە ڕەوانبێژی وەرگرتووە لە ڕێگای کەرستە شیکەرەوەکانی و لە شێوازگەریش بە ڕاستکردنەوەی تێڕوانینی بۆ دەقی ئەدەبی، کەواتە هەردووکیان گرنگی دەدەن بە زمان بەڵام شێواز لە سنووری جوانی گوتن دەوەستێت و پراگماتیکیش لە نرخی گوتنەکە دەڕوانێت لە دەرەوەی زمان[1].

کەرستەکانی شیکردنەوەی پراگماتیك نزیکە لە لۆجیك وەك ڕێزمان، بەڵام شێوازگەری زوربەی ڕێبازەکانی شیکردنەوەی ئەدەبی دەکاتە ئامانج بەم پێیە هەردووکیان لە دایکبووی ڕەوانبێژین، پراگماتیك میراتگری ڕەوانبێژی ڕازیکردنە و شێوازیش میراتگری ڕەوانبێژی دارشتن و جوانییە.

(١) صابر الحباشة: ٢٠١٠:١١٦-١١٧

# بەشی چوارەم

## شێواز و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی

# شێواز و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی

دەق رەنگدانەوەی رۆشنبیری کۆمەڵگایە بە درێژیی مێژوو و جوگرافیا و پەیوەندی نێوان تاکەکان بەواتایەکی تر یادگەیەکی سیستەمی زانینی کۆمەڵگایە. ئەرکی دەستنیشانکردن و روونکردنە و شیکردنەوە و خستنەرووی پارچەکانی دەقە، لەم سۆنگەیەوە رەخنەگر جەخت لەسەر زمان و شێواز و پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان بەش و گشتەکان دەکات، تاکو واتاکەی روونبێت و کورتبکرێتەوە و زانیارییەکان بتواندرێت بە شێوەیەکی لۆجیکی رێکبخرێت بۆ تێگەیشتن، بۆیە خوێندنەوەی خێرا بۆ دەق بە شیکردنەوە ناژمێردرێت، بەڵام ئەگەر خوێنەر لەسەر دەقەکە وەستا و نێوان رستەکانی خوێندەوە و ئاگاداری واتا کۆمەڵایەتییەکانی وشەکان بوو و بنەما جوانی و ناشیرینییەکانی ناساند و هەڵسەنگاندنی بۆ دەقەکە کرد ئەوا دەچێتە خانەی رەخنەگر و چێژوەرگرتنی ئەدەبی.

## ١- دەق لە نێوان خوێندنەوە و شیکردنەوەدا :

دەق کۆمەڵێك پەیوەندی زمانییە کە خزمەت بە بیرۆکەیەك یان کۆمەڵێك بیرۆکە یان چەمك دەکات و دەتواندرێت روونبکرێتەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت، ئەمەش دەبێتە رێگا خۆشکەر بۆ ئەوەی خوێندنەوەی زیاتری بۆ بکرێت.

**أ- دەق:**

لە رووی رۆنانەوە لەکۆمەڵێك وشە پێکهاتووە، داخراوە و سەربەخۆیی خۆی هەیە و خاوەن ناوەرۆك و واتایە و پارچەکانی یەکتر تەواو دەکەن و روونە لە دەربرین و بۆ خوێنەر دەنووسرێت و لە هەموو کات و ساتێکدا دەخوێندرێتەوە:

دەق بە تایبەتی لە ئەدەبدا خۆرسك نییە، بەڵکو بە چەند ئاستێك دادەڕوات تا دەبێتە بەرهەم:

أ- ئاستی دەربرین.

ب- ئاستی بەرهەمهێنان.

ج- ئاستی ئەفراندن.

د- ئاستی داهێنان.

هـ- ئاستی پێگەیشتن(١) .

**تایبەتمەندییەکانی دەق دەتوانین لەم خاڵانە کۆبکەینەوە:**

١- **کردەیە:** لە کات و شوێنێکی دیاریکراو روودەدات و خۆی دووبارە ناکاتەوە وەك مێژوو.

٢- **گەیەنەرە:** ئامانجی گەیاندنی زانست و زانیاریی و گواستنەوەی ئەزموونە بۆ وەرگر.

٣- **ئاوێتەییە:** پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ دروست دەکات و پارێزگاری لێدەکات.

٤- **داخراوە:** واتە سەرەتا و کۆتایی هەیە.

---

(١) عەبدولسەلام نەجمەدین: ٢٠٠٨:٦٢

٥- **دروستکراوەیی:** لە نەبوونەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕووداوی مێژوویی و دەروونی و زمانی لەدایك بووە و نەوەی نوێشی بەدواوە دێت.

## ب- شیکردنەوەی دەق:

کردەی شیکردنەوەی هونەری پێویستی بە ئەرك و کات و شارەزاییە، لێکدانە و شیکردنەوە لێکۆڵینەوەیەکە هەوڵی دۆزینەوەی شتەشاراوەکان دەدات لە ناو پەیام، جا پەیامەکە نووسراو بێت یان گۆکراو و بینراو بێت و وەستانە لەسەر بەشەکانی و بنەما سەرەتاییەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە خوێندنەوە دەبێت.

## ج- خوێندنەوەی دەق:

بریتییە لە کردنەوەی ئەو کۆدانەی کە لە دەق بەکارهاتووە و لە چوارچێوەی دەوروبەرە زمانییەکەی واتە ڕستەکانی پێشوتر و دواتر. خوێندنەوەی دەق بە چەند ئاستێك تێپەڕ دەبێت وەك:

١- **دەربڕین:** دەربڕین لە ڕووی دەنگ و وێنەی دەنگی و هێمایی دەگرێتەوە وەك بێژەر و پێشکەشکار و ....هتد.کە واتایەکی ڕوون بگەیەنێت.

٢- **لەبەرکردن:** پەیوەستە بە چەند خوێندنەوەیەکی یەك لەدوای یەك یان پارچە پارچە، گرنگی دان بە پەیوەندییەکانی دەنگی و واتایی تا وێنەکان لە یادگە بچەسپێنێت وەك ئەوەی باوە لە قوتابخانە و شانۆ و نواندن .....هتد.

٣- **تێگەیشتن:** پەیوەستە بە خوێندنەوەیەکی بەئاگایانەی لەسەرخۆ تا واتای وشە و ڕستە و دارشتنەکان و پەیوەندییە ڕێزمانی و هونەری و جولانەوەییەکانی بەش، لە دەق و جولانەوەی گشتی لەڕێگای شیکردنەوە و دارشتن وەربگرێت، وەك خوێندنەوەی کە لە زانکۆکان باوە.

٤- **چێژوەرگرتن:** خوێندنەوەیەکی لەسەرخۆی یەك لە دوای یەك تیایدا ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەی ڕستەکان لێکدەدرێتەوە و واتاکان بە وردی ڕێزدەکرێت بۆ چەسپاندنی بیرۆکەی سەرەکی و خزانە ناو ناخی دەق تا ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە و دەربڕین و وێنەکێشان و بەستانەوەی بەشەکان دەستنیشان

بکات و بیانبەستێتەوە بە دەوروبەرە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان و سێبەرە واتاییەکانی رووداو هەڵچوون و کاریگەرییە دەروونییەکان هەست پێبکات، جوانییەکانی بخاتە روو، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لای رەخنەگر و شیکەرەوەکان بەدیدەکرێت.

شێوازگەری بەو پێی لقێکە لە زمانەوانی هەوڵدەدات میکانزمێك بۆ شیکردنەوەی دەقەکان بخاتە روو بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی دەقەکە، لە رێگای دابەشکردنی بۆ رستە و پێکهاتەکانی وەك: بکەر- بەرکار- کار..... هتد.
خوێنەر بەشداری نووسینی دەق دەکات، چونکە کردەیەکی دەروونی جولانەوەییە و بەرپرسە لە کردنەوەی کۆدەکان و هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی پەیوەندی نێوان ژمارەیەك فۆرم لەگەڵ واتاکانیان لە رستەدا و دواتریش لە دەق لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت خوێندنەوە کردەیەکی لێکدانەوەیە و لە توانای دایە رۆشنایەتی بخاتە سەر رۆنانی ناوەوەی دەق.

## ٢- ئاستەکانی شیکردنەوەی دەق :

### یەکەم: شیکردنەوەی (واتا) دەستنیشانکردنی بیرۆکە:

ناوەرۆکی دەق شیدەکێتەوە پەرەگرافێك و پەرەگرافەکانیش بۆ چەند رستەیەك شیدەکرێتەوە[1] بیرۆکە و واتای دەق لە رێگای ئەم خاڵانەی خوارەوە شیدەکرێتەوە:

**A- دیاریکردنی تەوەرەکان:**

دیاریکردنی تەوەرەکان و پێشکەشکردنی کورتەیەك دەربارەی دەگرێتەوە.

**B- دەستنیشانکردنی بیرۆکەی بنەڕەتی:**

بریتییە لە تێگەیشتی ناوەکی گشتی دەقەکە وەك:

أ- دەستنیشانکردنی کورتەی بیرە سەرەکییەکە و دواتر دەستنیشانکردنی ئەنجامی و یەکخستنی بیرەکان.

ب- سوود وەرگرتن لە ناونیشان و بۆنەی دەق ئەگەر هەبوو.

ج- دەق دابەش دەکرێت بۆ بڕگە و یەکەی ورد کە سەربەخۆنە لە واتا و لە خزمەت بیرۆکە گشتییەکەدان.

د- بەستنەوەی بیرەکان: بێگومان پاڵنەرێك هەیە بۆ داهێنانی ئەدەبی، کەس ناتوانێت شت بەزۆری پسەپێننێتە سەر نووسەر، نووسەر پێویستە رێز لە ئەقلیەتی خوێنەر بگرێت و بیرۆکەکانی بەشێوەیەکی گونجاو بخاتەروو و پێی ئاسوودە بێت، بەڵام ئەگەر بابەتی دەقەکە تایبەتمەندی زانستی و فەلسەفی هەبێت یان شیکردنەوەی مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی یان ئاینی یان رامیاری بوو ئەوا رێکخستنی بیرەکان رۆڵی ئەوتۆی نابێت، بەڵکو دەبێت نووسەر بیرەکانی لە رێگەی پێشەکی و ئەنجام بخاتەروو و بەڵگەی پێویست بۆ قسەکانی بێنێتەوە، بە واتایەکی تر بابەتەکە بە شێوەیەکی لۆجیکی بخاتەروو.

بۆ بەستنەوەی بیرەکان سێ کێشەی هەیە:

أ- ونکردنی گونجان لە نێوان بیرێك و بیرێکی تر.

---

(١) عبدالستار جواد: ١٩٩٨:٩٦

ب- کاتێك بیرەکان تێکبچڕژێن و بڕگەیەك یان بیرۆکەیەك زۆر دووبارە بێتەوە.
ج- بیرەکان دژ بە یەکبن، ئەمەش بە کەموکوڕییەکی ویژدانی دادەنرێت و لە نرخی نووسەر کەمدەکاتەوە، چونکە هەڵوێست بە روونی یەکلایی ناکاتەوە، لەو بابەتانەی کە نووسەر وروژاندوویەتی، ئەمەش زیاتر دوودڵی نووسەر دەخاتەڕوو کاتێك بیرێك دەردەبڕێت دوایی بیرەکان بە پێچەوانەوە دەردەبڕێت.
هـ- بوونی یەکێتییەکی ئۆرگانی لە هۆنینەوە و چنینی دەقەکە بەشێوەیەك بێت کە هەموو بەشەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و نابێت پێش و پاشیکردن لە بیرەکانی هەبێت، ئەم یەکێتییە ئۆرگانییەش سێ مەرجی پێویستە:
أ- یەکێتی بابەت.
ب- یەکێتی هەست.
ج- رێکخستنی بیر و وێنە لەژێر سێبەری دوو بنەماکەی سەرەوە. بەشێوەیەك هەر بیرۆکە و وێنەیەك بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت بۆ گەشەکردنی کاری هونەری و تەواوکردنی.
و- گشتگیری لە بیرەکان: واتە نووسەر هەموو لایەنەکانی بابەت باس بکات نەك هەندێکچکیان تەواو نەکات، تاکو بوار بۆ پرسیارکردن نەهێڵێتەوە، بۆ ئەم گشتگیرییە دوو هۆ هەیە:
أ- پاڵنەری زانستی: گیانی راستگۆییە.
ب- پاڵنەری هەستی: بەرزبوونەوەی هەڵچوونی نوسەرە بە بابەتەکەی وەك سەرسورمان بەزەیی یان رق لێبوونەوە.
ز- قووڵی بیرەکان بیرۆکەی قووڵ خاوەن دوو تایبەتمەندییە:
أ- سنووری وشە تێدەپەڕێنێ بۆ واتایەك کە بە رامان درکی پێدەکەین.
ب- پاش درکپێکردن بە واتا فراوانەکەی لە نێوان رستەکاندایە، چێژێك بەدوای خویدا بێنێت.

## دووەم: پێوانەی هەست و سۆز:

بنەمایەکی گرنگی ئەدەبە و ئاوێتەبوونی نووسەر و بابەت دەردەخات بە شێوەیەك دەقی ئەدەبی لە دەقەکانی تر جیادەکاتەوە. هەڵسەنگاندنی سۆز لە سێ گۆشە نیگاوە:

**A- جۆری سۆزەکان:**

هەست و سۆزەکان جۆراوجۆرن بە پێی هەڵوێست:

أ- سۆزی مرۆڤایەتی پاکیزە و خۆشەویستی بۆ چاکە و کاری باش.

ب- سۆزی خۆڕسك وەك سۆزی دایکایەتی و باوکایەتی و بەزەیی مناڵەکان بۆ دایك و باوکیان.

ج- سۆزی شانازی وەك سۆزی ئاین و نیشتیمان و کەسی.

د- سۆزی بەرەنگاری.

هـ- سۆزی بەزەیی بۆ ئازاردراوان و نائومێدان.

و- سۆزی خەم و حەسرەت لەکاتی تووڕەیی و رق و تووڕەیی.

هەر دەقێك برین دەبینین زیاتر لە سۆزێکی تێدایە.

**B - پلەی سۆزەکان:**

سۆزەکان پلەدارن یان زۆر توندن یان لەسەرخۆن بە پێی دەق:

أ- ئەگەر دەقەکە سۆزی جوولاند و هەستی وروژاند، ئەمە بەڵگەیە بۆ بەهێزی هەست و سۆز و ئەگەر ئەمەشی ئەنجام نەدا ئەوا کەم سۆزی نووسەر دەگەیەنێت.

ب- هێزی شێواز و بنەمای ئەندێشە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ وروژاندنی سۆز وەك رووداوی بوومەلەرزەیەك کە زیانی ماڵی و گیانی زۆری لێبکەوێتەوە.

ج- جێگیری و بەردەوامی: سۆزی زیندوو و بەهێز ئەوەیە کە کاریگەری جێبێلێت لەسەر دەروون بۆ ماوەیەکی زۆر و سست و کەم نەبێتەوە لە ئەنجامی زۆر دووبارەبوونەوە.

**c- رەسەنی و دروستی سۆز:**

یەکسان بوونی سۆزی خوودی نووسەرە لەگەڵ سۆزی دەربڕاو لەدەق کە ڕاستی نووسەر بۆ بابەتەکەی دەگەیەنێت، واتە ئەگەر نووسەر ئەو سۆزەی هەستی پێدەکات توانی بۆمان بگوازێتەوە ئەوا سۆزەکەی ڕاستە و ڕەسەنە ئەگەر وانەبوو ئەوا سۆزەکەی ساختەیە بۆ جێگاخۆشکردن و بەرژەوەندی تایبەتە، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە:

- چۆن سۆزی ساختە دەناسینەوە؟

بۆ وەڵامی ئەمە دەڵێین: لە ڕێگای هەستکردنێکی شیکاری دەدۆزرێتەوە.

## سێیەم: پێوانەی شێواز:

شێواز لە دەقی ئەدەبی گرنگییەکی زۆری هەیە لە هەڵسەنگاندنی ئامرازەکانی نووسەر و تایبەتمەندییەکی نووسەری داهێنەرە، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە کۆی بکەینەوە:

**A- زمان:**

لەم ئاستەدا لێکۆڵینەوە لە وشە و ڕستە و گرێ و دەق دەکرێت لە ڕێگای گرنگی دان بە ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە هەروەها کورتی و درێژی ڕستە و بکەر و بەرکار و کار و پێشخستن و دواخستن و نێر و مێ و ڕستەی بکەر دیار و نادیار و ....هتد.

**أ- ئاستی وشەسازی:** زیاتر فەرهەنگی نووسەر دەگرێتەوە، ئەم فەرهەنگانەش دەبێت دیاریبکرێن لە ڕێگای:

١- پۆلینکردنی وشەکان بە پێی کێڵگەی واتایی.

٢- دیاریکردنی کێڵگەی زاڵبوو و پەیوەندی بە بابەتەکەی.

٣- ئەرکی ئەم کێڵگانە چین؟

٤- هاواتایی، نزیکی واتایی نێوان وشەکان دەگرێتەوە، کە هەریەکەیان بۆ بارێك گونجاوە.

٥- سروشتی وشەکان، گونجاوی و پتەوی و بەهێزی و ناسکی و ساگاری وشە دەگرێتەوە لە دوو ڕوانگەوە:

- **راستەوخۆیی و رەنگدانەوە:** وشەی راستەوخۆ واتاکەی دەگەیەنێت، بەڵام وشەی رەنگراو خزمەت بە سۆز دەکات.
- **باوی نامۆیی:** باشتر وایە وشە دەبڕاوەکان باو و بەکارهێنراوبوون، بەڵام ئەگەر نامۆ بوو ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نووسەر یان داهێنانی.

**ب- دەستەواژە و رستە و برگە (فقرە):**

رستە و دەستە واژەکان لە دەقدا لە چەند روویەکەوە سەیر دەکرێت:

- **روونی واتاکەی:** روونی واتای بڕگەکان مەبەستمان ساکاری بیر نییە، بەڵکو رێگاکانی دەربڕین دەگرێتەوە، ئەگەر تووشی گرفتی تێگەیشتن بووین لە دەقێك بەهۆی ئاڵۆزی و لێلی وشە و دەستەواژەکانی ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ باش هەڵنەبژاردنی ئەم دەستەواژانە.
- **هاوسەنگی:** هاوسەنگی نێوان دەستەواژەکان و وشەکان دەگرێتەوە لە رووی ژمارەوە ئەوا کاریگەرییەکی مۆسیقی دروست دەکات.
- **کورتی و درێژی:** دەربڕینی درێژ گونجاوە بۆ بوارەکانی شیکردنەوە و ئەوەی پەیوەندی بە ئەقڵەوە هەبێت، دەستەواژەی کورتیش گونجاوە بۆ بوارەکانی دەربڕینی سۆزداری وەك شیعر و پەخشان.
- دەستنیشانکردنی رۆنانی سەرەوە و ژێرەوەی رستەکان و خستنەروو و پۆلینکردنی رستەکان پۆلین دەکرێن بۆ:
- رستەی وەسفی.
- رستەی هەڵسەنگاندن.
- رستەی هەست دەربڕین.

**B- جۆری شێواز:**

باس لە شێوازی بەکارهێنراو دەکات، ئایا راگەیاندنە یا دارشتنە یا هەردووکیتیان و کامەیان زاڵە وە ئایا شێوازەکە گونجاوە، بۆ نموونە بۆ گێرانەوە شێوازی راگەیاندن گونجاوە و بۆ ئامۆژگاری و ئاراستەکردن دارشتن گونجاوە.

**C- کوتربڕی و درێژبڕی:**

نووسەر بە پێی پێویست بۆ چێژدان بە دەقەکەی کورتبڕی و درێژبری بەکاردێنێت ئەوەی پێویست بە کوتبڕی بکات کورتبڕی بۆ بەکار دێنێت و ئەوەی درێژبڕیش پێویست بکات درێژبڕی بۆ بەکاردێنێت. بەمەش وشەکانی دەکاتە بەرگێکی پر بەپێست واتا نە کەم و نە زیاد.

**أ- کورتبڕی:** بارکردنی واتای زۆرە لە وشەی کەم واتە رستەی کورت پڕ واتایە.

**ب- درێژبڕی:** بارکردنی واتای کەمە لە وشەی زۆر. بۆ مەبەستی جەختکردن و سەرنج راکێشان و کاریگەری دروستکردن و رازیکردن و روونکردنەوە لە رێگای جۆراو جۆرەوە وەك: هاوواتا و رستەی پێچەوانە. یان لە رێگای دووبارە بوونەوە بۆ مەبەستی جوانکاری.

**D- وێنە و ئەندێشە:**

باس لە وێنە دەکرێت وەك بەشێکی وێنە یان گشت لەگەڵ پێکهاتەکانی، کە وێنە روونکردنەوەییە ئەندێشەییەکان دەگرێتەوە وەك لێکچواندن و خوازە و......هتد. وێنە واتا روونەدەکاتەوە و هێزی وشە زیاد دەکات و سنووورداری دەکات واتای دوور نزیکدەکاتەوە.

**E- هونەرە جوانکارییەکان:**

رەگەز دۆزی و دژیەك و سەجع .....هتد دەگرێتەوە، کە لە رێگای واتا دوور و نزیکەکانییەوە جۆرە جوانکارییەك دەبەخشێت، چونکە واتای مەبەست بە شێوەیەکی شاراوە بەکاردێنێت.

**F- مۆسیقا:**

جەخت لەسەر وەستان و کێش و هێز و برگە و ئاوازە و سەروا دەکاتەوە. لەم ئاستەدا دەتواندرێت لێکۆڵینەوە لە ترپە و بنەما پێکهاتەییەکانی بکرێت لەگەڵ ئەو کاریگەرییە جوانکارییەی کە دروستی دەکات. هەروەها دەتواندرێت

لێكۆڵینەوە لە دووبارەبوونەوەی دەنگ و واتا وروژێنەرەكانی بكرێت[1]. ترپە لە دەقدا گرنگییەكی زۆری هەیە بە تایبەتی لە شیعر كە دەبێتە دووبەش:

أ- ترپەی دەرەوە: وەك كێش و سەروا و سروشتی دەنگ و ....هتد.

ب- ترپەیەكی تایبەتە بە دەق و پەیوەستە بە باری دەروونی وەك: دووبارەبوونەوە و هاوتەریبی دەنگەكان و رەگەزدۆزی و دژیەك ...هتد.

## چوارەم: هەڵسەنگاندن و بڕیاردان:

أ- هەڵسەنگاندن و بڕیاردان:

بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی دەقە لەم ڕووانەی خوارەوە:

- تایبەتمەندی خاوەن دەق.
- ئایا خاوەن دەق بەرژەوەندخوازەكی كۆمەڵایەتییە یان بانگخوازێكە رەوشت هەڵدەسەنگێنێت یا شۆڕشگێرێكی خاوەن كەسایەتی بەهێزە یان خولیایەكی تاكە و نقوومبووی غەمە یان كەسێكی بابەتی و لەسەرخۆی هاوسەنگە.
- دیاریدە دەوروبەرییەكان: واتە رەنگدانەوەی بارودۆخی سەردەمەكەی خۆیەتی وەك باسكردن لە مملمڵانێ ی مێژوویی نێوان دووتیرە و لۆجیكی هێز یان باسكردن لە سروشت ...هتد.

ب- نموونەی بەرز، كە لە دەقدا هەستی پێدەكرێت كە مۆركێكی مرۆڤایەتی پێوەدیارە وەك بانگێشە بۆ ئازادی و شانازیكردن بە وڵات و یەكسانی و دادپەروەری بەرزی رەوشت ...هتد[2].

(١) یوسف أبو العدوس: ١٤٢٧هـ: ٥١

(٢) مراحل تحليل النص الادبي، http://sougueur14.forums1.net/t239-topic

# بەشی پێنجەم

## لادان و شێواز

## لادان و شێواز:

بەکارهێنەکی داهێنەرانەی وشەکانی زمان و ڕۆنان و وێنەیە کە باو سواو نەبێت و لە باری ئاسایی دەرچووبێت، لەم بەشەدا لادان وەك جۆرێك لە شێواز بە تێر و تەسەلی باس دەکەین:

### ١- پێناسەی لادان Deviation:

هەندێك پێیان وایە دوور کەوتنەوە یە و هەندێکی تر پێیان وایە نائاسایی یان خزانە[١]، لە ڕووی واتاوە هەموویان ئەوە دەگرنەوە کە دەرچوونێکی بەمەبەست بێت لە باو بە پلەی جۆراو جۆر خزمەت بە دەق دەکات[٢].

**لادان پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە لای شێوازناسان لەمانەش:**

أ- سبیتزی ئەڵمانی و پیرجیرۆ ی فەرەنسی پێیان وایە: لادان لادانە لە شێوە و جۆر وەیا پێچەوانەیەتی، سبیتز لادانی کردۆتە پێوەرێك بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندی شێوازی[٣].

ب- تودورۆڤ پێی وایە لادان ئاوازەیەکی بە پاساوە (Justificatory) جگە لەوەی کە بنەمایەکی زانستی شێوازە. دەگەرێتەوە بۆ بۆچوونەکەی جان کۆهین، کە بەکارهێنانی زمان چردەکاتەوە لە سێ جۆر:

- جۆری ڕێزمانی کە باوە لە قسەکردن.
- جۆری ناڕێزمانی (Agrammatical) کە داهێنەرانە.
- جۆری ناپەسەند و ڕەتکراوە. کە ناڕێزمانییە و داهێنانیشی تیادا نییە[٤].

ج- ریفاتیر Riffaterre: لادان بریتییە لە دەرچوون لە دەربرینی ڕێکەوتوو (باو) لە ڕێگای تێکشکاندنی ڕێزمان[٥].

---

(١) موسى سامح ربابعة: ٢٠٠٣: ٤٥-٤٦

(٢) يوسف أبو العدوس: ١٤٢٧هـ : ١٨٠

(٣) محمد هادی مرادی و مجید قاسمی:٢٠١٢:١٠٩

(٤) محمد هادی مرادی و مجید قاسمی:٢٠١٢:١١٠

(١) عبدالسلام المسدی:١٩٧٦:١٠٢

د- ساندریس: پێی وایە لادان دەرچوونە لە جۆری ڕێگاکانی دەربڕین کە لە ئەدەبدا ڕەنگدەداتەوە و دەچێتە خانەی هەڵەی باو یا پەسند[١].

هـ- جان کوهین Gean cohen: پێی وایە تەنها لادان بابەتی دروست پێشکەش بە بە شیعریەت دەکات.

## ٢- هۆیەکانی سەرهەڵدانی لادان لە شێوازدا:

بنچینەی ئەم ئاراستەیە زانستی زمانە و چەند ئاراستەیەکی تری هەیە، کە لە ڕێگادا جیاوازن ئەمەش وەك کاردانەوەیەکە بۆ ڕێبازەکانی زمان[٢].

لادان دوو پێداویستی هەیە:

أ- دیاریکردنی پێوەر بۆ پێوانەی لادان.

ب- دیاریکردنی نموونە کە لادانەکانی لەسەر دەپێورێت، چونکە شێواز لادانە لە جۆری نموونەیی و پێچەوانەی ڕێگای ئاسایی و چاوەڕوانکراوە لە دەربڕین[٣].

دیاریکردنی نموونە دوو لایەنی زمان دەگرێتەوە[٤].

١- نموونەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی زمان لێرەدا داوا لە خوێنەر دەکرێت نموونە باوەکان وەربگرێت

٢- نموونەکانی سیستەمی زمان پێویست دەکات لەسەر خوێنەر سیستەمی زمان بزانێت تاکو لادانەکان دیار بکات بە دوو پێوەر:

أ- هەستی زمانی لای وەرگر و ئەم هەستەش بە پێی وەرگر لە گۆڕاندایە[٥].

ب- بنەمای ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوە کە بنچینەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، کە گریمانە دەکات هەموو دەربڕینێت دوو ڕۆنانی هەیە، ڕۆنانی سەرەوە کە

(٢) ساندریس :٢٠٠٣:٤٨

(٣) إبراهيم عبدالجواد:١٩٩٤ :١١٣

(٤) إبراهيم عبدالجواد:١٩٩٤ :١١٢

(٥) موسى سامح ربابعه: ٢٠٠٣: ٥٢

(٦) موسى سامح ربابعه: ٢٠٠٣: ٥٦

ڕۆنانێکی دیارە و ڕۆنانی ژێرەوە کە ڕۆنانێکی نەگوتراوە، ڕۆنانی سەرەوە ڕۆنانێکی ئەبستراکە و لێکداوە واتاییەکان دیاریدەکات و ڕۆنانی ژێرەوەش یەکە رووکەشەکان ڕێکدەخات و کە لێکدانەوەی فۆنەتیکی دیاریدەکات و شێوەی قسەی فیزیایی دەگۆڕێت بۆ شێوەی مەبەست[1].

## ٣- ئەرکی لادان:

لادان بنەمایەکی گرنگی شێوازە[2] و دەتوانین ئەرکەکانی بەم شێوەی خوارەوە دیاریبکەین[3]:

١- لە ڕێگای لادانەوە دیاریدە هونەرییە ڕۆنانییەکان بەکار بێنین و بگەین بە ئەنجامێکی دیاریکراو لە ڕێگای تێبینیکردی چۆنییەتی بەکارهێنان و سیستەمی ڕستەیی زمان.

٢- لادان بە تێپەربوونی کات دەگۆڕێت بۆ لادانی رەها و خوازەکان دەبنە دروست هەروەك ئەوەی لە ئیدییەمدا دەبینرێت.

٣- دیاریکردنی دیاریدەی لادان لە دەق، کە وامان لێدەکات دوور کەوینەوە لە خوێندنەوەیەکی سەرپێی.

٤- لادان بە پێی داهێنەر و دەق و وەرگر گرنگی خۆی هەیە[4]:

أ- گرنگی بۆ داهێنەر ئەوەیە وای لێدەکات توانای بەکارهێنانی زمانی هەبێت و ووزەکانی بتەقێنێتەوە و واتاکانی فراوان بکات و شێواز و ڕۆنانی وا بەکاربێنێت کە پێشتر نەگوترابێت.

(١) إبراهيم عبدالجواد: ١٩٩٤ : ١١٥

(٢) موسى سامح ربابعه : ٢٠٠٣: ٥٦

(٣) موسى سامح ربابعه: ٢٠٠٣: ٥٦- ٥٩

(٤) موسى سامح ربابعه: ٢٠٠٣: ٥٨

ب- گرنگییەکەی بۆ دەق لەوەدایە رەهەندی واتایی و رەنگدانەوەی جۆراوجۆری پێدەبەخشێت وا لە زمان دەکات ئاراستەدار و وروژێنەر بێت، دەربرینی نوێ و پەیوەندی زمانی بەرهەمبێنێت پێچەوانەی باو و سواو بێت.

ج- وەرگر لە ئەنجامی لادان تووشی شۆك و سەرسورمان دەبێت لە ئەنجامی واتا شاراوە و بارگاوییەکانی کە لە لادانەکان هاتوونەتە ئاراوە و گۆڕان لە باری دەروونی دەکات.

## ٤- جۆرەکانی لادان:

زمانی ئەدەبی لەچاو زمانەکانی تر بە پێچ و پەناترە. لەسەر بناغەی هەردووچەمکی دەرەکی و ناوەکی دادەمەزرێ[١]:

**بناغەی زمانی ئەدەب**

تربەی دەرەکی، پێکهاتە دەنگییەکانە وەك: کێش، سەروا...

تربەی ناوەکی، کە بنەمایەکی مانایییان هەیە، وەك: خوازە، خواستن،...

(١) عەبدولخالق یەعقوبی:٢٠٠١:٢٧

واته به دوو شێوه زمانی ئەدەبی زەق دەكرێتەوە[1].

١- زەقكردنەوەی مۆسیقایی.

٢- زەقكردنەوەی واتایی.

لادان جۆرێكه له زەقكردنەوە، زەقكردنەوەش به دوو شێوه خۆی دەنوێنێت:

أ- زیدكردنی رێسا: بەكارهێنانی یاسای زیاد و سەرباره بۆ یاساكانی زمان، كه جاكۆپسن به تەریبوونی دادەنێت و له رووی چیەتییەوە له لادان جیادەبێتەوە و دەبێه هۆی داهێنانی هەڵبەست.

ب- لادان: لادانه لەم یاسایانەی كه زاڵ و باون له زمانی قسەكردن و دەبێته هۆی داهێنانی شیعر، بیروڕای جیاجیا هەیه بۆ دەستنیشانكردی جۆرەكانی و هەریەكه بۆ چەند جۆرێك دابەشی دەكات، ئێمەش تەنها باس له تەنها دوو دابەشكردن دەكەین كه بریتییه له:

**أ- لادان لای كۆهین:** كۆهین دوو جۆر له لادان دەستنیشان دەكات:

**A- لادانی گۆڕینەوە یا لادانی جێگۆڕكێ:**

ئەم جۆره پەیوەسته به كرۆكی یەكه زمانییەكان له رێگای واتاكەی وەك: خوازه و خواستن و دركه و لێكچواندن .....هتد.

**B- لادانی رۆنانی:**

ئەم جۆرەیان پەیوەسته به بەستانەوە و رێزكردنی هێماكان بەیەكەوە له یەیەك رسته یان یەك برگەی نووسیندا بەمەرجێ له دەرەوەی یاسا رێزمانییه باوەكان بێت وەك پاش وپێشكردن و لابردن و زیادكردن .....هتد[2].

(١) نور الهدى لوشن: ١٩٩٥: ٨٣

(٢) احمد محمد ويس :٢٠٠٥:١١١ -١٢٨

**ب- لادان لای لیچ:**

**لیچ لادان بۆ ٨ جۆر دابەش دەکات[١]، کە بریتین لە:**

**A- لادانی زمانی:**

**بازدانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەك[٢]:**

**بە دویا وێڵم ئەشکم دەپرسی**
**لە هەر دارێێ دیارێ (این سلماك).**
**(مەحوی: ١٨٥:١٩٧٧)**

**B- لادانی ڕێزمانی:**

**بەزاندنی یاساکانی ڕێزمان ئاستی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە و کار لە ناوەرۆك ناکات، ئاشکرایە ڕێزمان بریتییە لە (وشەسازی + ڕستەسازی) بەمەش لادانەکان دەبنە دووجۆر:**

**أ- لادانی وشەسازی (لێکسیکی):**

**بەکارهێنانی وشەی داهێنراو و نوێباو دەگرێتەوە، کە دەچێتە خانەی کورتبڕی چونکە واتایەکی زۆر هەڵدەگرێت وەك:**

**............تەرمی**
**سەربازە ژن بازەکان.**
**دەستگیران بازەکان**
**دۆست بازەکان**
**هەتیو بازەکان**
**ئاژەڵ بازەکان**
**(قوبادی جەلی زادە: ١٩٩٨)**

---

(١) کورش صفوی : ١٣٩٠:٥١– ٥٨
(٢) محمد معروف فتاح: ٢٠١٠:٤١٣

لێرەدا پاشگری (باز) لە زمانی ئاسایدا هاورێیەتی لەگەڵ (کۆتر، فێڵ و منالّ ...هتد هەیە، بەڵام شاعیر لێرەدا لەگەڵ وشەی تری بەکارهێناوە وەك: ژن، دەسگیران، دۆست، هەتیو، ئاژەڵ ...هتد. ئەمەش بە لادانی لێکسیکی دادەنرێت[1].

ب- لادانی رستەسازی:

که شاعیر له رێگەی گۆڕینی رێزبەندی کەرستەکانی رستە ئەنجامی دەدات[2] وەك:

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
بە رووی تۆم دیدە هەڵنایێ شە و رۆژ گەرچی بێدارم
(نالی: ١٩٧٨:٢٧٢)

**C- لادانی دەنگی:**

کاتێك روودەدات کە دەنگێك بەکاربێت کە لە زمانی ئاسایدا باوی نەبێت کە زوربەیان لەبەر کێشی شیعرییە[3] وەك:

مەمخەرە هاوییەی هەولی فیراق
دەستی من دامەنی تۆ رۆژی فیراق
(نالی: ١٩٧٨:١٢٦)

لێرەدا شاعیر دەنگی (ی) دوای (ی) دیارخەر زیاد کردووە بێگومان زیادکردنی رێساش جۆرێکە لە لادان.

(١) محمد معروف فتاح: ٢٠١٠: ٤١٠
(٢) دلێر صادق کانبی: ٢٠٠٩: ٤٧
(٣) دلێر صادق کانبی: ٢٠٠٩: ٤٦

**D- لادانی نووسین:**

لادانە لە شێوەی باوی نووسین باو کە زیاتر بۆ برجەستەکردنی شیعره[١] وەك:

له

بەر م ت

با ه ه

سەربەنێ چ ەوەو

رووەو

لستان

دەچێ

(ئەحمەد مستەفا نەجمەدین: ١٩٩٦:٥٠)

**E- لادانی واتایی:**

لادانە لەو پێوەرانەی کە وشە فەرهەنگییەکان دیاریدەکەن یان زاڵن بەسەر واتایە فەرهەنگییەکەی لە زمانی ئاسایی[٢].

ئۆڵمان وا پێناسەی واتا دەکات، کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان (ناو) و (ناولێنراو) هەرگۆڕانێکیش لەو پەیوەندیەدا روبدات، دەبێتە گۆڕان لە واتا[٣] و داهێنانی شاعیریش لە ئەنجامی بەزاندنی یاساکانەوە دێت[٤]:

نێرگس

واتای (١) گوڵ ئەو واتایەی کە هەستی پێدەکرێ و لە ژیانی رۆژانە بەکاردێ

واتای (٢) چاو ئەو واتایەی کە شاعیر مەبەستیەتی

(١) دلێر صادق کانەبی:٢٠٠٩:٥٠

(٢) دلێر صادق کانبی:٢٠٠٩:٤٠

(٣) ستیفن ئۆڵمان:١٩٧٢:١١٢

(٤) حاتم صطر:١٩٨٨:٧

وەك:

هەناسەم زولفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو رابرد و نێرگس هەر لە خەو دایە[١]

(نالی ل/١١٣)

واتە: یار لە خەودابووە و (نالی) بە بای هەناسەی زولفی لەسەر روومەتی لاداوەو، کەچی شەو تێپەڕی بای بەیانی هەڵیکرد (چاو) ی (نێرگس) ی یار هەر لە خەودایە و بەئاگا نەهاتووە.

مەبەستمان لە واتای فەرهەنگی ئەو واتا بنچینەییەیە، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوە و لە سەری رێکەوتووە. وەسفی بارودۆخ و شت دەکات و بەشێك واتای رستەی لێ پێکدێت، کە بریتیە لە (واتای وشەکان + کاریگەری رێزمانی)، واتایەکی نەگۆڕ و بلاّوە[٢].

لادانی واتایی بەزاندنی واتای فەرهەنگییە و بۆ گەیشتن بە واتای مەبەست، واتای فەرهەنگی وشە بریتیە لە واتای هۆشەکی وشەکە و ئەو واتایەی کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات[٣]، چونکە وشەکانی دەوروبەری واتای تاکە وشەکە دیار دەکەن[٤]. جا بۆ لێکدانەوەی واتای هەر وشەیەك دەبێ سەیری ئەو دەوروبەرە بکرێ کە وشەکەی تیا گوتراوە. ئەم جۆرە واتایە پەیوەستە بە سیمای واتاییەکانی کە لە وشەکەدا کۆبۆتەوە.

واتای مەبەست لە دەوروبەر وەردەگیرێت، کە واتاکەی لە دەرەوەی واتای وشە و رستەکانە و باس لە زۆر شت دەکرێت، بەلاّم بە راستەوخۆیی دەرنابڕدرێت.

(١) مارف خەزنەدار :١٩٧٧: ١١٣
(٢) جولیا اس فالك: ١٣٧٧ : ٣٥٧

(3) Jean Aitichison:1993:81
(4) Ellis:1970:81

بۆیە زانیاری پێشتر گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتنی ئەم جۆرە واتایە[1]، چونکە هێماکان بە واتایەکی تر دەردەبڕدرێن. بەمەش دەبێتە (واتای هۆشەکی + واتایەکی زیادە، کە کەسی لێکدەرەوە دەیخاتە سەری)، بۆ لێکدانەوەی ئەمەش دەبێت روو لە بواری (پراگماتیك) بکەین[2].

بەباوەری (لیچ) لادان ئەو ئاستەدەبێ، کە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر نەپچرێنێ و گوێگر توانای راڤەکردنی هەبێت و لە یاساکانی گۆڕانی واتا لانەدات واتە، یان لە رووی ئەرکەوە لەیەك بچن یان لە رووی روخسارەوە لەیەك بچن، لێرەدا گوڵی (نێرگس) لە شێوە لە (چاو) دەچێت، چونکە گوڵێکە ناوەراستەکەی زەردە و پەرەکانی دەوروبەری سپین. ئەو جیهانە تایبەتیەی کە شیعر خاوەنییەتی، لەسەر بناغەی لادانی واتایی دروست دەبێ وهەڵەکان لەژێر هۆکاری دەروونی دان.

(جاکۆپسن) پێی وایە شێوەی هەڵبژاردنی وشەیەك لە نێو کۆمەڵێك وشەی، هاوواتا و لەسەر تەوەرەی جێنشینی چۆنیەتی لە پەنایەکدادانی ئەو وشانە لە تەوەرەی هاونشینی، دەکرێ رستەیەك لە ئەرکی پەیوەندییەوە بگوازێتەوە بۆ ئەرکی ئەدەبی.

زمان بە شێوەی زنجیرە ئاخاوتن لەسەر هێڵێکی راستەوخۆ لە دوو تەوەرە خۆی دەنوێنێ[3]:

١- تەوەرەی جێنشینی:

بریتییە لە پەیوەندیی نێوان وشە پێکهێنەرەکانی رستە لەگەڵ وشە نادیار و لەبەردەست نەبووەکانی نێو رستە.

٢- تەوەرەی هاونشینی:

(١) جمعه سيد يوسف: ١٩٩٠: ٢٠

(2) Leach: 1996: 5

(٣) عبدالقادر هنى: ١٩٩٧: ٢٤٠

بریتییه له پەیوەندیی نێوان وشه دیار و لەبەردەستەکانی نێو رسته. واته، پەیوەندیی واتایی ئاسۆیی له نێوان وشەکانی چەند پۆلێکی رێزمانیی جیاواز. هەر کاتێك پەیوەندیەکەش بپچڕێ، ئەوا نائاسایی ولادانی واتایی دێته کایەوە.
لادان بۆ چەند جۆر دابەشکراوە لەوانەش:

أ- لادانی واتایی لای سجودی:

سجوودی لادانه واتاییەکان دابەشدەکات بۆ:

A- بەبەرجەستەکردن:

لەم لادانه سیمای واتایی ( + بەرهەست کەوتن + ئەبستراکت کردن) دەدرێته وشەکان به چەند شێوەیەك:

١- بەزیندەوەرکردن: سیمای زیندوو دەدرێت به نازیندوو وەك:

٢- به رووەککردن: پێدانی تایبەتمەندی رووەکه به شتی تر. وەك:

لێوی تۆ ئاوی بەقا من خچرم
فەیچی تۆ رەحمەت و، من سەوزه گیا
(نالی: ١٩٧٨:١٢٥).

٣- به گیاندارکردن:

پێدانی سیمای گیانداره به وشەی تر وەك:
منیش شیعرم لێ بۆته ئاسکێکی تێنوو
دەمێکه سییەکانم دەریان، نەهەنگە شیعری تێ دەمرن.
(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥:٤٦)

لێرەدا شاعیر (شیعر) ی جارێك کردووه به (ئاسك) ی ئاژەڵ و جارێکی تر به (نەهەنگ) ی ئاژەڵ.

٤- به مرۆڤکردن: پێدانی سیمای مرۆڤه به وشەی تر وەك:

فەرشی کەففی بەری پێته نەرگس
سەری داخستووه وەك چاوی حەیا
(نالی: ١٩٧٨:١٢٦)

دەبینین (سەرداخستن) تایبەتمەندییەکی مرۆڤه و دراوە به رووەکی نێرگز.

٥- به ئاژەڵکردن:

پێدانی سیمای ئاژەڵه به وشەی تر وەك:

ئەسپی نەفەست دێت و دەچێ گەرمە عەنانی

(نالی: ١٩٧٨:٣٩٣).

لێرەدا شاعیر نەفسی بە ئەسپ چواندووە و مامەڵەی ئاژەڵی لەگەڵکردووە.

٦- بە ڕەوانکردن:

پێدانی سیمای وایی ( + ڕەوان) یە بە وشەی تر وەك:

کە خاکی، خاکی دامەن بە وەگەر نە تۆزی بەربادی

کە ئاوی، ئاوی گەوهەر بە، وەگەر نە بڵقی سەر ئاوی

(نالی: ١٩٧٨:٦٨٣)

لێرەدا شاعیر مامەڵەی ئاوی لەگەڵ مرۆڤ کردووە و بە ئاوی چواندووە.

٧- بەتەنکردن:

پێدانی سیمای ( + تەن) ە بە وشەی تر وەك:

سەربەردەبازی پێتە، تەن تەختەبەندی جێتە.

دڵ مەیلی خاکی پێتە، ڕۆح ماڵی خۆتە بیبە

(نالی: ١٩٧٨:٣١٩)

لێرەدا شاعیر (ڕۆح) ی بە تەنکردووە و کردویەتی بە (بەردەباز)، چونکە شتێك تەنی نەبێت نابردێت.

B- بە ئەبستراککردن:

هەر کاتێك وشەیەك (سیمای ( - بەرهەست) لە شوێنی وشەیەك دابنرێت لە بەکارهێنانی گەرانەوەیی دا سیمای ( + بەرهەست) ی هەیە .ئەوا ئەبستراککردن روویداوە وەك:

خاڵت چییە ؟ دانەی گەنجی جەننەتی رووتە

چاوت چییە ؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەی ئەبرۆ

(نالی: ١٩٧٨:٣٨٧).

لێرەدا شاعیر (چاو) ی کردۆتە (فیتنە) بەمەش لە بەرهەستەوە کردوویەتی بە (فیتنە) کە ئەبستراکە.

C- دژواتایی (پارادۆکس):

بەکار هێنانی دوو وشەی دژیەك دەگرێتەوە وەك:

هەر چەندە کە عومری خچر و جامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو
(نالی: ١٩٧٨:٣٦٧)

لێرەدا تەمەنی درێژ و کورت لە یەك کەس کۆدەکاتەوە، بەمەش دژیەك دەوەستێت[1].

ب- لادانی واتایی لای گرایس:

بە بۆچوونی (گرایس) بنەمایەکی هاریکاری هەیە لە نێوان (قسەکەر و گوێگر)، کە ئاخاوتنەکە هەڵدەسووڕێنێ. قسەکەران هەوڵدەدەن، کە راست بڵێن و زانیارییەکی وا بدەن تا رادەیەك روون و گونجاو بێت و پێداویستییەکانی گوێگر بێنێتە دی.

بنەمای هاریکاریی نەخشە کێشانێکە بۆئەوەی ئاخاوتن شێوەی نموونەیی وەربگرێ. (گرایس) چوار بنەما دەستنیشان دەکات، کە هەر یەکەیان چەند یاسایەکی رەوشتی دەگرێتەوە:

١- چەندێتی:

بڕی زانیاری گوتنەکان دەگرێتەوە، کە دەبێ زیاد لە پێویست نەبێ.

٢- چۆنییێتی:

نابێ گومانت لە راستی گوتنەکانت هەبێ و قسەکانت بێ بەڵگە بن.

٣- گونجان:

گوتنەکانت دەبێ گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی و داوای گوێگر.

٤- شێواز:

گوتنەکەت دەبێ شێوازێکی روون و ئاشکرابێت، واتە، کورت و رێکخراو بێت و تەمومژاوی نەبێت.

پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانە، ئەوە ناگەیەنێ، هەموو کاتێ قسەکەران ئەم بنەمایانە رەچاو دەکەن. کاتێ لەم بنەمایانە لادەدەن شێوازێکی کاریگەر دێتە

(١) دلێر صادق کانەبی:٢٠٠٩:٤٣ – ٤٦

کایەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە دەوروبەری ئاخاوتنی قسەکەر و گوێگر و بیروباوەریان دەبێت[١].

١- لادان لە چەندێتی:

ئەگەر بەشداری (شاعیر) زیاد لە پێویست بێت، ئەوا ئەم لادانە لە نەزانینەوە نییە، بەڵکو بۆ مەبەستێکی قوڵتر ئەم لادانەی بەکار هێناوە، تاکو شێوازێکی کاریگەر بخوڵقێنێ وەك:

پووش لەلای حەلوایە حەتاکو پەڵۆشەی چنگ کەوێ
بای ئەدا loولی ئەدا قوتی ئەدا مانەندی حووت[٢]
(شێخ رەزا)

لێرەدا شاعیر دەیتوانێ بە دێرێك بڵێت: ئێسترەکە برسی بوو.

٢- لادان لە چۆنیەتی:

قسەی ناڕاست و بێ بەڵگە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ واقعدا ناگونجێ و بە چەند شێوەیەك دەبێت:

ا- گاڵتەکردن:

ئاخ لە دەس شۆربای سلێمان چاووش و قاوەی خلە
ئەو دەڵێ ی ئاوی گەراوە و ئەم دەڵێی نەوتی گلە[٣]
(شێخ رەزا)

لێرەدا شاعیر گاڵتە بە (شۆربای سلێمان چاووش) و (قاوەی خلە) دەکات و بە (ئاوی گەڕاو) و (نەوتی گل) دەچوێنێ، کە نەگونجاون لە گەڵ واقیعدا.

(١) اف.ار.بالمر: ١٩٨١: ٢٠٠
(٢) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ١٢٨
(٣) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ١٣٥

ب- خواستن:

خواستن لادانە لە یاسای زمان، لە پاڵ هەست و سۆزی شاعیرەوە دەردەبڕدرێت وەك:

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سپێدەی باغی سێوان[1]

(نالی)

لێرەدا شاعیر (سێو) ی خواستووە بۆ ((مەمك) کە لە شێوەی خری لەیەك دەچن و (دوگمەی سینە) ش نیشانەیە بۆ ئەم خواستنە.

ج- ئاماژە پێ کردن:

کە درکە دەگرێتەوە و ئاماژەیە بۆ شتێك یا کەسێك دەکات وەك:

نەخلی باڵات نەوبەرەیە، تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە(بۆی شیرت لە دەم دێ)، ئەم مەمەت کەی کردووە
(بۆی شیرت لە دەم دێ)، ئاماژەیە بۆ (مناڵی) کەسەکە[2].

(نالی)

د- کەمکردنەوە:

کاتێ یەکێ کارێکی گەورەی بکات و بەرامبەری بچوکی بکاتەوە. وەك:

ئەبو زەیدی دەکا ڕۆحم لەگەڵ ماچی دەمت، ئەمما
دەترسێم وەك نیشانم دا بڵێ هیچە و پەشیمانم[3]

(حاجی قادر)

واتە: گیانم وەکو (ئەبووزەید)[4] بۆ ماچی دەمت دەپاڕایەوە، لەوە دەترسێم کە گیانم نیشانی یاردا لەبری ماچەکەی بڵێ بێنرخە و هیچە. لێرەدا شاعیر وا نیشان دەدا کاێکی گەورەی کردووە، کەچی بەرامبەرەکەی کەمی دەکاتەوە.

هـ- زیادەڕۆیی:

(١) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ٧٩
(٢) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ٣٦
(٣) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ١١٩
(٤) ئەبو زەید پاڵەوانی مقاماتی حەریرییە بە شیعر سواڵیدەکرد و دەپاڕایەوە.

ئەوەیە، کە قسەکردنەکە هەڵئاوسانی واتایی تێدا بێت ووشەی هاوواتا و زیادی تیا بەکار هاتبێت. وەك:

ئەی تەلەفی گفت و گۆ، جامیعی کیزب و درۆ،
واعیزییە ئیشی تۆ، عاشقییە کاری من[1]

(نالی)

لەم دێرەدا زیادەڕۆیی هەیە، چونکە باس لە دوو وشە کراوە (کیزب) و (درۆ)، کە هاوواتان.

یان هەندێ جار زیادەڕۆیی لە قسەکردنەکاندا هەبێت. وەك:

بە تەحریکی تەلێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتن دا،
ڕەئیسی حیلەکاران شای قوماربازانە، ئەم ریشە[2].

(شێخ ڕەزا)

ئەم دێرە زیادەڕۆییەکی زۆری تێدایە، چونکە بە جووڵانەوەی تەلە ریشێك چۆن سەد هەزار کەس بە کوشتن دەچێ؟

٣- لادان لە گونجان:

ئەوەیە، کە قسە کردنەکە نەگونجێ لەگەڵ واقیع. وەك:

هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما
یا سەرسەری نوورینە کە لێی کردمە سەرما[3].

(حەریق)

لەم دێرە شیعرە (خەفەت) ناشێ (هەور)ی هەبێ و(غەم) یش (بەفر)ی نابێ و ناشتوانێ بەسەریدا بدرێ.

یان هەندێ جار دوو شتی دژیەك کۆدەکرێتەوە، وەك:

یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا

(١) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ٨٤
(٢) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ١٣٤
(٣) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ١٤٤

غەمناك و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێنا[1]

(سالم)

(غەمناك) و (شادمان) و(ڕەحمەت) و(عەزاب) شتی دژیەکن و لە گەڵ یەکدا کۆنابنەوە.

٤- لادان لە شێواز:

واتە قسەکردنەکە بە شێوازێکی لێڵ دەربڕێ، وەك لە بەکارهێنانی وشەی فرەواتا و هاوبێژ، کە لە ڕەوانبێژیدا لە ژێر ناوی (ڕەگەزدۆزی) بەکاردێت، وەك :

خەتات فەرموو کە خۆشە چین وماچین
کە ناچین لێرە، خۆشە چینی ماچین[2].

(نالی)

وشەی ( خۆشە) لەم دێرە شیعرەدا هاو بێژە و بە دوو واتا دێت (خۆشی) کە بەرامبەرەکەی ناخۆشییە و (هێشۆ)[3].

یان:

عەبەس کوردی مەلائێك دێن دەپرسن مەزهەب و دینت
کە (قادر) خۆی دەزانێ، لەسەر کام مەزهەب و دینم[4].

(کوردی)

لێرەدا وشەی (قادر) جۆرە لێڵیەکی تێدایە نازاندرێ ئاخۆ مەبەستی شاعیر (قادر)ی تەریقەیە، کە سالم خۆی لەسەری بووە، یان (شێخ عبدالقادری گەیلانی) یە ، یان (خوایە) یان ئەو (قالە) یە، کە لە شیعرەکانیدا باسی دەکات[5].

F- **لادانی شێوەزاری:**

(١) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ٥٨
(٢) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ٢١
(٣) علاءالین سجادی: خۆشخوانی: ١٩٨٦:١٢٧
(٤) محمد نوری عارف: ١٩٨١: ١١٠
(١) ابراهیم احمد شوان: ١٩٩٩:٩٤

لادانە لە زمانی زگماکی خۆی و پەنابردنە بەر زارەکانی تره وەك:

ناری سینەم گەر نەبێ

ئاوی چاوم گەر نەبێ سوتاوم ئەز

(نالی:١٩٧٨:٢٢٢).

لێرەدا شاعیر وشەی (ئەزی) بەکارهێناوە لە بری وشەی (من) ئەمەش بازدانە لە زاری ناوەراست بۆ زاری کرمانجی سەروو.

G- **لادانی شێوازی:**

ئەو لادانانە دەگرێتەوە کە لە زمانی نووسینەوە بۆ ئاوازی ئاخاوتن دەگۆرێت یان بە بەکارهێنانی فرەشێوازی لە شێوەی زمانی نووسین لابدات[١]، وەك:

ئەمرۆژە چ رۆژێکە کە عالەم شلەژاوە

فەسلی بەهار هەموو کورد خۆی لێ ئەبێ بە کاوە.

دەبینین دیرەکان شێوازێکی بازاری لەخۆ گرتووە و گوێ بە وشەی رازاوە و کوردلی پەتی نادات، بەلام مەبەست دەپێکێت کە رەخنەگرتنە لە کۆمەڵ[٢].

یان پیرەمێرد دەڵێت:

لە لام تەختی سلێمان بۆیە ئەی برد بە ئاسمان

بزانە سەلتەنەت بایە، بەقا نابێ لە انسانا.

کە وابێ گەر وەهاش بم، نەختی با بردووم لە لایە

کە بابیا، کە بابێ بێ کەبابیشم لە خورایە

مەڵێن: تۆ نەوسنی باوکم بە نانێك جەنەتی دۆران

من بەو نانە کەبابیشی لەگەڵ بوو دڵمی هەڵسوران

دەبینی لە دوا نیوەدێری دووەم گۆرانی شێوازەکە لە زمانێکی سارد و سر بۆ شێوازێکی گەرمی ناو هاورێ و خێزان گۆراوە و وازی لە بیرە فەلسەفیەکە هێناوە[٣].

H- **لادانی کاتی:**

(٢) دلێر صادق کانبی:٢٠٠٩:٤٩

(٣) محمد معروف فتاح:٢٠١٠:٤٢٢

(١) محمد معروف فتاح:٢٠١٠:٤٢٣

بریتییه له سوود وەرگرتن له وشه و زاراوەکانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی سەردەمێك كه نەماوه وەك ئەم دێرە شیعرییه فۆلكلۆرییه[1]:

خوڵایه نه به كەبرێنێ نه به سەبرێنێ

بۆخۆت گیانان دەدەی، گیان دەسێـــنی

دەبینین وشەی (كەبرێن) و (سەبرێن) كاتیان نەماوه و ئێستا بەكار نایەن.

I- **لادانی لۆجیكی:**

كاتێك ڕوودەكات كه نووسەر لەو لۆجیكه لابدات، كه بەسەر بەرهەمەكەیدا زاڵه و پەشیمان بێتەوه وەك:

وەره بنواره دوو دەستی حەناییم

حەنایی چی؟ هەمووی هەر خوێنه

(نالی:١٩٧٨:٣١٥).

لێرەدا دەتوانین بڵێین شاعیر سەرلەنوێ زمان دورست دەكاتەوه لۆجیكی ئەو جیایه لەگەڵ لۆجیكی باو.

(٢) ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٥٢

# سەرچاوەکان:

## أ- بە کوردی:

١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥) وشەی زمانی کوردی، بەغدا.
٢- ئیبراهیم ئەحمەد شوان(١٩٩٩) (قادر) لە روانگەی شیعرەکانی مستەفا بەگی کوردییەوە، گ/ کاروان، ژ/١٣٦، هەولێر.
٣- تاڤگە عمر حمە صالح (٢٠٠٩) زمان وەك داهێنانێکی تاکە کەسی لای مەحوی شاعیر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر.
٤- خانزاد علی قادر (٢٠٠٤) زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ رەزای تاڵەبانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدیین. هەولێر.
٥- دلێر صادق کانبی (٢٠٠٩) هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ/١، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٦- شێرزاد صبری علی و عەبدولسەلام نەجمەدین (٢٠١١) زمانڤانیا کارەکی، چ/١، دەزگایا سبیریز، چاپخانەیا خانی، دهوك.
٧- عبدالواحد مشیر دزەیی (٢٠٠٧) لادانی واتایی لە زمانی شیعردا، گۆڤاری اللغات، ژمارە ١٣،
٨- عبدالواحد مشیر محمود (٢٠٠٩) کاریگەری دەروونی لە بواری راگەیاندندا، چ/١، دەزگای ئاراس، هەولێر .
٩- عەبدولخالق یەعقوبی(٢٠٠١)، ئەرکی ئەدەبی زمان لە شعری کلاسیکی کوردیدا، رامان، ژ/٥٧، هەولێر.
١٠- عەبدولسەلام نەجمەدین (٢٠٠٨) شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانییەوە، چ/١، دەزگایا سپیرێز، چاپخانایا حاجی هاشم، هەولێر.
علاءالدین سجادی (١٩٨٦) خۆشخوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
١١- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی رۆژهەڵات. هەولێر.

١٢- محەممەد معروف فەتاح (١٩٨٦) دیسان ئیدیەم، پێداچونەوەی لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا.گ.کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی (١٥) بەغدا.
١٣- محەممەد معروف فەتاح (١٩٩٠) زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
١٤- محمد معروف فتاح (٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسین و شێروان میرزا، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چ/١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

## ب- بە فارسی:

١- جوليا.أس.فالك (١٣٧٧) زبان شناسي و زبان، بررسي مفاهيم بنيادي زبان ٢- شناسي، ترجمة خسرو غلاميلي زاده چاپ (پنجم)، تهران.
٣- کورش صفوی (١٣٩٠ هـ) از زبان شناسی بة ادبيات، ط/٣، المجلد الاول، طهران.
٤- محمد رضا شفيعي كدكنی (١٣٧٨)، صور خيال در شعر فارسی، چاپ/٧ تهران.

## ج- بە عەرەبی:

١- أ.ب. فولكيس، (١٩٨٦)، الأدب والدعاية. ترجمة، موفق الحمداني، دار الشؤون الثقافية، بغداد.
٢- إبراهيم محمد (١٩٨٣)، الضرورة الشعرية - دراسة أسلوبية، دار الأندلس، ط٣، لبنان: بيروت.
٣- إبراهيم محمود خليل (٢٠٠٧) النقد الأدبي الحديث: من المحاكاة إلى التفكيك، دار المسيرة، ط٢، عمان، الأردن.
٤- إبراهيم محمود خليل (٢٠٠٧)، في اللسانيات ونحو النص، دار المسيرة، عمان، الأردن.
٥- إبرهيم عبد الجواد (١٩٩٤) الاتجاهات الأسلوبية في النقد العربي الحديث، وزارة الثقافة، عمان- الأردن.
٦- ابن رشيق (١٩٧٢) العمدة، تحقيق محمد محى الدين عبدالحميد، ج/١، ط/٤، دار الجيل، بيروت، لبنان

٧- أبى إسحاق إبراهيم الحصرى القيرواني(١٩٩٦) على محمد البجادى، زهر الآداب وثمر الألباب ط/٢، دار الفكر العربي، دمشق.
٨- أبي الفرج قدامه بن جعفر(١٩٦٣)، نقد الشعر، تحقيق كمال مصطفى، مكتبة خانضى، مصر، و مكتبة المثنى بغداد.
٩- احمد أمين (١٩٨٣) النقد الأدبي، مكتبة النهضة المصرية، ط/٥ القاهرة.
١٠- أحمد حساني (١٩٩٤) مباحث في اللسانيات، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
١١- أحمد درويش (١٩٨٤). الأسلوب والأسلوبية، مدخل في المصطلح وحقول البحث ومناهجه، فصول، المجلد الخامس، العدد الأول، ص,٦١
١٢- احمد محمد ويس (٢٠٠٥) الانزياح من منظور الدراسات الاسلوبية، ط/١، بيروت.
١٣- إسماعيل ملحم (٢٠٠٣) التجربة الإبداعية، دراسة في سيكولوجية الاتصال و الإبداع، منشورات اتحاد پەرتووك العرب، دمشق.
١٤- أف، آر بالمر، (١٩٨١)، علم الدلالة، ترجمة، مجيد عبد الحليم الماشطة، مطبعة العمال المركزية، بغداد
١٥- برنرد شبلنرن (١٩٨٧)، علم اللغة والدراسات الأدبية، تر. وتع. محمود جاد الرب، (الدار الفنية).
١٦- بشرى صالح (٢٠٠١) المنهج الأسلوبي في النقد العربي الحديث، إصدار نقدي دوري عن نادي جدّة الأدبي والثقافي، مجلة: ١، ج: ,٤٠
١٧- بير جيرو (١٩٨٥) الأسلوبية والأسلوب، ترجمة: د.منذر عياشي، مركز الإنماء القومى، بيروت، لبنان.
١٨- تزفيتان تودوروف (١٩٨٧)، شعرية تودوروف، تر. شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، المغرب، ط١ الدار البيضاء، دار توبقال.
١٩- جمعة سيد يوسف، (١٩٩٠) سيكولوجية اللغة والمرض والعقلي، سلسلة عالم المعرفة، سلسلة (١٤٥)، الكويت
٢٠- جميل صليبا (١٩٧١) المعجم الفلسفي، ط ١، دار الپەرتووك اللبناني، بيروت.

٢١- جوبر عبد النور (١٩٨٤)، المعجم الأدبي، ط٢، دار العلم للملايين، بيروت.

٢٢- جون كوهين (١٩٨٦)، بنية اللغة الشعرية، تر. محمد الولي ومحمد العمري، ط١، المغرب، دار توبقال للنشر.

٢٣- جون لويس كابانيس (٢٠٠٢) النقد الأدبي والعلوم الإنسانية، تر: عبد الجليل بن محمد الأزدي، تق: عبد العزيز جسوس، ط١، مطبعة النجاح الجديدة، الدار البيضاء.

٢٤- جون لاينز (١٩٩٥)، نظرية تشومسكي اللغوية، تر. وتع: حلمي خليل، دار المعرفة، الجامعية الإسكندرية.

٢٥- جيرار جينيت (٢٠٠٠) عودة الى خطاب الحكاية،، ت: محمد معتصم، تقديم د. سعيد يقطين،، ط١، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء.

٢٦- حاتم صطر، (١٩٨٨) الشعر العربي عند نهايات القرن العشرين، تحديث النقد الشعري دار الحرية للطباعة بغداد.

٢٧- حسن غزالة (١٩٩٨)، لأسلوبية والتأويل والتعلم، مجلة: الكتاب الرياض العدد ٦٠ ديسمبر ١٩٩٨، تصدر عن مؤسسة اليمامة الصحفية. السعودية.

٢٨- حسن ناظم (٢٠٠٢) البنى الأسلوبية دراسة في (أنشودة المطر) لبدر شاكر السياب)ط/١، المركز الثقافى العربى. بيروت، لبنان، والدار البيضاء، المغرب.

٢٩- خليل إبراهيم العطية، (١٩٨٦) التركيب اللغوي لشعر السباب، دار الشؤون الثقافية العامة.

٣٠- خليل الموسى (١٩٩١)، الحداثة في حركة الشعر العربي المعاصر، ط١، مطبعة الجمهورية، دمشق.

٣١- ديل كارنجي، (د.ت)، التأثير في الجماهير عن طريق الخطابة، ترجمة، رمزي عيسى وعزت فهيم صالح، دار الفكر العربي.

٣٢- رامان سلدان (١٩٩٨)، النظرية الأدبية المعاصرة، تر: جابر عصفور، دار قباء القاهرة.

٣٣- رجاء عيد (١٩٩٣)، البحث الأسلوبي معاصرة وتراث، منشأة المعرف الإسكندرية، مصر.
٣٤- رومان ياكبسون (١٩٨٨)، قضايا الشعرية، تر: محمد الولي، الدار البيضاء.
٣٥- سالم شاكر (١٩٩٢)، مدخل إلى علم الدلالة، تر: محمد يحياتن، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
٣٦- سامي عبابنة (٢٠٠٧)، التفكير الأسلوبي: رؤية معاصرة في التراث النقدي والبلاغي في ضوء علم الأسلوب الحديث، عالم الكتب الحديث، جدارا لپەرتووك العالمي، عمان، إربد - الأردن.
٣٧- ساندريس فيلى (٣٠٠٣) نحو نظرية اسلوبية لسانيية، ترجمة خالد محمود جمعة، ط/١، دار الفكر، ديمشق.
٣٨- ستيفن اولمان (١٩٧٢)، دور الكلمة في اللغة، ت/د.كمال محمد البشر، ط/٣، منشورات مكتبة الشباب.
٣٩- سعد أبو الرضا (١٤٢٨هـ) النقد الأدبي الحديث أسسه الجمالية ومناهجه المعاصرة روية إسلامية، ط٢.
٤٠- سعيد علوش، معجم المصطلحات الأدبية، دار الكتاب اللبناني، بيروت، سوشبرس، الدار البيضاء، دط، دت، ص:
٤١- شوقى علي الزهرة (١٩٩٨) الأسلوب بين عبد القاهر و جون ميري، مكتبة الآداب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
٤٢- شفيع السيد (١٩٨٦) الاتجـــاه الأسلوبي في النقد الأدبي دار الفكر العربي، الكويت.
٤٣- شكري عياد (١٩٨٥)، اتجاهات البحث الأسلوبي، دار العلوم للطباعة الرياض.
٤٤- شكري عياد(١٩٨٨) اللغة والإبداع: مبادئ علم الأسلوب العربي.
٤٥- شكري عياد(١٩٨٢). مدخل إلى علم الأسلوب، دار العلوم للطباعة والنشر، الرياض.

٤٦- شكري محمد عياد، (١٩٨٨)، اللغة والإبداع، مبادىء علم الأسلوب العربي، ط/١. دمشق.
٤٧- صابر الحباشة (٢٠١٠) لسانيات الخطاب، الاسلوبية و التلفظ و التداولية، دار الحوار للنشر و التوزيع، اللاذقية، سورية.
٤٨- صلاح فضل (١٩٨٥)، علم الأسلوب مبادئه وإجراءاته، ط: ١، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت.
٤٩- صلاح فضل (١٩٨٧) نضريات البنائية في النقد الأدبي، ط/٣، بغداد.
٥٠- صلاح فضل (٢٠٠٢)، مناهج النقد المعاصر، ط/١ إفريقيا الشرق، الدار البيضاء، المغرب.
٥١- صلاح فضل (١٩٨٥) علم الأسلوب: مبادئه وإجراءاته، ط/٢، الهيئة المصرية العامة للكتاب،. المصر.
٥٢- صلاح فضل (١٩٩٨)، أساليب شعرية معاصرة، دار القباء، القاهرة، دط، ١٩٩٨، ص: ,١٤
٥٣- صلاح فضل، (١٩٨٥) علم الأسلوب مبادئه و إجراءاته، دار الآفاق الجديدة، بيروت.
٥٤- صلاح فضل (١٩٩٨)، النظرية النائية في النقد الأدبي، ط/١ دار الشروق، القاهرة.
٥٥- طه وادي (١٩٨٩)، جماليات القصيدة المعاصرة، ط٢، مطبعة دار المعارف مصر، القاهرة.
٥٦- عادل فاخوري، (١٩٨٩) اقتضاء في التداول اللساني، مجلة عالم الفكر، مجلد (٢٠)، عدد (٣) ج٧، كويت. ص ١٤١- ١٦٦
٥٧- عبد السلام المسدي (١٩٨٣) مع دليل ببليوغرافي، ط/١، دار الطليعة، بيروت.
٥٨- عبد السلام المسدي (١٩٧٧). الأسلوب والأسلوبية: نحو بديل ألسني في نقد الأدب، الدار العربية لپەرتووك، ليبيا/ تونس.

٥٩- عبد القادر عبد الجليل (١٤٢٢هـ)، الأسلوبية و ثلاثية الدوائر البلاغية، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الاردن.

٦٠- عبدالستار جواد، (١٩٩٨) اللغة الاعلامية، دار اللهلال للترجمة، ط/١، الاردن.

٦١- عبدالسلام المسدي (١٩٧٦). الأسلوب والأسلوبية، ط٣، الدار العربية لپەرتووك، لبنان. طرابلس.

٦٢- عبدالسلام المسدي (٢٠٠٦). الأسلوب والأسلوبية، دار پەرتووك الجديدة، ط,٥

٦٣- عبدالقادر هني، (١٩٩٧) اللسانيات البنيوية في مطلع القرن العشرين، فردينان دي سوسير نموذجا، مجلة، اللغة الأدب العدد (١١) الجزائر ص ,٢١٨

٦٤- عدنان النحوي (١٤١٩هـ) الأسلوب والأسلوبية بين العلمانية والأدب الملتزم بالإسلام، ط١، دار النحوي.

٦٥- عدنان علي رضا النحوي (٢٠٠٣). الموجز في دراسة الأسلوب والأسلوبية، دار النحوي للنشر والتوزيع.

٦٦- عزة آغا ملك (١٩٨٦)، الأسلوبية من خلال اللسانيات، مجلة الفكر العربي المعاصر، بيروت ع٣٨ آذار.

٦٧- عمرو بن بحر الجاحظ (١٩٦٨). البيان والتبيين، تحقيق: عبدالسلام هارون، ط٣ مصر.

٦٨- كمال أبو ديب (١٩٨٧)، في الشعرية، مؤسسة الأبحاث العربية، ط١ بيروت.

٦٩- محمد الأمين شيخة (٢٠٠٥)، مجلة المربد، العدد الأول، المركز الجامعي بالوادي، معهد الآداب.

٧٠- محمد الصادق العفيفى (١٩٧٨) النقد التطبيقي والموازنات، مؤسسة الخانضى، مصر.

٧١- محمد بن سعيد اللويمي (٢٠٠٥) في الأسلوب والأسلوبية مطابع الحميضي، ط/١، الرياض.

٧٢- محمد الهادي الطرابلسي (١٩٧٨). قضايا الأدب العربي: مظاهر التفكير الأسلوبي عند العرب، مركز الدراسات والأبحاث الاقتصادية والاجتماعية، الجامعة التونسية، تونس.
٧٣- محمد بن مكرم ابن منظور (١٩٨٨) لسان العرب المحيط، دار الجيل، بيروت.
٧٤- محمد عبد المطلب (١٩٩٤)، البلاغة والأسلوبية، مكتبة لبنان، ط١. لبنان.
٧٥- محمد عبد المطلب (١٩٩٥)، قراءات أسلوبية في الشعر العربي الحديث، ط/٢ دار المعارف، مصر.
٧٦- محمد عزام (١٩٨٩) الاسلوبية منهجا نقديا، وزارة الثقافة السورية، ط١، ديمشق.
٧٧- محمد عزام (١٩٩٤) التحليل الألسني للأدب، دمشق.
٧٨- محمد كريم الكوّاز (١٤٢٦هـ)، علم الأسلوب مفاهيم وتطبيقات، ط: ١، جامعة السابع من أبريل، ليبيا.
٧٩- محمد هادى مرادى& مجيد قاسمى (١٣٩١هـ٢٠١٢) الرد على منظرى انزياحية الاسلوب رؤية نقدية، مجلة اضاءات نقدية، مجلة فصلية محكمة، السنة الثانية، العدد الخامس. جامعة طباطبائى، ايران.
٨٠- مصطفى محمد وغيطاس السيوفي منى (٢٠٠٦). النقد الأدبي الحديث.
٨١- مصطفى ناصف (١٩٨١) نظرية المعنى في النقد العربي، ط/١ دار الأندلس بيروت.
٨٢- منذر عياشي(٢٠٠٢). الأسلوبية وتحليل الخطاب، مركز الإنماء الحضاري، دار المحبة، ديمشق.
٨٣- مورتون وايت (١٩٧٥)، عصر التحليل فلاسفة القرن العشرين، تر: أديب يوسف شيش، منشورات وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دمشق.
٨٤- موسى سامح ربابعة (٢٠٠٣) الأسلوبية: مفاهيمها وتجلياتها، دار الكندي، إربد.
٨٥- ميشال زكريا (١٩٨٠) الألسنية علم اللغة الحديث، المبادئ والأعلام، بيروت.
٨٦- نعيم محمد الغول (٢٠٠٤). جرح كالنهر.
٨٧- نوال محمد عطية (١٩٧٥) علم النفس اللغوي، ط/١، القاهرة.

٨٨- نور الدين السد (١٤٢٦هـ)، الأسلوبية وتحليل الخطاب (دراسة في النقد العربي الحديث)، ج:١، ط: ١، دار هومة، الجزائر.

٨٩- نور الهدى لوشن (١٩٩٥)، علم الدلالة، دراسة وتطبيقاً، ط/١، بنغازي، ليبيا.

٩٠- هنري بير (١٩٨١)، الأدب الرمزي، تر: هنري زغيب، ط١، منشورات عويدات، بيروت - باريس.

٩١- يوسف أبو العدوس (١٤٢٧هـ) الأسلوبية الرؤية والتطبيق/ط١، دار المسيرة.

٩٢- يوسف أبو العدوس (٢٠٠٧) الأسلوبية: الرؤية والتطبيق، دار المسيرة، عمان، الأردن.

٩٣- يوسف اليوسف (١٩٧٥) مقالات في الشعر الجاهلي، منشورات وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دمشق.

## د- بە زمانی ئەوروپی:


1- Dubois et Autres (---) Dictionnaire de linguistique. ELLIS،J. (1970)" On Contextual Meaning" in Bazell، C.

2- E etal (Eds) in Memory of J.R. Firth Longman.

3- François Rastier(1972) Systématique des isotopies un essai de poétique، paris. JEAN AITICHISON،(1993)" Linguistics" Great Britain.

4- Hodder dstonghton.

5- Jean Dubois et Autres (--- ) Dictionnaire de linguistique (poétique) .

6- LEECH. G. ( 1974) Sementics" London

7- Paisloy W. (1969) styding style as deviation from en coding norms. In gerdner. G. et al (eds) the analysis of communication content. n k.

8- A. J. Greimas et J. Courtés (1979) Sémiotique، Dictionnaire raisonné de la théorie du langage، Ed Hachette، Paris.

9- M. Riffaterre(---) Essais de stylistique structurale

10- Riffaterre (1971 ) Essais de stylistique structurale، Présentation et traduction de D. Delas، Flammarion، Paris .

11- Sebeak Thomas، Ed- Encyclopedic Dictionary of Semiotics Tom.

12- T. Todorov et O. Ducrot (1972) Dictionnaire Encyclopédique des sciences du langage، Ed du seuil،Paris.

## ھ- پێگەی ئەنتەرنێت:

١- الأسلوبية دراسة و تطبيق - قصيدة " إيليا أبو ماضي" نموذجا
http://www.djelfa.info/vb/showthread.php?t=222248

٢- مـفـهـوم مـصـطـلـح الاسـلـوبـيـة...
http://www.palmoon.net/2/topic-903-70.html

٣- هل ثمة فرق بين الأسلوب والأسلوبية ؟
. http://www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?t=51689

٤- ماهو الفرق بين الاسلوب و الاسلوبيه مع التوضيح؟
http://ejabat.google.com/ejabat/thread?tid=75cf4b0e758a8481

٥- مراحل تحليل النص الادبى
http://sougueur14.forums1.net/t239-topic

٦- بحث ادبي في الاسلوبية
http://www.vb.fll2.com/t38001.html

و- ئەو سەرچاوانەی نموونەم لێوەرگرتوون:

١- مارف خەزنەدار (١٩٧٧) دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، بەغدا

٢- محمد نوری عارف (١٩٨١) تێکستی ئەدەبی کوردی (هۆنراوە)، ب/١ سلێمانی

٣- ئەنوەر مەسیفی (٢٠٠٥) جارێکی تر خۆرباران، کۆواری شین، ژ: ١٥